

**ساسان عەونی لە وتارێکیدا بۆ گوڵان:**

**دەبێت نەکەوینە داوی تۆڕەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە و سۆشیال میدیا نەبێتە سەرچاوەی تێکدانی شیرازە و دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستان**

# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣١٥)- (٩)ی ئایاری ٢٠٢٢



**وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

**ئەگەر پێوەری زیرەك نەبووایە هەرگیز نەدەتوانرا کۆنترۆڵی بارودۆخی کارەبا بکرێت**

# قەیرانەکان لە لووتکەی گەندەڵیدا

## نەمانی پارە لە بانکەکانی سلێمانی

## دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن، پەکخستنی پەرلەمان






# خەباتی بێوچانی قوتابییان جێگەی سەربەرزییە

١٦

دوای دەستپێکردنی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی قوتابییانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر و قوتابخانەکانی دهۆک، بانگەوازێکمان ڕاگەیاند کە ئەمە دەقەکەیەتی:

لە/ مەسعود بارزانی و مەکتەبی سیاسی

بۆ/ جەماوەری کۆڵنەدەی کوردستان

چەند ڕۆژێکە قوتابییە شۆڕشگێڕەکانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر و قوتابخانەکانی دهۆک شێرانە دژی ڕژێمی خوێنڕێژی عەفلەقی ڕاپەڕیون. هەر وەک بارزانیی نەمر دەیفەرموو، قوتابییان سەری ڕەمن. بەڕاستی بارزانیی گەورە زۆر چاک گرینگی و دەوری قوتابییانی دەزانی و ئەمڕۆش ڕاستیی ئەو فەرموودەیە دەرکەوت.

ئێمە لە کاتێکدا کە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەش بەو قوتابییە قارەمانانە دەکەین، لە هەمان کاتدا داوا لە هەموو گەلی کوردی کۆڵنەدەر- لە جەماوەری شارو دێهاتەکان دەکەیت، پشتگیریی ئەو قوتابییە تێکۆشەرانە بکەن و نەهێڵن لەم سەنگەرەی شەرەفدا ئەوان بە تەنیا بن، هەمووتان یارمەتییان بدەن و بیانپارێزن.

هەروەها داوا لە گشت پێشمەرگە پاڵەوانەکان و ئەندامانی پارتیمان دەکەین، بەهەموو توانایانەوە، پێکەوە لەگەڵ هێزە دلێرەکانی دیکەی جود، بگەنە هاواری قوتابییە ڕاپەڕیوەکان، هەر چی زووترە زەبری کوشندە و کاریگەرتر لە دامودەزگاکانی دوژمنی گشت گەلانی عێراق و مرۆڤایەتی بدەن.

ئێمە بە دڵ و گیان لەگەڵتانین و هەموو ئازادیخوازانی جیهان لەگەڵتانن. بێگومان خەباتی بێوچانی ئێوەی خوڕاگر بۆ هەموو خەباتکەر و تێکۆشەران جێگەی سەربەرزییە، سەرکەوتنیش هەر بۆ گەلەکەمانە.

٢٥ی نیسانی ١٩٨٤

# چاپکراوی نوێ




له زنجیره(٢٣)ی کتێبه چاپکراوەکانی گۆڤاری (گوڵان)، چاپی دووەمی کتێبی (دەوڵەت.. چەمك و تیۆر) له نووسینی (سمکۆ محەمەد)ەوە بە بەرگێکی ناوازەوە له دووتوێی (٤٢٤)لاپەڕە کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەر دەستی خوێنەرانەوە.

کتێبەکە بریتییە لە خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە بۆ چەمکی دەوڵەت بە هەموو پێناسەکانییەوە، هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەو مۆدێلەی کە لەدوای نەمانی شوناسی نەتەوەیی و گۆڕانی بۆ دەوڵەتی فرەیی لە کولتوورو ڕەگەزو نەتەوەکان، فۆرمێکی دیکەی بەخشیوە، کە لە بری ئەوەی دەوڵەت کۆمپانیاکان بەڕێوەبەرێت، کۆمپانیاکان دەوڵەتانی دنیا بەڕێوەدەبەن و شانی خۆیان خاڵی کردووەتەوە لە هەموو ئیلتیزامێکی ئەخلاقی کە سیستەم دایناوە.

نووسەر لەم کتێبەدا باس لەوە دەکات کە لە ڕووی تیۆرمەوە، بگرە تا دەگاتە هەموو ستایلەکانی دەوڵەتی موناقەشە کردووە، بەڵام فۆکس خراوەتە سەر دەوڵەتی نەتەوەیی کە پێشتر داواکارییەکی گشتی بوو، لەم توێژینەوەیەدا بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان، موناقەشەی هەموو لایەنە میتۆدی و سیاسی و مێژووییەکانی ئەم چەمکە کراوە. نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامانج لەم کتێبە لە سەرەتاوە ئەوە بوو کە کورد بە گشتی ئەم چەمکەی وەکو ویستی سیاسی و نەتەوەیی لەسەر زار بوو، بەڵام کە سەری نەگرت بە هەر هۆیەکەوە بوویێت لە کاتی خۆیدا، لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەو نەتەوانەی وەکو کوردن و هەمیشە ستراتیژیی سیاسییان بە ئاراستەی دەوڵەتە، بەڵام ئیرادەی سیاسیی سەربەخۆیان نییە، چونکە درەنگ فریای ئەوە کەوتن بچنە نێو هاوکێشەی سیاسی و ببن بە لۆگۆیەك و لە ڕێگەی ئەو لۆگۆ سیاسییەوە بناسرێن.


پیرۆزبایی لە (سمکۆ محەمەد) دەکەین.. جێگەی ئاماژەیە کە نەخشەسازیی ناوەڕۆك و بەرگی کتێبەکە لەلایەن هاوکارمان (شاخەوان جەعفەر) ئەنجام دراوە.




## بڵاوكراوەكانی سەنتەری توێژینەوەو ڕاپرسیی دامەزراوەی (K24)

بەم دواییە (٣) كتێب لە سەنتەری توێژینەوەو ڕاپرسیی دامەزراوەی (K24) كەوتنە بەر دیدی خوێنەرانەوە.. دانەیەكی هەر یەكێك لەو كتێبانە گەیشتووەتە گۆڤاری (گوڵان).. وێڕای دەستخۆشی لە نووسەرانیان و كەناڵی ئاسمانیی (K24)، ئاماژە بە ناوەڕۆكی هەر یەك لەو كتێبانە دەكەین:

١- (هەرێمی كوردستان و دراوسێكانی.. چ جۆرە پەیوەندییەك؟) لە نووسینی (زوبێر ڕەسوڵ ئەحمەد)، گرنگیی ئەم كتێبە لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت، بابەتێك تاوتوێ دەكات كە چ لە بواری ئەكادیمی و زانستیدا یان لەسەر ئاستی جەماوەریدا بێت، جێگەی مشتومڕو قسە لەسەر كردنێكی زۆرە، بەڵام لە ڕاستیدا تا ئێستا وەك پێویست بەتایبەتی بە زمانی كوردی، توێژینەوەی ئەكادیمیی وردو بێلایەن لە بارەوە نەكراوە، كتێبەكە پەیوەندیی هەرێمی كوردستان لەگەڵ كۆمەڵێك وڵات تاوتوێ دەكات كە



## چاپکراوی نوێ




نزیکترینیان ئەکتەری سیاسی و هەرێمین و کاریگەرترین وڵاتن لەسەر دۆخی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان.

٢- (کورد لە هاوکێشەی ئەمریکادا) لە نووسینی (کارۆخ خۆشناو) ئەم کتێبە زنجیرە وتارێکی گرنگ لە خۆ دەگرێت، کە پەیوەستن بە ڕەهەندی سیاسیی جیهانی و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە دیپلۆماسی و سیاسی و ئابوورییەکاندا، کۆی ئەو وتارانەی لەم کتێبەدا هەن، لە ماوەی هەژدە مانگدا لە ئایاری ٢٠٢٠ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ لە سایتی فەرمیی کوردستان٢٤ دا بڵاوکراونەتەوە، نووسەری ئەم وتارانە کارۆخ خۆشناو ویستویەتی لە چەند لایەنێکەوە زانیاریی وردو دروست بە خوێنەری کورد بگەیەنێت، بەشێکی زۆری وتارەکان پەیوەستن بە ڕەهەندی سیاسی و دیپلۆماسی لە ناوخۆو دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

٣- (جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا.. هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە جیۆسیاسییەکاندا) لە نووسینی (د.نەهرۆ زاگرۆس)، بریتییە لە توێژینەوەیەك کە لە شێوەی پۆڵسی پەیپەر(Policy Paper) نووسراوە، ئەگەرەکانی ململانێی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا لێك دەداتەوە، تیشك دەخاتە سەر ئەو هۆکارانەی لە داهاتوودا ئاراستەی جەنگەکە لەنێوان ڕووسیاو وڵاتانی ناتۆ و ڕۆژئاوادا دەگۆڕن.

لە ڕوانگەی جیۆسیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، سەرلەبەری پێشهاتەکانی جەنگەکە لەسەر جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی شرۆڤە دەکات، ئامانجی سەرەکیی نووسەر ئەوەیە، کە بەرچاوڕوونییەك لەسەر جەنگەکە و ڕەهەندە مێژووییەکان و ململانێ لەنێوان زهێزە جیهانییەکان لە کۆنتێکستی ئەو جەنگەدا باس بکات. ماوەتەوە بڵێین گرافیك و دیزاینی هەر سێ کتێب لە لایەن هاوکارمان (لوقمان ڕەشیدی )یەوە ئەنجام دراوە.

سیروان محەمەد :




سەرژمێری و ئامار پرۆسەیەکی هونەرییە و دەبێت لە مەرام و مەبەستی سیاسی دوور بخرێتەوە

لۆرانس روبین :



درێژەکێشانی شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا رۆڵی ئەڵمانیا لە بەرگریکردنی لە ئاسایشی ئەورووپا زیاتر دەکات

د.نەژدەت ئاکرەیی



گرنگی و کاریگەریی هەڵبژاردن بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان

د.بێوار خنسی



کارتی نەوت و گاز لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا

مایکڵ دێش :



شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بزمارێکی دیکەیە لە تابووتی سیستمی لیبراڵیی جیهانی





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

پەروەردەکاران باسی ڕێکارەکانی ئامادەکردنی قوتابیان بۆ پێشوازی لە تاقیکردنەوەکان دەکەن



شیلان جەمال:

مندالی پەککەوتوو باری سەرشانی دایکان زۆر قورستر دەکات



ئامێرێک بۆ کەمکردنەوەی ئازار



بایەخی خۆراکیی گوێزی هیندی



دلبەر جزیری:

بە یەکگرتنی کورد خۆشحاڵ دەبم



سارا عەبدوڵڵا:

هەوڵ دەدەم لە دوای یاریزانی ببمە ڕاهێنەرێکی بە ئەزموون و خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەم






# قەیرانەکان لە لووتکەی گەندەڵیدا



# نەمانی پارە لە بانکەکانی سلێمانی
# دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن
# پەکخستنی پەرلەمان




**«بـۆ گێڕانـەوەی متمانـەی نێـوان خەڵـک و حکومـەت، باشـترین چارەسـەر ئەوەیـە خەڵـک پێشـوەختە لـە ڕاسـتییەکان ئـاگادار بـن، ئەوجـا لـە پرۆسـەی سیاسـیدا بەشـداری بکـەن.»**

تینا ناباچی . مات لینگر .
کتێبی «بەشداریی خەڵك بۆ دیموکراتیەتی سەدەی ٢١»

**یەکێک لە پرسە گرنگ و ستراتیژییەکانی ناو بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە «ڕاگرتنی گەندەڵی لە شوێنی خۆیدا و بەرزکردنەوەی داهاتی نانەوتی لە کوردستاندا»**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر ڕاشکاوانە داوای لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کرد کە هەموو وەک یەک تیم پێکەوە کار بۆ سەرخستنی یاسای چاکسازی بکەن و، لەناو حکومەت «وەزیر» وەزیری هەموو هەرێمی کوردستانە و ناکرێت بیروبۆچوونی سیاسیی حزبی تێکەڵاوی کاری حوکمرانی بکرێت**

یەکێـك لـە پرسـە گرنـگ و سـتراتیژییەکانی نـاو بەرنامـەی کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بریتـی بـوو لـە «ڕاگرتنـی گەندەڵـی لـە شـوێنی خۆیـدا و بەرزکردنـەوەی داهاتـی نانەوتـی لـە کوردسـتاندا»، ئەمـەش کرۆکیـی ئـەو بەرنامـە ڕیفۆرمییـەی پێکدەهێنـا، کە دواتر بەرزکرایـەوە بۆ پەرلەمانـی کوردستان و دوای پەسـەندکردنی بـووە یاسـای چاکسـازی بـۆ کابینـەی نۆیـەم.

لەگـەڵ دەسـتبەکاربوونی کابینەکـە، سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان زۆر ڕاشـکاوانە داوای لـە ئەندامانـی ئەنجومەنـی وەزیـران کـرد کـە هەمـوو وەك یـەك تیـم پێکـەوە کار بـۆ سـەرخستنی یاسـای چاکسـازی بکـەن و، لەنـاو حکومـەت «وەزیـر» وەزیـری هەمـوو هەرێمـی کوردسـتانە و ناکرێت بیروبۆچوونـی سیاسـیی حزبـی تێکـەڵاوی کاری حوکمڕانـی بکرێـت.

لەسـەر ئـەم ئاراسـتەیە و بـۆ جێبەجێکردنـی یاسـای چاکسـازی، کابینـەی نۆیـەم لەسـەر هەمـوو ئاسـتەکانی دارایـی و کارگێـڕی دەسـتی بە چاکسازی کرد و لە ماوەیەکی کورتدا، ڕێژەی داهاتـی نانەوتـی کـە بریتیـن لـە داهاتەکانـی «وەزارەتـی دارایـی، وەزارەتـی ناوخـۆ، وەزارەتـی کارەبـا، وەزارەتـی شـارەوانی، بەڕێوەبەرایەتییـە گشـتییەکانی تۆمـاری خانووبـەرە»، لـە هـەر دوو پارێـزگای هەولێـر و دهـۆك بـە ڕێـژەی ١٠٠٪ زیـاد بـوون، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی سەرسـامیی هەمـوو چاودێرێکـی سیاسـییە، ئەوەیـە کـە لـە هـەر دوو پارێـزگای سـلێمانی و هەڵەبجـە لـە بـری ئـەوەی بـە هاوشـێوەی هـەر دوو پارێـزگای هەولێـر و دهـۆك داهاتـی نانەوتـی زیـاد بـکات، بەپێچەوانـەوە بـە ڕێـژەی نزیکـەی ١٠٠٪ کەمـی کـردووە، ئەمـەش ڕاشـکاوانە مانـای ئەوەیـە کـە ئـەو داهاتـەی پێشـتر لـە دوای گەندەڵـی و تەخشـان و پەخشـان و قاچاخچێتـی دەگەڕایـەوە بـۆ بانکەکانـی سـلێمانی، ئێسـتا ئەوەنـدەش ناگەڕێتـەوە و، جیـا لـەوەی خانەشـین و مووچەخـۆران لـە سـەرەی وەرگرتنـی مووچـە گیـان لەدەسـت دەدەن، لـە هەمانکاتـدا ناتوانرێـت دەرمـان بـۆ نەخۆشـخانەکان دابیـن بکرێـت و، خـۆڵ و خاشـاکی سـنووری هـەر دوو پارێـزگای سـلێمانی و هەڵەبجـە کۆبکرێتـەوە.

ئـەم حاڵەتـە تـازەی لـە سـلێمانی و هەڵەبجـە دروسـت بـووە، حاڵەتێکـی جیـاوازە لـەو کاتـەی کـە تەنیـا گەندەڵـی بوونـی هەبـوو، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە پێشـتر «گەندەڵـی و قاچاخچێتـی»یـش بوونـی هەبـوو، بـەڵام بەشـێك هـەر لـە داهـات دەمایـەوە بـۆ ئـەوەی هەندێـك کاری خزمەتگـوزاری و تەواوکاریـی مووچـەی فەرمانبەرانـی پـێ تـەواو بکرێـت، بـەڵام وەك ئێسـتا بارودۆخەکـە دەبینیـن، قۆناخێکـی دیکـە لـە سـەرووی گەندەڵییـەوە دەسـتی پـێ کـردووە، کـە دەشـێت پێـی بگوترێـت قۆناخـی «فەرهـوود، یـان لوتکـەی گەندەڵـی»، ئـەم قۆناخـە ترسـناکەش کـە بووەتـە هـۆکاری ئـەوەی متمانـەی نێـوان خەڵـك و دامەزراوەکانـی حکومـەت نەمێنێـت، ئـەوا هـەر وەك هـەر دوو پرۆفیسـۆر «نیتـا ناباچـی و مـات لینگـر» لـە کتێبـی «بەشـداریی خەڵـك بـۆ دیموکراتیەتـی سـەدەی ٢١» جەختـی لەسـەر دەکەنـەوە و دەڵێـن: «بـۆ گێڕانـەوەی متمانـەی نێـوان خەڵـك و حکومـەت، باشـترین چارەسـەر ئەوەیـە پێشـوەختە خەڵـك لـە ڕاسـتییەکان ئـاگادار بـن، پێـش ئـەوەی بەشـداری لـە پرۆسـە سیاسـییەکەدا بکـەن». ئـەم دەستنیشـانکردنە وردە بـۆ گرنگیـی بەشـداریی خەڵـك و گێڕانـەوەی متمانـە لەگـەڵ حکومەتـدا،

میکانیزمێك پێشکەش دەکات کە وەك چەمکێکی سەرتاپاگیر پێناسەی «بەشداریی خەڵك لە پرۆسەی سیاسی»دا بکەینەوە، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت حکومەت تەواوی ئەو راستی و زانیارییانە بخاتە بەردەستی هاووڵاتی کە جێگەی «بایەخ و پێداویستی و پاراستنی بەهاکانی هاووڵاتیبوونە»، لەم حاڵەتەدا رێگەیەکی تازە بۆ بەشداریی خەڵك و حکومەت دەکرێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم «بەشدارییەی خەڵك کاریگەر بێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ تەواوی کێشەکان»، ئەوا دەبێت حکومەت ژێرخانێکی پتەو بۆ بەشداریی هاووڵاتیان بە رێگەی «یاسا، دامەزراوەکان، کۆمەڵەکان» فەراهەم بکات بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشتێك کە هەلی گونجاو برەخسێنێت و کۆمەڵگە لەگەڵ یەکتری پەیوەندییەکی نزیکیان هەبێت و ببنە بەشێك لە چارەسەر بۆ کێشەکان و شانازیکردن بە کۆمەڵگەی خۆیانەوە.

ئەوەی ئێستا لە قۆناخی لووتکەی گەندەڵیی هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دەبینرێت، پرسەکە ئەوە نییە «گەندەڵی هەیە، یان نە» لەبەر ئەوەی هیچ لایەك بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە نکۆڵی لەوە ناکەن کە گەندەڵی بوونی هەیە و نەتوانراوە بنبڕ بکرێت، یان لانیکەم بگاتە ئاستێکی ئەوتۆ کە بڵێن کێرڤی گەندەڵی ڕوو لە دابەزینە، بەڵکو پرسی سەرەکی لەو دوو پارێزگایە ئەوەیە خەڵك داماوە لەو ژمارانەی کە ئیدارەی هەر دوو پارێزگای « سلێمانی و هەڵەبجە» وەك ژمارە بڵاوی دەکەنەوە، کە دەکرێت لێرەدا بە زمانی ژمارە دایانبنێین:

جیاوازیی رێژەی داهاتە نانەوتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

١. داهاتی خاڵە گومرگییەکان
- لە هەولێر و دهۆك ٦٩٪
- لە سلێمانی و هەڵەبجە ٣١٪

٢. داهاتی باج
- لە هەولێر و دهۆك ٨٢ ٪
- لە سلێمانی و هەڵەبجە ١٨٪

٣. داهاتی وەزارەتی ناوخۆ
- لە هەولێر و دهۆك ٧٤٪
- لە سلێمانی و هەڵەبجە ٢٦٪

٤. داهاتی وەزارەتی شارەوانی
- لە هەولێر و دهۆك ٧٩٪
- لە سلێمانی و هەڵەبجە ٢١٪

٥. داهاتی بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکانی خانووبەرە
- لە هەولێر و دهۆك ٧٠٪
- لە سلێمانی و هەڵەبجە ٣٠٪

٦. داهاتی وەزارەتی کارەبا
- لە هەولێر و دهۆك ٧٣٪
- لە سلێمانی و هەڵەبجە ٢٧٪

ئەم رێژەیانە کە بەراوردی سەرچاوەی داهاتەکانی هەر دوو پارێزگای «سلێمانی و هەڵەبجە»ی لەگەڵ هەر دوو پارێزگای «هەولێر و دهۆك»ی پێ کراوە، دەربڕی ئەو راستییانەن کە لە زۆنی هەر دوو پارێزگای «سلێمانی و هەڵەبجە» دەسەڵاتێکی حزبی لە سەرووی دەسەڵاتی دامەزراوەکانی حکومەت «پارێزگا و یەکە کارگێڕییەکان» بوونی هەیە، ئەم راستییەش هەر دوو پارێزگاری «سلێمانی و هەڵەبجە» نەیانشاردووەتەوە و بە ئاشکرا لە میدیاکان ئاماژەیان پێ کردووە، لەو کاتەوەشی کە قەیرانەکانی قۆناخی «لووتکەی گەندەڵی» لەو ناوچەیە سەریهەڵداوە، پارێزگار و سەرۆکی ئیدارە سەربەخۆکان، بە شێوەیەکی راستەوخۆ وەك بەرپرسانی حکوومیی ئەو ناوچەیە پەیامێکی راستەوخۆیان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکردووە، هەتا ئەم قەیرانانە ببنە بەشێك لە بەرنامەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران و هەنگاوی چارەسەرکردنی بۆ هەڵبگیردرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەرپرسانی حکوومی لە هەر دوو پارێزگای «سلێمانی و هەڵەبجە «باش دەزانن کە ئەو کورتهێنانەی لە داهاتی سلێمانی و هەڵەبجە رووددات، کورتهێنانێك نییە کە پەیوەندی بە ئاستی جووڵەی بازرگانی و کۆکردنەوەی باج و داهاتەکانی دیکەوە هەبێت، بەڵکو ئەم بێدەنگییە ئەوەمان پێ دەڵێت کە لە سنووری هەر دوو پارێزگای «سلێمانی و هەڵەبجە»ش بە هاوشێوەی هەر دوو پارێزگای «هەولێر و دهۆك» رێژەی کۆکردنەوەی داهات زیادی کردووە، بەڵام ئەوەی رێگە نادات زیادبوونی ئەو داهاتە ببێتە تەواوکاری

**لە ماوەیەکی کورتدا، رێژەی داهاتی نانەوتی کە بریتین لە داهاتەکانی «وەزارەتی دارایی، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی شارەوانی، بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تۆماری خانووبەرە»، لە هەر دوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بە رێژەی ١٠٠٪ زیاد بوون**

**لە هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە لە بری ئەوەی بە هاوشێوەی هەر دوو پارێزگای هەولێر و دهۆك داهاتی نانەوتی زیاد بکات، بە پێچەوانەوە بە رێژەی نزیکەی ١٠٠٪ کەمی کردووە**

**ئەو داهاتەی پێشتر لە دوای گەندەڵی و تەخشان و پەخشان و قاچاخچییتی دەگەڕایەوە بۆ بانکەکانی سلێمانی، ئێستا ئەوەندەش ناگەڕێتەوە و، جیا لەوەی خانەشین و مووچەخۆران لە سەرەی وەرگرتنی مووچە گیان لەدەست دەدەن، لە هەمانکاتدا ناتوانرێت دەرمان بۆ نەخۆشخانەکان دابین بکرێت و، خۆڵ و خاشاکی سنووری هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە کۆبکرێتەوە**

**هیچ لایەک بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە نکۆڵی لەوە ناکەن کە گەندەڵی بوونی هەیە و نەتوانراوە بنبڕ بکرێت، یان لانیکەم بگاتە ئاستێکی ئەوتۆ کە بڵێن کێرڤی گەندەڵی روو لە دابەزینە**

**لە زۆنی هەر دوو پارێزگای «سلێمانی و هەڵەبجە» دەسەڵاتێکی حزبی لە سەرووی دەسەڵاتی دامەزراوەکانی حکومەت «پارێزگا و یەکە کارگێرییەکان» بوونی هەیە، ئەم راستییەش هەر دوو پارێزگاری «سلێمانی و هەڵەبجە» نەیانشاردووەتەوە و بە ئاشکرا لە میدیاکان ئاماژەیان پێ کردووە**

**بۆ ئەو کۆمپانییانەی کە باجی گەورە دەدەن، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە هاوشێوەی دەوڵەتی عێراق، یەک فەرمانگە هەیە و لە هەردوو پارێزگای «سلێمانی و دهۆک» ئۆفیسی خۆیان بۆ راپەراندنی کارەکانی خۆیان هەیە**

مووچەی خانەنشین و فەرمانبەران و پاککردنەوە و دابینکردنی دەرمان بۆ نەخۆشخانەکەی «سلێمانی و هەڵەبجە»، ئەو لایەنە سیاسییەیە کە دوای ئەوەی چەند خانەنشین لە سەرەی مووچەدا گیان لەدەست دەدەن، لە بری ئەوەی ویژدانیان بجووڵێت و داهاتەکە بۆ خەزێنە بگێڕنەوە، تەنیا چارەسەری بەوە دەزانن کە چەند ئەمبولانس لە بەردەم هەر بانکێکدا دابنرێن بۆ گواستنەوەی ئەو خانەنشینە بەتەمەنانەی لە بەردەم بانکەکاندا لە خۆ دەچن.

### ● نەبوونی شەفافییەت بۆ پەردەپۆشکردنی راستییەکان

لەو کاتەوەی کە قەیرانەکانی قۆناخی لووتکەی گەندەڵی لە هەر دوو پارێزگای «سلێمانی و هەڵەبجە» سەریان هەڵداوە، بەرپرسانی حزبی نەک «حکوومی» سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە میدیاکانەوە چەند چەواشەکارییەک بڵاو دەکەنەوە کە خودی تیمی «یەکێتی نیشتمانی کوردستان» لە حکومەتدا خۆی لێ ناکات بە خاوەن و هەڵوێست لەسەر ئەو چەواشەکارییانە وەرناگرێت، کێشەی سەرەکییش ئەوەیە لە هەموو ئەو بوارانەی کە داهاتی نانەوتی تێدا کۆدەکرێتەوە، وەک داهاتی «گومرگەکان، باج، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تۆماری خانووبەرە، وەزارەتی کارەبا» کە ئەمانە سەرچاوەی داهاتە نانەوتییەکانن، لە هەموویاندا دیارنەمانی پارەیەکی زۆر هەیە، ئەم رێژەیەش کە لەگەڵ هەردوو پارێزگای «هەولێر و دهۆک» و رێژەی ژمارەی دانیشتووان بەراوردی دەکەین، دەبینین ئەو ژمارانەی هەر دوو پارێزگای «سلێمانی و هەڵەبجە» ئاشکرای دەکەن، جێگەی گومان و تێڕامانێکی گەورەیە و لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین:

### ● ١. کۆکردنەوەی داهاتی باج

بۆ بابەتی کەمیی کۆکردنەوەی داهاتی باج لە سنووری پارێزگای سلێمانی، ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لەم بوارە بۆیە داهات کەمە، لەبەر ئەوەی کۆمپانیا گەورەکانی ئەو دوو پارێزگایە لە هەولێر باج دەدەن، یان بە چەکی بانکی پارە دەدەن، بۆیە سیولە لە بانکەکانی ئەواندا نییە.

سەبارەت بەم چەواشەکارییە ئەم راپۆرتە بەدواچوونی کردووە لەسەر ئەم بابەتە و گەیشتووەتە ئەم زانیارییانە:

- بۆ ئەو کۆمپانییانەی کە باجی گەورە دەدەن، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە هاوشێوەی دەوڵەتی عێراق، یەك فەرمانگە هەیە و لە هەردوو پارێزگای «سلێمانی و دهۆك» ئۆفیسی خۆیان بۆ راپەراندنی کارەکانی خۆیان هەیە.
- تەواوی ئەو کۆمپانییانەی لە پارێزگای سلێمانی تۆمارکراون و چالاکیی بازرگانییان هەیە، هەر لە ئۆفیسی سلێمانی باج دەدەن و بە هیچ شێوەیەك باجی «گەورە باجدەران» و کۆمپانیاکانی دیکەی ئەو دەڤەرە نایەنەوە بۆ هەولێر.
- هەندێك لەو کۆمپانییانەی کاری وەبەرهێنان دەکەن و مۆڵەتی دەستەی وەبەرهێنانیان هەیە وەك «فاملی مۆڵ و ماجیدی مۆڵ»، بەپێی یاسای وەبەرهێنان بۆ ماوەی ١٠ساڵ لە باجدان بەخشراون، بەڵام هەموو دووکانەکان و ئەو ریستۆرانتانەی لەو مۆڵانە کاردەکەن، راستەوخۆ باج دەدەنە ئۆفیسی سلێمانی.
- بە هیچ جۆرێك داهاتی باج بە چەکی بانکی لە کوردستاندا وەرناگیردرێت، ئەوجا ئەو باجە لە سلێمانی بێت یان لە دهۆك.
- بە پێی یاسا کارپێکراوەکان لێخۆشبوونی باج و رەسمی گومرگ لە هەموو کوردستان وەك یەك جێبەجێ دەکرێن و تەنیا پەیوەندی بە سلێمانییەوە نییە.

لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێ کردن، ئەگەر سەیری چۆنیەتی کۆکردنەوەی داهات لە هەر دوو پارێزگای «هەولێر و دهۆك» و «سلێمانی و هەڵەبجە» بکەین، دەبینین جیاوازییەکە بەم جۆرەیە:

أ- تێکرای یەك مانگی کۆکردنەوەی باج لە «هەولێر و دهۆك» ٣٥ ملیار دینار بووە کە دەکاتە ٢٥ ملیۆن دۆلار.

ب- تێکرای یەك مانگی کۆکردنەوەی باج لە «سلێمانی و هەڵەبجە» تەنیا ٧,٤ ملیار دینار بووە کە دەکاتە تەنیا ٥,١٦ ملیۆن دۆلار.

ج- ئـەم بـەراوردە بـە ڕێـژەی سـەدی دەکاتـە ئـەوەی کـە ٨٢٪ی داهاتـی کۆکردنـەوەی بـاج هـی هـەر دوو پارێـزگای «هەولێـر و دهۆکـە» و تەنیـا ١٨٪ی هـی پارێـزگای «سـلێمانی و هەڵەبجەیـە».

ئەوجـا ئەگـەر ئاماژەیـەك بـۆ ژمـارەی ئـەو کۆمپانیـا گەورانـە بکەیـن کـە لـە کوردسـتاندا کاردەکـەن، دەبینیـن بەشـی هـەرە زۆری کۆمپانیـا گـەورەکان لـە سـنووری پارێـزگای سـلێمانین و هـەر لەوێـش باجـی خۆیـان دەدەن، هەروەهـا بـە هەمـان شـێوەی هـەر دوو پارێـزگای «هەولێـر و دهـۆك» ئـەو شـوێنە بازرگانییانـە بوونیـان هەیـە کـە هەموویـان بـاج دەدەن بـە ئۆ فیسـی سـلێمانی، ئـەوەش ڕاسـتییەکی حاشاهەڵنەگرە کـە باجـەکان کۆدەکرێنـەوە، بـەڵام بـۆ ناگەڕێنـەوە بـۆ حکومـەت، ئـەوە مەسـەلەیەکی دیکەیـە و دەبێـت هاووڵاتیـان لـە ڕاسـتییەکان ئـاگادار بـن.

## ● ٢. سەرچاوەی داهاتی خاڵە سنوورییەکان

بـۆ ڕێکخسـتن و زیادکردنـی داهاتـی خاڵـە سـنوورییەکان، حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بڕیـاری دا کـە هێزێکـی هاوبـەش لـە هـەردوو وەزارەتـی «ناوخـۆ و پێشـمەرگە» دروسـت بکرێـت، بـۆ ئـەوەی کۆنترۆڵـی ئـەو خاڵـە سـنوورییانە بکرێـت و کۆتایـی بـە تەخشـان و پەخشـان و قاچاخچێتـی بهێنرێـت، بـەڵام ئـەم بڕیـارە بـە گوشـاری سیاسـیی یەکێتـی نیشـتمانی جێبەجـێ نەکـرا، سـەرۆکی ئێسـتای یەکێتیـش ماوەیـەك پێـش ئێسـتا ڕاشـکاوانە بـە میدیاکانـی ڕاگەیانـد و گوتـی: «جیاوازیـی نێـوان هەولێـر و دهـۆك لەگـەڵ سـلێمانی ئەوەیـە، لـەو دوو پارێزگایـە مافیـا نییـە و لـە پارێـزگای سـلێمانی مافیـا هەیـە، بوونـی مافیـاش ئـەم جیاوازییـە گەورەیـەی دروسـت کـردووە:

ا- تێکـڕای داهاتـی یـەك مانگـی خاڵـە سـنوورییەکانی هەولێـر و دهـۆك ٩٩ ملیـار دینـار بـووە کـە دەکاتـە ٦٨ ملیـۆن دۆلار.

ب- تێکـڕای داهاتـی یـەك مانگـی خاڵـە سـنوورییەکانی سـلێمانی و هەڵەبجـە تەنیـا ٤٥ ملیـار دینـار بـووە کـە دەکاتـە ٣١ ملیـۆن دۆلار.

ج- بـە ڕێـژەی سـەدی دەکاتـە ئـەوەی کـە ٦٩٪ی داهاتـی هەولێـر و دهـۆك بـووە و تەنیـا ٣١٪ داهاتـی خاڵـە سـنوورییەکانی سـلێمانی و هەڵەبجـە بـووە.

## ● ٣- داهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆ

وەزارەتـی ناوخـۆی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان یەکێکـە لـەو وەزارەتانـەی کـە داهاتێکی زۆر باشی هەیە و بە تایبەتی داهاتە هەمـە جۆرەکانـی بەڕێوەبەرایەتیـی هاتوچـۆ و تۆمارکردنـی ئۆتۆمبێـل و.. هتـد.

لـە نـاو داهاتـی وەزارەتـی ناوخـۆ نابێـت جیاوازییەکـی گـەورە لـە نێـوان داهاتـی سـلێمانی و هەڵەبجـە لەگـەڵ داهاتـی هەولێـر و دهـۆك هەبێـت، لەبـەر ئـەوەی هـەردوولا بـە یـەك یاسـا کاردەکـەن و ئاسـتی داهاتەکانیـش لێـك نزیکـە، بـەڵام بـا سـەیر بکەیـن بزانیـن ڕێـژەکان چۆنـن:

ا: داهاتـی یـەك مانگـی وەزارەتـی ناوخـۆ لـە هەولێـر ٢١,١٢٨ ملیـار دینـار بـووە کـە دەکاتـە ٦٩٪.

ب: داهاتـی یـەك مانگـی وەزارەتـی ناوخـۆ لـە دهـۆك ٣,٧٧١ ملیـار دینـار بـووە کـە دەکاتـە ١٢٪.

ج: کـۆی داهاتـی یـەك مانگـی وەزارەتـی ناوخۆ لـە پارێـزگای سـلێمانی و هەڵەبجە تەنیـا ٥,٨٨٧ ملیـار دینـار بـووە کـە دەکاتـە ١٩٪.

پرسـیاری سـەیر لێـرەدا ئەوەیـە کـە داهاتـی وەزارەتـی ناوخۆ لـە هـەردوو پارێـزگای سـلێمانی و هەڵەبجە شتێك لـە سـەرووی داهاتی وەزارەتی ناوخۆیـە تەنیـا لـە پارێزگایەکـی بچووکـی وەك دهـۆك، ئەمـەش ئـەو لوغزەیـە کـە خەڵکـی کوردسـتان لـە داهاتـی سـلێمانی تووشـی سەرسـوڕمانێکی گـەورە دەکات.

## ● ٤. داهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی

وەزارەتـی شـارەوانییش یەکێکـە لـەو وەزارەتانـەی کـە بـە ڕێگـەی کۆکردنـەوەی ڕسـومات و پـارەی ئـاو و مۆڵەتـی بینـا و.. هتـد، داهاتـی باشـی هەیـە و، ئەم داهاتانـەش بۆ تـەواوی پارێزگاکانی کوردستان جێگـرن و گۆڕانکاریـی گـەورە تیایانـدا ڕوو نـادات، بـەڵام ئـەو جیاوازییـە گـەورەی لـە نێوان کۆکردنەوەی داهاتی وەزارەتی شارەوانی لە هـەر دوو پارێـزگای هەولێـر و دهـۆك بـە بـەراورد بـە سـلێمانی و هەڵەبجـە هەیـە، بـەم جۆرەیـە:

**تەواوی ئەو کۆمپانیانەی لە پارێزگای سلێمانی تۆمارکراون و چالاکیی بازرگانییان هەیە، هەر لە ئۆفیسی سلێمانی باج دەدەن و بە هیچ شێوەیەک باجی «گەورە باجدەران» و کۆمپانیاکانی دیکەی ئەو دەڤەرە نایەنەوە بۆ هەولێر**

**هەندێک لەو کۆمپانییانەی کاری وەبەرهێنان دەکەن و مۆڵەتی دەستەی وەبەرهێنیان هەیە وەک «فاملی مۆڵ و ماجیدی مۆڵ»، بەپێی یاسای وەبەرهێنان بۆ ماوەی ١٠ساڵ لە باجدان بەخشراون، بەڵام هەموو دووکانەکان و ئەو ریستۆرانتانەی لەو مۆڵانە کاردەکەن، ڕاستەوخۆ باج دەدەنە ئۆفیسی سلێمانی**

**بە هیچ جۆرێک داهاتی باج بە چەکی بانکی لە کوردستاندا وەرناگیردرێت، ئەوجا ئەو باجە لە سلێمانی بێت یان لە دهۆک بە پێی یاسا کارپێکراوەکان لێخۆشبوونی باج و ڕەسمی گومرگ لە هەموو کوردستان وەک یەک جێبەجێ دەکرێن و تەنیا پەیوەندی بە سلێمانییەوە نییە**

**تێکڕای یەک مانگی کۆکردنەوەی باج لە «هەولێر و دهۆک» ٣٥ ملیار دینار بووە کە دەکاتە ٢٥ ملیۆن دۆلار**

**تێکڕای یەک مانگی کۆکردنەوەی باج لە «سلێمانی و هەڵەبجە» تەنیا ٧,٤ ملیار دینار بووە کە دەکاتە تەنیا ٥,١٦ ملیۆن دۆلار**

**بەشی هەرە زۆری کۆمپانیا گەورەکان لە سنووری پارێزگای سلێمانین و هەر لەوێش باجی خۆیان دەدەن**

**ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە باجەکان کۆدەکرێنەوە، بەڵام بۆ ناگەڕێنەوە بۆ حکومەت، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە و دەبێت هاووڵاتیان لە ڕاستییەکان ئاگادار بن**

ا: داهاتی وەزارەتی شارەوانی لەیەك مانگدا لە هەر دوو پاریزگای هەولێر و دهۆك نزیکەی ٩ ملیار دینار بووە، کە دەکاتە ٧٩٪ کۆی داهاتی وەزارەتی شارەوانی.

ب: داهاتی یەك مانگی وەزارەتی شارەوانی لە هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە تەنیا نزیکەی ٢,٥ ملیار دۆلار بووە کە دەکاتە تەنیا ٢١٪ کۆی داهاتی وەزارەتی شارەوانی. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە بۆ دەبێت ئەم جیاوازییە گەورەیە لە داهاتی وەزارەتی شارەوانی هەبێت کە بەپێی ژمارەی دانیشتووان دەبوو داهاتەکان لێك نزیك بن.

## ● ٥. داهاتەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تۆمارەکانی خانووبەرە

تۆماری خانووبەرەش یەکێکە لەو سەرچاوەی داهاتانەی کە پێویستە هاوسەنگییەك بەپێی ژمارەی دانیشتووان لە ڕێژەی کۆکردنەوەی داهاتی هەبێت، لەمەش زیاتر جووڵەی ئەم کەرتە لە کوردستان بە شێوەیەکی ڕێژەی هاوسەنگە، ئەمەش بەو مانایەی نابێت جووڵەی عەقارات لە هەولێر و دهۆك زۆر بەرز و خێرا بێت و لە سلێمانی و هەڵەبجە سست و هێواش بێت و، ئەوانەی لە بواری عەقارات لە هەر دوو پارێزگای «هەولێر و دهۆك» و «سلێمانی و هەڵەبجە» کار دەکەن و ڕیکلام بۆ کارەکەی خۆیان دەکەن، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە ئەو جووڵەیەی لەم بوارە لە هەولێر و دهۆك هەیە، هەمان جووڵەش لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەش هەیە، ئەگەر زیاتریش نەبێت، بەڵام دەبینین داهاتەکان بەم جۆرە جیاوازییان هەیە:

ا: داهاتی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تۆماری خانووبەرە لە هەولێر و دهۆك لە مانگێکدا بریتی بووە لە ٦,٧٤٥ ملیار دینار کە دەکاتە ٧٠٪ی کۆی داهاتی تۆماری خانووبەرە.

ب: لە سلێمانی و هەڵەبجە تەنیا ٢,٩١٨ ملیار دینار بووە کە دەکاتە ٣٠٪ی کۆی داهاتی خانووبەرە.

## ● ٦. داهاتی وەزارەتی کارەبا

یەکێك لەو هۆکارانەی وای کردووە داهاتەکانی «کارەبا، ئاو، باج» بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامەڵەی فەرمانگەکانی حکومەت گرێ دراونەتەوە بە سفرکردنەوەی ئەو پارانەی لەو کەرتانە لای هاووڵاتیانە، زیاد لەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەیەك داشکانی کردووە، کە ئەمەش بووەتە هاندەرێکی باش بۆ ئەوەی هاووڵاتیان ئەو قەرزانە زووتر بدەنەوە، لەم بوارەشدا بەپێی ئاماری ڕێژەی بەشداربووانی کەرتی کارەبا، ڕێژەی بەشداربووان زۆر لە یەکتری نزیکە، بەڵام جیاوازییەکەش بەم جۆرەیە:

أ: داهاتی کارەبای پارێزگای دهۆك و هەولێر لە مانگێکدا بریتی بووە لە ٢٢,٥١٤ ملیار دینار کە دەکاتە ٥٥٪ی کۆی داهاتی وەزارەتی کارەبا.

ب: داهاتی کارەبای پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە لە مانگێکدا تەنیا ١٨,٦٤٧ بووە کە دەکاتە ٤٥٪ی کۆی داهاتی وەزارەتی کارەبا.

ئەوەی لەم ژمارانە جێگەی سەرسامین، ئەوەیە کە کەمکردن و دیارنەمانی پارە لە سنووری هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە تەنیا لە یەك سێکتەر نییە، بەڵکو لە هەموو ئەو سێکتەرانەی کە داهاتی نانەوتی تێدا کۆدەکرێتەوە، دیارنەمانێکی گەورەی پارە هەیە، تەنیا ئەم کەرتەش «کۆکردنەوەی داهاتی نانەوتی» لە ژێر کاریگەریی لایەنێکی سیاسی «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان»ــە کە ئەم کێشە گەورانەی بۆ دروست دەکرێت و دەیکەنە سزایەك و سزای خەڵکی سلێمانی و هەڵەبجەی پێ دەدەن و، سەرچاوەکانی دیکەی داهات کە بریتین لە داهاتەکانی «نەوت + پارمەتیی هاوپەیمانان + ٢٠٠ ملیارەکەی عێراق» لە هەموویان شەفافانە بە ڕێژەی ٤٣٪ دەدرێتە هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ٢٠٠ ملیارەکەی عێراقیش نەبێت، ئەوا لە داهاتی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك ٤٣٪ی ئەو بڕە دەنێردرێت بۆ سلێمانی کە دەکاتە ٨٦ ملیار دینار و، لە هەر دوو مانگی یەك و دووی ئەمساڵ کە حکومەتی عێراق ئەو بڕە پارەیەی نەناردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی ٨٦ ملیارەکەی بۆ هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە ڕەوانە کردووە.

### پەکخستنی پەرلەمان و دواخستنی هەڵبژاردن کارتێکی دیکە بۆ درێژەدان بە قۆناخی لوتکەی گەندەڵی

لەسەر ئەو بنەمایەی «سیستمی پەرلەمانی» لەسەر دامەزراوە کە دەڵێت: «باشترین راستی لای دەنگدەرە»، ئەوا هەموو ئەو دەوڵەتانەی پەیرەوی سیستمی پەرلەمانی دەکەن، کێشە و قەیرانە ئابووری و سیاسییەکانیان بە رێگەی هەڵبژاردن یەکلایی دەکەنەوە، تەنانەت ئەگەر هێشتا زووش بێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەوەی بووەتە

لە بەدواداچوونێکمان بۆ ئەم راپۆرتە و سەبارەت بەوەی «بۆچی سەرۆکی پەرلەمان، پەرلەمانی پەك خستووە؟» سەردانی پەرلەمانی کوردستانمان کرد و لە نزیکەوە ئەم پرسیارەمان لەگەڵ پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان وروژاند و لێمان پرسین: ئایا پرسی پەکخستنی پەرلەمان تەنیا پەیوەستە بە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن؟ ئایا خەڵکی کوردستان کێشەی دیکەی نییە کە ئەوە بهێنێت پەرلەمان لەسەری کۆببێتەوە و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە؟ ئایا هیچ فراکسیۆنیك رێگرە لەوەی بەرنامەی



سەمەرە و جێگەی گاڵتەجاری بۆ ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەیە کە بۆ ئەوەی هەڵبژاردن نەکرێت، سەرۆکی پەرلەمان ئەو دامەزراوە گرنگەی پەك خستووە و رێگە نادات پەرلەمان بۆ قسەکردن لەسەر کێشەی خەڵك کۆببێتەوە و چارەسەرێك بۆ ئەو نەهامەتییانە بدۆزرێتەوە کە خانەنشین و مووچە خۆرانی سلێمانی و هەڵەبجە بە دەستیەوە دەناڵێنن و، هەروەها هەموو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان (بە پرۆژە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیشەوە) پەکیان کەوتووە.

کاری پەرلەمان بۆ کێشەکانی خەڵك تەرخان بکرێت؟ وەڵامی زۆربەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان ئەوە بوو، کە پەکخستنی پەرلەمان و بانگهێشتنەکردن بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان، بڕیارێکی سیاسی لە پشتەوەیە و ئەو بڕیارە سیاسییەش لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوەیە و بە حوکمی ئەوەی سەرۆکی پەرلەمانیش ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتییە بڕیاری حزبەکەی جێبەجێ دەکات، نەك لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان.

**سەرۆکی ئێستای یەکێتیش ماوەیەک پێش ئێستا ڕاشکاوانە بە میدیاکانی ڕاگەیاند و گوتی: «جیاوازیی نێوان هەولێر و دهۆک لەگەڵ سلێمانی ئەوەیە، لەو دوو پارێزگایە مافیا نییە و لە پارێزگای سلێمانی مافیا هەیە**

**لە ناو داهاتی وەزارەتی ناوخۆ نابێت جیاوازییەکی گەورە لە نێوان داهاتی سلێمانی و هەڵەبجە لەگەڵ داهاتی هەولێر و دهۆک هەبێت، لەبەر ئەوەی هەردوولا بە یەک یاسا کاردەکەن و ئاستی داهاتەکانیش لێک نزیکە**

**داهاتی وەزارەتی شارەوانی لەیەک مانگدا لە هەر دوو پارێزگای هەولێر و دهۆک نزیکەی ٩ ملیار دینار بووە، کە دەکاتە ٧٩٪ کۆی داهاتی وەزارەتی شارەوانی**

**داهاتی یەک مانگی وەزارەتی شارەوانی لە هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە تەنیا نزیکەی ٢،٥ ملیار دۆلار بووە کە دەکاتە تەنیا ٢١٪ کۆی داهاتی وەزارەتی شارەوانی**

سەبارەت بەو کێشمەکێشەشی لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان هاتووەتە ئاراوە، لە سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانمان پرسی، بۆ ئێوە وەك فراکسیۆنی زەرد دژی هەموارکردنەوەی ئەم یاسایەن، بۆ ئەوەی کوردستان بکرێتە چوار بازنە، ئەمە لە کاتێکدا هەر چەند مانگێك پێش ئێستا بە ١٢ بازنە بەشداریتان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کرد؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێی گوتین: «ئێمە هیچ پڕۆژە یاسایەکمان ڕەت نەکردووەتەوە و لە ئایندەش ڕەتی ناکەینەوە، بەڵام گوتوومانە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن ڕەهەندێکی نیشتمانی هەیە و پێویستی بە سازانە لە نێوان هەمان فراکسیۆنەکان، بەڵام ئەوان بە ئیمزای ژمارەیەك پەرلەمانتار پڕۆژەی هەموارکردنەوەی یاساکەیان پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە و بە بێ ئەوەی هەوڵ بدەن سازان لەگەڵ ئێمە بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەك ڕێگر نین بۆ ئەوەی پەرلەمان کۆببێتەوە و خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم هەموارکردنەوەیە بکات، خۆمان داوامان لە سەرۆکی پەرلەمان کردووە کە بانگەشەی کۆبوونەوەی پەرلەمان بکات و خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژەی هەموارکردنەکە بکرێت و، لەناو پەرلەمان وتووێژی لەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی پێکەوە بگەینە سازان و دەنگی لەسەر بدەین».

بۆ زیاتر ڕۆچوون لەسەر ئەم پرسە دیسان پرسیارمان لە سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد: «وەڵامی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی بۆ ئەم ئامادەباشییەی ئێوە چۆن بووە؟» لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا گوتی: «پێش ئەم دیدارەی ئێوە پێکەوە گوێبیستی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی فراکسیۆنی یەکێتی بووین و، ئەوان بە شێوەیەکی زۆر سەیر لە چەمکی «سازان» تێگەیشتوون و «سازان» بە «سەپاندن» تێگەیشتوون، لە هەموو جیهاندا کاتێك لایەنەکان دەگەنە سازان کە هەر دوولا بڕوایان بە «دانوستاندن و کۆمپرۆمایز» هەبێت، ئەمەش واتە کاتێك تۆ دەتەوێت بگەیتە سازان، ئەوا لەو پرۆسەیەدا هیچ لایەنێك ١٠٠٪ هەموو داواکانی جێبەجێ ناکرێت و، هیچ لایەنیکش ١٠٠٪ دەستبەرداری داخوازییەکانی خۆی نابێت، ڕاشکاوانەتر لە سازاندا نە براوە هەیە و نە دۆڕاو، بەڵکو خاڵێکی هاوبەش هەیە کە هەموو لایەك خۆی تێدا بە براوە دەزانێت، ئەو خاڵەش بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانە کە هەموومان پێکەوە کۆدەکاتەوە».

لە دەرەوەی پرسی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، لە چەند پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنە جیاوازەکانمان پرسی: ئایا تەنیا یاداشت، یان پڕۆژە کە بەرز کرابێتەوە بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، تەنیا پڕۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنە؟ لە وەڵامدا هەموویان یەك دوو وەڵامی هاوشێوەیان پێ داین و گوتیان «زیاتر لە ٤٠ یاداشت لەسەر کێشە و گرفتەکانی خەڵکی کوردستان بەرز کراونەتەوە بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان و داوامان کردووە پەرلەمان بۆ کێشە و گرفتەکانی خەڵك کۆببێتەوە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان خۆی بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە ئەو ئامادە نییە بانگەشە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان بکات.

لە بەرامبەر هەموو ئەم بۆچوونانەی فراکسیۆنە جیاوازەکان، فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك ئەوەی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانیان و لێدوانەکانیان بۆ میدیا گوێبیستی بووین، ئامانجیان لەم پڕۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان ئەم ئامانجانەیە:

١. دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دیاری کرد و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەباشی پیشان دا بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەکاتی خۆی دابین بکرێت و، کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش ڕایانگەیاند ماوەی شەش مانگیان بۆ خۆ ئامادەکردن پێویستە، ژمارەیەك لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان لە ڕۆژی ٢٨ی ئاداری ٢٠٢٢ پڕۆژەی

هەمواركردنـەوەی یاساكەیان پێشـكەش كـرد، بـۆ ئـەوەی ئاسـتەنگ دروست بكـەن و هەڵبـژاردن لـە كاتـی خۆیـدا نەتوانرێت ئەنجام بدرێـت، لەمـەش خراپتـر سـازانیان زیندەبەچـاڵ كـرد بـۆ ئـەوەی ئاسـتەنگەكە گەورەتـر بێـت و چارەسەرەكەشـی قورسـتر بێـت.

٢. یەكێتـی خاڵێكـی مەحاڵـی لـە پـرۆژەی هەمواركردنـەوەی یاسـای هەڵبـژاردن هەرێمـی كوردسـتان دانـاوە، ئەویـش دابەشـكردنی «كۆتـای پێكهاتەكانـە» بـە سـەر چوار بازنەییدا، ئـەم خاڵـە لەگـەڵ ئـەوەی تـەواوی پێكهاتـەكان بـە «توركمان و كلـد و سریان و ئاشـووری و ئـەرمەن»ـەوە ڕەت دەكرێتــەوە و قبــووڵ ناكرێـت، لــە هەمانكاتــدا لەگـەڵ سـتراتیژیەتی سیاسـەتی پارتـی و بیركردنـەوەی سـەرۆك بارزانـی بـۆ پێكەوەژیانـی ئاشـتییانە لـە كوردسـتان یـەك ناگرێتــەوە و، شەخسـی سـەرۆك بارزانـی ڕێگـە نـادات پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان لـە پـرۆژەی نووسـینەوەی دەسـتووری كوردسـتاندا دەخالـەت لـە مافـی پێكهاتـەكان بكرێت، بەڵكو پێكهاتـەكان خۆیان چ بـە مافـی خۆیـان دەزانـن، خۆیـان ئـازادن چـۆن دیـاری دەكـەن، ئێمـەش وەك هەرێمـی كوردسـتان دەبێت ڕێـز لەمافەكانیـان بگریـن، بۆیـە هەرگیـز ئـەوە قبـووڵ ناكرێـت بـۆ بەرژەوەندیـی تەسـكی حزبایەتـی دەسـت بـۆ پرسـێكی هەسـتیاری وا ببردرێـت كـە شـكۆی هەرێمـی كوردسـتانیش لەسـەر جیهـان لەكەدار دەكات، بێگومـان یەكێتیـی نیشتمانی زۆر باش لـە دەستبردن بۆ ئەم پرسیارە تێ دەگات، بۆیـە لـەم ڕێگەیـەوە دەیەوێت ڕێگرتـن لـە ئەنجامدانی هەڵبـژاردن لـە هەرێمـی كوردستان پەردەپـۆش بـكات.

٣. تێكـڕای فراكسـیۆنەكانی «یەكێتـی، كۆمـەڵ، یەكگرتـوو» كـە بەرژەوەندیـی تەسـكی حزبایەتییـان لەگـەڵ ئەوەیـە هەڵبـژاردن لـە كوردسـتان نەكرێـت، ئـەوا مـاوەی دوو مانگـە ئـەو هەمـوو قەیرانـەی مووچـە و پاككردنـەوە و نەبوونـی دەرمـان و پێداویسـتیی نەخۆشـخانەكان لـە سنوری هـەر دوو پارێـزگای سـلێمانی و هەڵەبجـە بوونـی هەیـە، لەبـەر ئـەوەی بـاش دەزانـن كـە هـۆكاری سـەرەكیی كێشـەكانی ئـەو دەڤـەرە چ لایەنەكـە و، بەرژەوەندیـی حزبیـان بـۆ دواخسـتنی هەڵبـژاردن لەگـەڵ ئـەو لایەنەیـە كـە «یەكێتـی نیشـتمانی كوردستان»ـە، هیـچ كام لـەو فراكسـیۆنانە داوای ئـەوە ناكـەن پەرلەمـان بـۆ ئـەو كێشـانە كۆببێتـەوە و ڕای گشـتی بـە ڕاسـتییەكان ئـاگادار بكرێتـەوە.

پرسـیاری سـەرەكی و گرنـگ لـە جەمـاوەری ئـەو حزبانـە بـە گشـتی و جەمـاوەری یەكێتـی نیشـتمانی كوردسـتان لـە سـنوری هـەر دوو پارێـزگای سـلێمانی و هەڵەبجـە ئەوەیـە، ئەگـەر وەك بەرپرسـانی حزبـی یەكێتـی بانگەشـەی بـۆ دەكـەن بـەوەی گوایـە ئـەوە حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتانە سزای هـەر دوو پارێزگای سـلێمانی و هەڵەبجە دەدات، باشـە بـۆ ناپرسـن: خـۆ سـەرۆكی پەرلەمانـی كوردسـتان ئەندامـی سـەركردایەتیی یەكێتـی نیشـتمانی كوردسـتانە و بەپێـی یاسـا بـۆی هەیـە لێپرسـینەوە لـە حكومـەت بـكات و بانگهێشتی پەرلەمانیان بكات، بۆ ئەوەی خەڵكی كوردسـتان بـە باشـی لـەو ڕاسـتییە تـێ بـگات، كـە كێیـە سـزای خەڵكـی سـلێمانی و هەڵەبجـە دەدات؟ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە لـە نارەزایەتیـی ئـەو پێشـمەرگە دێرینـە خانەنشـیانە هەڵدەهنجیـن كـە ڕاشـكاوانە بـە سـەركردایەتیی حزبەكەیـان گـوت: ئیسـتا ڕاسـت و دروسـت پێمـان بڵێـن ئێـوە بەشـدارن لـە حكومـەت، یـان ئۆپۆزسـیون؟ ئەگـەر بەشـدارن لـە حكومـەت كێشـەكان چارەسـەر بكـەن، ئەگـەر بێدەسەڵاتیشـن لـە حكومـەت بكشـێنەوە و ڕاسـتییەكانمان پـێ بڵێـن.

ئـەم واقیعـە تاڵـەی ئێسـتای قەیرانـی نەمانـی پـارەی بانكـەكان و ڕاوەسـتانی پڕۆژەكانـی خزمەتگـوزاری كـە هـەردوو پارێـزگای سـلێمانی و هەڵەبجە بە خۆیـەوە دەبینێت، واقیعێكە شایستەی خەڵكـی تێكۆشـەری ئـەو دەڤـەرە قارەمانـە نیـن و، دەبێـت هەمـوو لایـەك هـاوكار بـن بـۆ ئـەوەی ئـەو قەیرانانـە تێپەڕێـت و چارەسـەرێك بـۆ ئـەو واقیعـە تاڵـە بدۆزرێتـەوە و هەوڵێـك هەبێـت بـۆ ئـەوەی متمانـە لـە نێـوان خەڵـك و دامەزراوەكانـی حكومـەت لـەو دەڤـەرە دووبـارە دروسـت ببێتـەوە، هەنـگاوی جـدی و پراكتیكییـش بـۆ گێڕانـەوەی ئـەو متمانەیـە لـەو خاڵـەوە دەسـت پـێ دەكات كـە جەمـاوەری كوردسـتان بـە گشـتی و جەمـاوەری دەڤـەری سـلێمانی و هەڵەبجـە بـە تایبەتـی زۆر بـاش ڕاسـتییەكانیان بخرێتـە بەردەسـت بـۆ ئـەوەی زەمینـەی بەشـداریكردنیان بـۆ چارەسـەركردنی كێشـەكان فەراهـەم بێـت.

**حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕێژەیەك داشكانی كردووە، كە ئەمەش بووەتە هاندەرێكی باش بۆ ئەوەی هاووڵاتیان ئەو قەزرانە زووتر بدەنەوە، لەم بوارەشدا بەپێی ئاماری ڕێژەی بەشداربووانی كەرتی كارەبا، ڕێژەی بەشداربووان زۆر لە یەكتری نزیكە**

**كەمكردن و دیارنەمانی پارە لە سنووری هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە تەنیا لە یەك سێكتەر نییە، بەڵكو لە هەموو ئەو سێكتەرانەی كە داهاتی نانەوتی تێدا كۆدەكرێتەوە، دیارنەمانێكی گەورەی پارە هەیە**

**پەكخستنی پەرلەمان و بانگەشەنەكردن بۆ كۆبوونەوەی پەرلەمان، بڕیارێكی سیاسی لە پشتەوەیە و ئەو بڕیارە سیاسییەش لەلایەن یەكێتیی نیشتمانی كوردستانەوەیە و بە حوكمی ئەوەی سەرۆكی پەرلەمانیش ئەندامی سەركردایەتیی یەكێتییە بڕیاری حزبەكەی جێبەجێ دەكات، نەك لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی خەڵكی كوردستان**

### کەمال محەمەد ساڵح
### وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# بە گۆڕینی سووتەمەنی لە گازوایلەوە بۆ گاز و هەمووارکردنی گرێبەستەکان و پێوەری زیرەک تێچوون و بەفیڕۆدانی کارەبا کەم بووەوە

## لەمساڵدا چەندین پرۆژەی نوێی کارەبا جێبەجێ دەکەین

کارەبا بە یەکێك لەو سێکتەرە گرنگانە دادەنرێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیانی هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگە و باروبژێوی هاووڵاتیان و ئابووریی هەرێمەوە هەیە، ئەم سێکتەرە ژیارییە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وێڕای قەیرانی دارایی و کۆرۆنا، بەڵام لەلایەن وەزارەتی کارەباوە هەنگاوی گەورە و پراکتیکی نراوە بۆ بونیاتنانی ژێرخانی کارەبا و بەرەوپێشچوونی سێکتەرە جیاجیاکانی (بەرهەمهێنان- گواستنەوە- دابەشکردن)، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم سێکتەرانە و پرۆژە و هەنگاوەکانی وەزارەتی کارەبا بۆ باشکردنی دۆخی کارەبا، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان ساز دا.



*** بەو پێیەی ئێوە شارەزایی و ئەزموونتان لە بواری کارەبادا هەیە، سەرەتا دەکرێت بزانین لەم کابینەیەدا چی لەم کەرتە گرینگەدا ئەنجام دراوە؟**

- خۆشحاڵم کە بە پوختی و کورتی باسی گرنگترین کار و پرۆژە و چالاکییەکانی وەزارەتی کارەبا بکەم، کە لەم کابینەیەدا بە پاڵپشتیی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ستافەکەی لە ئەنجومەنی وەزیران و، بە ماندوویی نەناسیی فەرمانبەرانی کارەبا ئەنجام دراوە:

لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا توانیومانە ٦١٥ مێگاوات کارەبا زیاد بکەین و بە سەرکەوتوویی وێستگەی هەڵمیی ٣٠٠ مێگاواتی خەبات بەگەڕ بخەین کە دۆستی ژینگەیە، سوودوەرگرتن لە گازی بەفیڕۆچووی کێڵگەی گەرمیان بە توانای ١٦٥ مێگاوات کارەبا دەستکەوتێکی دیکەی وەزارەت بووە، ئەمە جگە لە چەندین پرۆژەی دیکە کە لە بواری جێبەجێکردندان، وەك: وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی وزەی خۆر بە توانای ٧٥ مێگاوات و، وێستگەی دێرەلۆك بە توانای ٣٧ مێگاوات کە لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا یەکەیەکی ئەو وێستگەیە دەکرێتەوە، هەروەها بەگەڕخستنی وێستگەی کارەبای تاسلوجە بە توانای ٥١ مێگاوات کارەبا، کە لە کۆتاییەکانی مانگی ٥ی ئەمساڵ ئیشی پێ دەکرێت، ئەگەر بەراوردێك بکەین لە دەستپێکی کابینەکەدا کە توانای بەرهەمهێنانمان ٢٦٨٣ مێگاوات کارەبا بووە، لەگەڵ ئێستادا لە چوار مانگی ئەمساڵی ٢٠٢٢ کە توانای بەرهەمهێنانمان گەیاندووەتە ٣٣٢١ مێگاوات کارەبا، ئەوا جیاوازییەکە بە ڕوونی دەبینین، بە سوپاسەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای مانگی چواری ئەمساڵدا بڕی ٧٥ ملیۆن دۆلاری وەکو شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا خەرج کرد، بەمەش کاری سیانە و چاکسازیی یەکەکانی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە زۆربەی وێستگەکاندا ئەنجام دران، کە بۆ خۆئامادەکردن بۆ وەرزی گەرمای ئەمساڵ زۆر پێویستن. بە شێوەیەکی گشتی توانای بەرهەمهێنانی کارەبامان گەیاندووەتە ٧٠٥٢ مێگاوات و بە تەواوبوونی وێستگەکانی دیکەی هایدرۆپاوەر و وزەی خۆر و زیادکردنی توانای وێستگە گازییەکان، ئەم توانایە زۆر بەرزتر دەبێتەوە. لە کەرتی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەباشدا هەنگاوی گەورە نراوە، کە ڕۆڵی هەبووە لە باشکردنی ژێرخانی کارەبادا، ئێمە لەم کابینەیەدا تۆڕی کارەبای پارێزگای دهۆکمان بەستەوە بە تۆڕی کارەبای نیشتمانیی کوردستانەوە، لە هێڵێکەوە بۆ دوو هێڵی پاڵەپەستۆی بەرز کارەبای سۆرانمان بەهێزتر کردووە و، دوو هێڵی گەورەی پاڵەپەستۆی بەرزی بازیان- ڕانیە و تانجەرۆ- سەیدسادق- هەڵەبجە ڕێژەیەکی زۆری تەواو بووە، ئەمە جگە لەوەی وەزارەتی کارەبا توانی بە دەیان وێستگەی کارەبای گەورە و مۆبایل لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان دامەزرێنێت، کە تەنیا لە پارێزگای هەولێر زیاتر لە ١٦ وێستگەی دابەشکردنی کارەبا و وێستگەی مۆبایلمان دامەزراندووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ تەنیا ٢١ وێستگەی مۆبایلمان هەبوو، بەڵام ئێستا ئەو ژمارەیە بووەتە ١٣١ وێستگەی مۆبایل، لە کەرتی دابەشکردنی کارەبا لەگەڵ فراوانبوونی شاروشارۆچکەکانی کوردستان، بە دەیان هەزار کیلۆمەتر تۆڕی کارەبامان گەیاندووەتە گەڕەك و ناوچە ئاوەدانکراوەکان، لە هەمووشی گرنگتر لەم نزیکانەدا بە سەرکەوتوویی توانرا پرۆژەی پێوەری زیرەك دابمەزرێنین.

*** باسی بەرهەمهێنانی کارەبات کرد بە وزە نوێبووەکان، کە وێڕای ئەوەی دۆستی ژینگەیە، لە بەرهەمهێنانی کارەباشدا تێچوویەکی کەمتری دەوێت، لەم بارەیەوە چی کراوە؟**

- بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزە نوێبووەکان هەنگاوێکی گرنگی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەوەی ڕوو لەو وێستگانە بکەین کە دۆستی ژینگەن و بە وزە نوێبووەکان دادەنرێن، لە ئێستادا ژمارەیەك لەو وێستگانەی کارەبا کە دۆستی ژینگەن لە کاردان، لەوانە ٥٠٠ مێگاوات کۆمبایندسایکلی وێستگەی ماس لە هەولێر و ٥٠٠ مێگاوات کۆمباین سایکلی وێستگەی ماس لە سلێمانی و ١٦٥ مێگاوات کارەبای

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای مانگی چواری ئەمساڵدا بڕی ٧٥ ملیۆن دۆلاری وەکو شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا خەرج کرد، بەمەش کاری سیانە و چاکسازیی یەکەکانی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە زۆربەی وێستگەکاندا ئەنجام دران**

**توانای بەرهەمهێنانی کارەبامان گەیاندووەتە ٧٠٥٢ مێگاوات و بە تەواوبوونی وێستگەکانی دیکەی هایدرۆپاوەر و وزەی خۆر و زیادکردنی توانای وێستگە گازییەکان، ئەم توانایە زۆر بەرزتر دەبێتەوە**

**لە ساڵی ٢٠٠٤ تەنیا ٢١ وێستگەی مۆبایلمان هەبوو، بەڵام ئێستا ئەو ژمارەیە بووەتە ١٣١ وێستگەی مۆبایل**

**بە دەیان هەزار کیلۆمەتر تۆڕی کارەبامان گەیاندووەتە گەڕەك و ناوچە ئاوەدانکراوەکان، لە هەمووشی گرنگتر لەم نزیکانەدا بە سەرکەوتوویی توانرا پرۆژەی پێوەری زیرەك دابمەزرێنین**

وێستگەی گازی بەفیڕۆچووی کێڵگەی نەوتی گەرمیان و، بەشێکی ٤٠٠ مێگاواتی وێستگەی هایدرۆپاوەری دووکان و، بەشێکی ٢٤٩ مێگاواتی وێستگەی هایدرۆپاوەری دەربەندیخان، کە بەداخەوە ئەم دوو وێستگە کارۆئاوییە بە هۆی نەبوونی ئاوەوە تەنیا ٥٧ مێگاوات کارەبای لێ بەرهەم دەهێنرێت، ئەمە وێڕای بەرهەمهێنانی کارەبا بە رێگەی کارۆئاوی کە بە وێستگەکانی وزەی کینێتیك لە زاخۆ و سۆران و ڕاپەرین و گەرمیان بە توانای ٣٠٠ مێگاوات، لە ڕووی بەرهەمهێنانی کارەباش بە وزەی خۆر، سێ وێستگەی کارەبا بە توانای ٧٥ مێگاوات کارەبا لە پارێزگا هەولێر و سلێمانی و دهۆك، هەروەها وێستگەی بازیان بە توانای ٥٠٠ مێگاوات و وێستگەی ٢٩ مێگاواتی دهۆك و چەند وێستگەیەکی دیکە لە ئەمساڵدا تەواو دەبن، بەمەش دوای تەواوبوونی سەرجەم ئەم پرۆژانە کە شەش پرۆژەی نوێی بەرهەمهێنانن بە توانای ٦٧٦ مێگاوات کارەبا زیاد دەبێت و توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان زۆر زیاد دەبێت، کە تەنیا ئەو وێستگانەی دۆستی ژینگەن تواناکەیان دەگاتە ٣٥٢٥ مێگاوات کارەبا.

وەزارەتی کارەبا گرنگییەکی زۆری بە وزە نوێبووەکان داوە و چەندین تەندەر و گرێبەست ئامادەکراوە و هەندێکیان چوونەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، تەنانەت لە یاسای نوێی وەزارەتی کارەبادا بڕگەی سوودوەرگرتن لە وزە نوێبووەکان جێگای کراوەتەوە و پاڵپشتی کەرتی تایبەتیش دەکەین تا لە بواری وزە نوێبووەکاندا وەبەرهێنان بکەن.

*** گۆڕینی سووتەمەنیی وێستگەکانی کارەبا لە گازوایلەوە بۆ گازی سرووشتی تا چەند سوودی بۆ کەمکردنەوەی تێچوون و خەرجییەکانی حکومەت هەبووە؟**

- زۆربەی هەرە زۆری یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبامان لە گازوایلەوە (کە تێچوونێکی زۆری هەبوو) گۆڕی بۆ بەکارهێنانی گازی سرووشتی، بەمەش بوودجەیەکی زۆرمان لە کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ گەڕایەوە، نرخی تێچوونی یەکەی کارەبامان کەم کردووەتەوە، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٨ تێچوونی یەکەیەك بە دینار ١٢٨ دینار بوو، لە ساڵی ٢٠٢٠ توانیمان تێچوونەکەی بەدینار بۆ ٧١ دینار کەم بکەینەوە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی کارەبا لە ٤٥٪ بۆ ٣٤٪ بۆ ئەوەی بتوانین تەواوی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و یەکەکانی بخەینەکار، لە دانوستان و گفتوگۆداین لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، بۆ بەرزکردنەوەی توانای دابینکردنی گازی سرووشتیی زیاتر، بە تایبەتی ڕاکێشانی بۆریی گاز بۆ وێستگەی کارەبای دهۆك، هەروەها چاوخشاندنەوەمان بە سەرجەم گرێبەستەکانی کڕینی وزەی کارەبا لە وەبەرهێنەکان کردووە. بە هەموو ئەو پێداچوونەوە و هەموارکردنەی گرێبەستەکانی کڕینی کارەبا، پارەیەکی زۆرمان بۆ گەنجینەی حکومەت گەڕاندووەتەوە، بۆ نموونە: بۆ هەر مێگاواتێك کارەبا لە کۆمباین سایکڵ ١٨ دۆلار هاتە خوارەوە، پێداچوونەوە بە زۆر بڕگەی دیکە کراوە، لەوانە پێشتر حکومەت ئیلتیزاماتی قەرەبووکردنەوەی کارنەکردنی یەکەکانی لەسەر بوو، ئەوە زۆر کەم کرایەوە، بەرهەمهێنانی کارەباش لە وێستگەی خەبات تێچوونێکی زۆر کەمی هەیە.

هەر سەبارەت بە گرنگیی گاز لە ڕووی کەمیی تێچوون و ژینگەوە، ئێمە لە وێستگەکانی (هەولێر و چەمچەماڵ و خۆرمەڵە و دهۆك و بازیان) ٣٤ یەکەی بەرهەمهێنانی کارەبامان هەیە، ئەو بڕە گازەی لە بەردەستدایە توانای ئیشپێکردنی ٢٢ یەکەی هەیە، واتا ١٢ یەکەی بەرهەمهێنان بە توانای زیاتر لە١٥٠٠ مێگاوات حازرن، بەڵام لەبەر نەبوونی گازی پێویست کار ناکەن.

*** پێوەری زیرەك تا چەند گرفتەکانی بارزۆری و سەرپێچیی لەسەر تۆڕی کارەبای نیشتمانی چارەسەر کردووە و، بۆچی لە هەندێك شوێن ڕێگری لە بەستنی پێوەری زیرەك کرا؟**


- ئەگەر پێوەری زیرەك نەبوایە ئێستا لەگەڵ هەڵکشانی خواست و فراوانبوونی شاروشارۆچکەکان و دامەزراندنی ئەو هەموو کارگە و ناوچە پیشەسازی و کشتوکاڵی و، دروستکردنی دەیان یەکەی نیشتەجێبوونی

**لە یاسای نوێی وەزارەتی کارەبادا بڕگەی سوودوەرگرتن لە وزە نوێبووەکان جێگای کراوەتەوە و پاڵپشتی کەرتی تایبەتیش دەکەین تا لە بواری وزە نوێبووەکاندا وەبەرهێنان بکەن**

**زۆربەی هەرە زۆری یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبامان لە گازوایلەوە (کە تێچوونێکی زۆری هەبوو) گۆڕی بۆ بەکارهێنانی گازی سرووشتی، بەمەش بوودجەیەکی زۆرمان لە کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ گەڕایەوە**

**ئەو بڕە گازەی لە بەردەستدایە توانای ئیشپێکردنی ٢٢ یەکەی هەیە، واتا ١٢ یەکەی بەرهەمهێنان بە توانای زیاتر لە١٥٠٠ مێگاوات حازرن، بەڵام لەبەر نەبوونی گازی پێویست کار ناکەن**


**پێوەری زیرەک ونبوونی وزەی کارەبای کەم کردووەتەوە و سەرپێچیەکانی دەستنیشان کردووە و، تیمەکانی نەهێشتنی سەرپێچیەکانیش بەردەوامن لە سزادانی ئەوانەی سەرپێچی دەکەن**




زیادبوونی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کابینەی نۆیەم

وەبەرهێنانەدا، بارودۆخمان زۆر خراپ دەبوو، سووتانی محاویلە و سەرە محاویلە و کوژانەوە و پچڕانی کارەبا زۆر کەم بووەتەوە، تا ئەمڕۆ زیاتر لە ١,٢٤٠,٠٠٠ پێوەری زیرەك کە دەگاتە لە ٨٧٪ی پرۆژەکە تەواو بووە، پێوەری زیرەك ونبوونی وزەی کارەبای کەم کردووەتەوە و سەرپێچیەکانی دەستنیشان کردووە و، تیمەکانی نەهێشتنی سەرپێچیەکانیش بەردەوامن لە سزادانی ئەوانەی سەرپێچی دەکەن، ئەو پرۆژەیە بە بێ بەرامبەر بۆ هاووڵاتیان دانرا، واتا پارەی پێوەرەکەش وەرنەگیرا لە هاووڵاتیان و دادپەروەریی بە دابەشکردنی کارەبا داوە، لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە پسوولەی کارەبامان ڕێك خستووەتەوە و توانیومانە مانگانە پسوولە بگەیەنینە هاوبەشانی کارەبا و، سایتی پسوولەمان بۆ هاوبەشانی کارەبا دانا، ئێمە لە سایەی پێوەری زیرەکەوە بە دەیان هەزار سەرپێچیمان بڕیوە و لە داهاتووشدا چەندین کوالێتی دیکەی ئەم پێوەرە دەخەینە کار. پرۆژەکە لە بەڕێوەبردنی سیستەمی کارەبا و کۆنترۆڵکردن و دابەزینی بارزۆری بە سەر فیدەر و محاویلە و تۆڕی کارەبا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، بە تەواوبوونی پرۆژەکەش دەتوانین بە شێوەیەکی دادپەروەرانەتر خزمەتگوزاری پێشکەشی هاوبەشانی کارەبا بکەین. هاووڵاتیان پێویستە ئەو ڕاستییە بزانن لە ساڵی ٢٠١٨ کاتێك بە تێکڕا ١٤:١٠ کارەبا درا ئەو کات ژمارەی هاوبەشانی کارەبا ١،٤٤٨،٢٨٩ بووە، لەم سێ ساڵ و نیوەدا ئەم ژمارەیە بەرزبووەتەوە بۆ ١،٧٧٠،٥٠٣، کە لە چوار مانگی ئەمساڵدا کە شەپۆلێکی سەرما ڕووی لە هەرێم و ناوچەکە کرد، توانرا ١٣:٣٩

**ئەگەر پێوەری زیرەک نەبووایە هەرگیز نەدەتوانرا کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکرێت، کەمکردنەوەی پێدانی کارەبا لە ٤٠ ئەمپێرەوە بۆ ٣٠ ئەمپێر سوودێکی یەکجار زۆری هەبوو**




زیادبوونی ژمارەی هاوبەشانی کارەبا

میگاوات کارەبا بە تێکڕا بدرێت و لە مانگی چوار ١٨ کاتژمێر و لە مانگی پێنج ئەم ژمارەیە دەمێنێت و هەموو هەوڵیش دەدەین بۆ مانگەکانی هاوینی ئەمساڵ بە پێی ئەو توانایەی لە بەردەستماندایە، کاتژمێری زیاتری کارەبا بە هاووڵاتیان بدەین، بەمەش وێڕای بەرزبوونەوەی توانای بەرهەمهێنان، بەڵام خواستیش بە شێوەیەکی پێوانەیی ڕووی لە هەڵکشان کردووە، بەتایبەتی لەگەڵ فراوانبوونی شاروشارۆچکە و، زیادبوونی ژمارەی پرۆژەکان، خۆ ئەگەر پێوەری زیرەك نەبووایە هەرگیز نەدەتوانرا کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکرێت، کەمکردنەوەی پێدانی کارەبا لە ٤٠ ئەمپێرەوە بۆ ٣٠ ئەمپێر سوودێکی یەکجار زۆری هەبوو.

بە شێوەیەکی گشتی باشبوونی ڕەوشی کارەبا پەیوەندیی بە کۆمەڵێك فاکتەرەوە هەیە، لەوانە بوونی بودجەی پێویست و پێدانی شایستە دارایییەکانی کۆمپانیاکان و، بوونی سووتەمەنیی پێویست و کەمئاوی لە هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان و، بەرزبوونەوەی خواست بە شێوەیەکی زۆر خێرا و بڕینی سەرپێچیەکان، وا بڕیارە وەکو پلانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە ساڵی ٢٠٢٣ دا بەرهەمهێنانی گاز بە بڕی ٢٠٠ پێ سێجا زیاد بکرێت، بەمەش دەتوانین ١٠٠٠ مێگاوات کارەبای دیکە بەرهەم بهێنین، ئەوەی بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کارەبا گرنگە بەگەڕخستنی وێستگەی گازی دهۆکە، ئەگەر بۆڕیی گازی بۆ ڕابکێشرێت، دەتوانین ١٠٠٠ مێگاوات کارەبای ئەو وێستگەیە بەرهەم بهێنین.

**وا بڕیارە وەکو پلانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە ساڵی ٢٠٢٣ دا بەرهەمهێنانی گاز بە بڕی ٢٠٠ پێ سێجا زیاد بکرێت، بەمەش دەتوانین ١٠٠٠ مێگاوات کارەبای دیکە بەرهەم بهێنین**



سیروان محەمەد

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرژمێری و ئامار پرۆسەیەکی هونەرییە و دەبێت لە مەرام و مەبەستی سیاسی دوور بخرێتەوە

**عێراق و هەرێمی کوردستان لە ١٩٨٧ ـەوە تا ئێستا سەرژمێری تێدا ئەنجام نەدراوە و کۆتا جار لە٢٠٢٠ بە بەرنامەیەکی تایبەت بە خەمڵاندن ئامارێکی دانیشتووان کراوە. بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی ژمارەی دانیشتووان بەپێی ناوچە و پارێزگا و پێکهاتەکان و وردەکارییەکانی دیکەی ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ سیروان محەمەد سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.**

*** وێڕای گرنگیی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان کەچی تا ئێستا ئەم پرۆسە گرنگە ئەنجام نەدراوە، ئایا لە ئێستادا پشت بە چ پێوەرێك بۆ ژمارەی دانیشتووان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان دەبەستن؟**

- سەبارەت بە تەوەری یەکەمی پرسیارە، دیارە لە عێراق لە ساڵی ١٩٨٧ـەوە سەرژمێری ئەنجام نەداوە، ئەو سەرژمێرییەی لە ساڵی ١٩٩٧ ئەنجام درا، لە دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەوڵی سەرژمێریی گشتی داوە و لە ساڵی ٢٠٠٩ هەوڵەکان چڕ بوونەوە بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەم سەرژمێرییە، بەداخەوە بابەتی سەرژمێرییەکە نەکرا و تێکەڵ کرا بە بابەتی سیاسی. لە ساڵی ٢٠١٠ هەوڵێکی دیکە درا، تەنیا پرۆسەی خۆئامادەکردن ئەنجام درا کە پرۆسەی ژمارەدانان و گەمارۆسازی بوو، هەمووشتان دەزانن لە شەڕی داعشدا پرۆسەکە نەدەکرا جێبەجێ بکرێت. ئەم حاڵەتە تا ساڵی ٢٠١٩ درێژەی کێشا و تا بڕیاری سەرژمێریی گشتی دەرچوو، ئەمەش دوای ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوەی ڕاوێژکاریی نێوان هەردوو وەزارەتی پلاندانانی عێراق و پلاندانانی هەرێمی کوردستان، لە کۆتاجاردا بە هاوبەشی ئێمە لە دەستەی ئاماری هەرێم و ئەوان لە دەزگای ئاماری عێراق ڕاپۆرتێکمان بڵاوکردەوە، بەوەی ژمارەی دانیشتووانی پێشبینیکراوی خەمڵێنراو تا ٢٠٢٠ دەر بکەین لەسەر ئاستی پارێزگاکان، ئەمە پێی دەوترێت ژمارەی خەمڵێنراوی دانیشتووان لەسەر بنەمای پرۆسەی ژمارەدانان و گەمارۆسازی، لە ساڵی ٢٠٢١ بە باشمان زانی لەبەر ئەوەی سەرژمێری نەکراوە و دواخراوە، ژمارەکە نوێ بکەینەوە، ئێمە لە دەستەی ئامار ڕێککەوتنمان لەگەڵ سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان کردووە و ڕاپۆرتێکی دیکەمان بەناوی ڕاپۆرتی «داینامیکیەتی دانیشتووان» دەرکردووە.

لە ٢٠١٩ دەستمان بەم پرۆسەیە کرد، کە پشتمان بە داتاکانی پێشووی دوای ٢٠١٣ بەستبوو، کە دوو ڕووپێوی زۆر گرنگی تێدا بوو لەسەر ڕووپێوی دیمۆگرافیا لە ٢٠١٧ و هەروەها ڕووپێوی هێشووی فرەنیشاندەر کە لە ٢٠١٨ ئەنجام درا و تایبەت بوو بە منداڵ و ئافرەتان، بە تایبەتی ئافرەت لە تەمەنی ١٥ بۆ ٤٩ ساڵ و مردنی منداڵی ساوا و مردنی منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵ و چەندین نیشاندەری دیکەی تێدا بوو، ئەوە بوو لە ڕێوڕەسمێکدا ژمارەی دانیشتووانمان تا ساڵی ٢٠٤٠ ڕاگەیاند و پێشبینی دەکەین ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بگاتە ٨ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار کەس، ئەم ژمارەیەش ئاوارە و پەناهەندەی تێدا نییە.

**ئێمە لە دەستەی ئامار ڕێککەوتنمان لەگەڵ سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان کردووە و ڕاپۆرتێکی دیکەمان بەناوی ڕاپۆرتی «داینامیکیەتی دانیشتووان» دەرکردووە**

**پێشبینی دەکەین ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بگاتە ٨ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار کەس، ئەم ژمارەیەش ئاوارە و پەناهەندەی تێدا نییە**

*** لە ڕووپێوێکی وادا بۆچی ئاوارە و پەناهەندەی تێدا نییە، لە کاتێکدا ژمارەی ئاوارە و پەناهەندە زۆر زۆرە و کاریگەریی لەسەر زۆر فاکتەر و پشکی بودجە و خزمەتگوزاریی و بواری پرۆژە و ئابووری هەیە، بە تایبەتی لە پارێزگای دهۆکدا کە لە ٢٠١٣ تاوەکو ٢٠١٧ بە ڕێژەی ٢٥٪ بە ژمارەی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە زیاد بوو؟**

- ئێمە لە ٢٠١٣ کاتێك ڕاپۆرتی یەکەممان بڵاوکردەوە تا ساڵی ٢٠٢٠ ئەو کاتە بەپێی ژمارەدانان و گەمارۆسازی بوو کە تەنیا ژمارەی دانیشتووانی ڕاستەقینەی تێدا بوو لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو دەمە پەناهەندە و ئاوارە لە هەرێمی کوردستان وەکو ئێستا

**لە ٢٠١٥دا ئەم ژمارەیە گەیشتبووە ١,٢ ملیۆن ئاوارە کە دواتر ژمارەیەکیان بۆ ناوچەکانی خۆیان گەڕانەوە**

**ژمارەی ئاوارە و پەنابەران نزیکەی ٩٥٠ هەزار کەسن و بەراورد بە ژمارەی دانیشتووانی کوردستان ژمارەیەکی زۆرە**

**لە ١٧٪ی پشکی هەرێمی کوردستان هیچ پەیوەندی بە سەرژمێری و ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانەوە نییە، ئەوە ڕێککەوتنێکی سیاسی بوو، ڕێککەوتنەکە لەسەر ئەو بنەمایە کرا، تا ئەنجامدانی سەرژمێری ئەو ڕێژەیە بمێنێتەوە، لەمەشدا وەکو هەموو بابەتەکانی دیکە پاشگەز بوونەتەوە**

**چڕیی دانیشتووان لەسەر یەک کیلۆمەتر چوارگۆشە لە پارێزگای هەولێر زیاترە لە سەرجەم پارێزگاکانی دیکە، بۆ نموونە پارێزگای هەولێر ١٥٢ کەسە/ کیلۆمەتر٢**

**هۆکاری ئەنجامنەدانی سەرژمێری لە ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ هۆکارە سیاسییەکە بووە، ئەو دەمە پارێزگاری نەینەوا و دوو لایەنی سیاسی عەرەبی و بەشێکی لایەنی تورکمانی لە پارێزگای کەرکووک فشارە سیاسییەکانیان کرد و ڕێگایان نەدا ئەو کات لە ژێر سایەی پارێزگارێکی کورددا سەرژمێری ئەنجام بدرێت**

نەبوو، ژمارەی ئاوارەو پەناهەندە لە دوای ٢٠١٣وە دەستی پێ کرد. لەم خەمڵاندنەدا کە سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان هاوکارمان بووە، ٨,٨ ملیۆن دانیشتووان لەسەر گریمانی ئەو بارودۆخە بووە کە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوو تا ٢٠٢١ پێیدا تێپەڕ بووە، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بەپێی ئەو سنوورەی لە بەردەستماندایە ٦ ملیۆن و ١٧١ هەزار کەسە، بە بێ ئاوارە و پەناهەندە بە قەزای مەخموور و ناحیەی فایدە و ناوەندی قەزای شێخان و ناحیەی زیلکانی تێدایە.

لە ئێستادا ئاماری ئاوارەو پەناهەندە هەیە و لەلایەن دوو ڕێکخراو کۆدەکرێتەوە، یەکێکیان ڕێکخراوی کۆچی جیهانییە ئەوی دیکە کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ پەنابەران، لە دوایین ژمارەدا کە بڵاومان کردووەتەوە، ژمارەی ئاوارە و پەنابەران کە لە هەرێمی کوردستان ماون، نزیکەی ٧٠٠ هەزار کەسن ئەمە دوای ئەوەی لە ٢٠١٥دا ئەم ژمارەیە گەیشتبووە ١,٢ ملیۆن ئاوارە کە دواتر ژمارەیەکیان بۆ ناوچەکانی خۆیان گەڕانەوە، ئەم ژمارەیەش زیاد دەکات پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و سەربازیی عێراقەوە هەیە، بەڵام ڕەنگە ئەم ژمارەیە کەم نەکات چونکە زۆربەیان تێکەڵ بە کۆمەڵگەی کوردستانی بوون و خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوون و کار و بژێوی ژیان بوون، ژمارەی پەنابەرانیش نزیکەی ٢٦٥ هەزار کەسن کە زۆربەیان کوردی ڕۆژئاوا و سوورین . بەمەش ژمارەی ئاوارە و پەنابەران نزیکەی ٩٥٠ هەزار کەسن و بەراورد بە ژمارەی دانیشتووانی کوردستان ژمارەیەکی زۆرە، ژمارەکەش بەم شێوەیە دابەش بووە: پارێزگای هەولێر زۆرینەی ئاوارە و پەنابەری بەرکەوتووە و دواتر پارێزگای دهۆك دێت و سلێمانی و هەڵەبجە بە دوایاندا دێن.

*** بەڵام بۆ ئاماری دانیشتووانی پارێزگای کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان کە یەکلانەکراوەتەوە بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، چۆن مامەڵە دەکەن؟**

- لە ١٧٪ی پشکی هەرێمی کوردستان هیچ پەیوەندی بە سەرژمێری و ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانەوە نییە، ئەوە ڕێککەوتنێکی سیاسی بوو، ڕێککەوتنەکە لەسەر ئەو بنەمایە کرا، تا ئەنجامدانی سەرژمێری ئەو ڕێژەیە بمێنێتەوە، لەمەشدا وەکو هەموو بابەتەکانی دیکە پاشگەز بوونەتەوە. سەرژمێری بابەتێکی هونەری و زانستییە و دەڵێت سەرژمێریی دانیشتووان لە ڕۆژ و کاتێکی دیاریکراودا، واتە ئەگەر ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان هەژمار بکرێت، دەبێت ئەو ٩٥٠ هەزار ئاوارە و پەنابەرەش هەژمار بکرێن، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەمانە خەڵکی ئەو ناوچەیەن، بەڵام ژمارەی دانیشتووانن.

*** چڕیی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستاندا چۆنە؟ ئایا پێوەر و داتا و ئامارێك لەم بوارەوە هەیە؟**

- چڕیی دانیشتووان لەسەر یەك کیلۆمەتر چوارگۆشە لە پارێزگای هەولێر زیاترە لە سەرجەم پارێزگاکانی دیکە، بۆ نموونە پارێزگای هەولێر ١٥٢ کەسە/ کیلۆمەتر٢، بەڵام ئەم ژمارەیە لە پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆك کەمترە. بۆ تەرخانکردنی پرۆژە و پشکی بودجە دەبێت ڕەچاوی ژمارەی دانیشتووان و چڕیی دانیشتووان بکرێت، وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و پارێزگاکان گفتوگۆ لەسەر ئەم واقیعەی ژمارەی دانیشتووان دەکات، خۆ ئەگەر وەزارەتی پلاندانان داوای ئەو ژمارە و داتایانە بکات، دەتوانین بەپێی قەزاش پێشکەشیان بکەین و دەبێت لەسەر ئەم بنەما زانستییە کار بکرێت، ڕەنگە لە ئێستادا بە هۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجە و کێشە و گرفتە داراییەکان کەمێك ئەم بابەتە دواخرابێت.

*** ئایا مەترسی لەوەدا نییە ئەگەر سەرژمێری لە عێراقدا بکرێت بە دەردی هەموو سەرژمێرییەکانی دیکە ببرێت و، وەکو پرۆسەیەکی مەزهەبی و قەومی بەکار بهێنرێت، یان کەموکورتیی گەورەی تێ بکەوێت؟**

- هەر خۆی لە خۆیدا هۆکاری ئەنجامنەدانی سەرژمێری لە ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ هۆکارە سیاسییەکە بووە، ئەو دەمە پارێزگاری نەینەوا و دوو لایەنی سیاسی عەرەبی و بەشێکی لایەنی تورکمانی لە پارێزگای کەرکوك فشارە

سیاسییەکانیان کرد و ڕێگایان نەدا ئەو کات لە ژێر سایەی پارێزگارێکی کورددا سەرژمێری ئەنجام بدرێت، ئەو سەردەمە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیران و وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستان زۆر هەوڵمان دا و تەنانەت بڕیاری دادگای فیدراڵی دەرچوو، کەچی متمانەیان بە دادگای فیدراڵی نەبوو، سیاسەتی دووفاقیان بەکارهێناوە لەگەڵ ئەو دادگایەدا، ئێستا لە هەوڵی نوێی سەرژمێریی گشتی کە حکومەتی عێراق لە ٢٠١٩ بڕیارێکی دەرکرد، هەوڵ درا ئەو لایەنە و مۆرکە سیاسییەی لێ


کۆبوونەوەی لێژنەکە پێشنیار و بۆچوونەکانمان خستووەتەڕوو، تەنانەت پێشکەشی دەزگای ئاماری عێراقیمان کردووە. بەڵام ئێمە لە کۆبوونەوەی لێژنەی باڵا و لەگەڵ وەزیری پلاندانانیشدا باسمان لەوە کرد کە هەر خاڵێکی سیاسی لە فۆڕمەکە هەبێت و مەترسی هەبێت لەسەر سەرژمێری پێویستە لابرێت، هەروەها پێویستە لایەنە سیاسییەکان پابەند بن بە دەستتێوەرنەدانیان لە بابەتی سەرژمێری، چونکە ئەمە پرسێکی هونەرییە و بۆ وڵاتە و پەیوەندیی بە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ نموونە نییە،



دوور بخرێتەوە، بەڵام مۆرکەکەی هەر ماوە، بەتایبەتی لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. لە ئێستادا لەخۆئامادەکردنین بۆ ئەوەی ئەگەر سەرژمێریی گشتی ئەنجام درا لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ڕێگا نەدەین لە ڕووی سیاسییەوە زیان بە هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان و پێکهاتە ڕەسەنەکەی ئەو ناوچەیە بگات و دەبێت ژمارەی ڕاستەقینەی خەڵکە ڕەسەنەکە دیاری بکرێت، نەوەکو ئەوانەی هاتوونەتە ئەو ناوچەیە لە دوای ٢٠١٧ و٢٠١٨، ئەوە بوو لە دوای

یان بەرکەوتەیەکی دیکەی یاسایی پەیوەست بە خاوەندارێتیی، چونکە ماددەی ١٤٠ی دەستوور هەیە و ئەو پرسانە لەوێ چارەسەر دەکرێت. لە ئێستادا لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێژنەیەك بە سەرۆکایەتیی وەزیری پلاندانان و ئەندامێتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و دەستەی ئامار کار بۆ دیاریکردنی ژمارەی کرێکارانی بیانی و ڕێکخستنی هەلی کار بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەکات، نەوەك کرێکارانی بیانی.

# گرنگی و کاریگەریی هەڵبژاردن بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان



**د.نەژدەت ئاکرەیی**

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

کاتێك باس لە هەڵبژاردن و دیموکراسی دەکەین، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو چەمکە دیالیکتییە، واتا هیچ کامێکیان بە بێ ئەوی دیکە نابێت، هەڵبژاردن بە میکانیزمێکی گرنگ و تەنانەت سەرەکی بۆ دیموکراسی هەژمار دەکرێت، یەکێکە لە پێوەرە گرنکەکانی قەوارەی بارۆمەتری دیموکراسی لە جیهاندا، کێشەی هەڵبژاردن و دیموکراسی پەیوەندیی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە، ئێمە لە قەوارەیەکی ناوخۆ دواتر دەرەکییەوە بۆی دەچین، قەوارەی ناوخۆیی واتای بەشداری سیاسی دەدات لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی، واتا هەڵبژاردنی نوێنەران و بوونی ململانێیەکی سیاسی لە پەرلەمانگەلی هەمەجۆر، ئەمەش وادەکات کە ژیانی سیاسی هەمەچەشن بێت، هەروەها گۆڕانکاری تێدا بێت بەرەو ئاستی دوورمەودا بچن، پەنابردن بۆ هەڵبژاردن ژینگەیەکی دیموکراسی دێنێتە ئاراوە و وا دەکات هاووڵاتی هەست بە نامۆیی نەکات و تەنانەت ڕەوتە سیاسییەکانیش دێنە کایەوە.

لە ڕووی دەرەکییەوە، لە ئاسایشی نەتەوەییدا، دەرەوە ئەم کیانە دەخوێنێتەوە کە ئەم جۆرە هەڵبژاردنانەی تێدایە کە بە شێواوی دەستنیشانکراو لە میانی یاساکانی هەڵبژاردن و لە ئەنجامەکان چاودێریی نێودەوڵەتی هەیە، بۆ هەر هەڵبژاردنێکی ناوخۆ کە دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە غەیرە حکوومی و حکوومییەکانەوە چاودێریی مەسەلەکە دەکەن، لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانەی کە بۆ هەڵبژاردنێکی پاك و دوور لە دەستتێوەردان و ساختەکاری و لە تۆمارەکانی دەنگدەران دانراون. ڕایەك هەیە دەڵێت: گرنگ ئەوەیە لە هەڵبژاردندا ئەوەی دەنگ دەژمێرێت نەك ئەوەی دەنگ ڕادەگەیەنێت، واتا ئەوەی دەنگ دەژمێرێت دەبێ پاك بێت و هەست بە بەرپرسیارێتی بکات، لە جیهانی ئەمڕۆدا دەنگ ژماردن بە شێوازی پێشکەوتووی تەکنەلۆژی هاتووەتە کایەوە، بۆیە ئەگەر جاران ماوەیەکی زۆری دەویست بۆ ئەوەی ئەنجامەکان ڕابگەیەندرێن، ئێستا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بەپێی یاساکان ڕادەگەیەندرێن، دواجار دادگای تایبەت پەسندیان دەکات.

**پەرلەمانی کوردستان تا ڕاددەیەک توانیویەتی ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ بهێنێت، بەڵام هەندێ مەسەلەی ناوخۆیی و سیاسی وایان کرد کە پەرلەمان ڕووبەڕووی چەند کێشەیەک ببێتەوە**



لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و لە عێراق بە گشتی، ئێمە پێش عێراق ئەزموومان هەیە واتا پێش عێراقی نوێ، چونکە ئێمە لە ساڵی ١٩٩١ لە شەرعییەتی شۆڕشگێڕییەوە چووین بۆ ئەم دامەزراوانە، لەسەر داواکەی سەرۆك بارزانی لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکەی کۆیە لە ١٩٩١ کە داوای کرد هەڵبژاردن بکەین و دامەزراوەکانی پەرلەمان و حکومەت و ئەوانی دیکە بنیات بنێین، ئەوە بوو یەکەم هەڵبژاردن کرا کە زۆر گرنگ بوو، لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوەکان هاتنە کایەوە، ئەنجامەکان جۆرە تەوافوقێکی بە ڕێژەی پەنجا بە پەنجایان لەسەر کرا، ئەوە بوو خولی یەکەمی پەرلەمان دەستی پێ کرد و، سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە بەرپرسیارێتییەوە کارەکانی خۆی ئەنجام دا، ئەم خولەش بە هۆی ڕووداوە ناوخۆییەکان درێژەی کێشا، دواتر خولەکانی دیکە دەستیان پێ کرد، ئەم خولانەش تابلۆی سیاسیی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان، یان ئەنجامەکانیان دیاری کرد، جیاوازیی بیروڕا و گفتوگۆی توند و چڕ لە ناو پەرلەمان کرا، یاسا و بڕیاری سیاسی و ئەوانەی ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە، ئەوانەیشی کە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگە ڕێك دەخەن، دەرچوون، دیارە کە پەرلەمانی کوردستان دامەزراوەیەکی گرنگە و ئەرکی خۆی بریتییە لە دەرکردنی یاسا و بڕیارەکان، هەروەها چاودێریکردنی ئەدای حکومەت، دیسان ئامادەکردنی بودجە، بۆیە پەرلەمانی کوردستان تا ڕاددەیەك توانیویەتی ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ بهێنێت، بەڵام هەندێ مەسەلەی ناوخۆیی و سیاسی وایان کرد کە پەرلەمان ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك ببێتەوە، ئەگەر ئەمە بەراورد بکەین بە عێراق، دەبینین کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە سیستەمێکی تۆتالیتاری تێیدا ڕووخا و دامەزراوەکانیش نەمان، بەپێی ئەو دەستوورانەی کە ئەو کات ڕێکخرابوون، یاسای ئیدارەی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوە لە ساڵی

**پەنابردن بۆ هەڵبژاردن ژینگەیەکی دیموکراسی دێنێتە ئاراوە و وا دەکات هاووڵاتی هەست بە نامۆیی نەکات**

**شیانی دیموکراسی لە عێراقدا لە قۆناغێکی ڕاگواستندایە کە ناتوانین بە ساڵێک و دوو ساڵ دەستنیشانی بکەین**

٢٠٠٤ دەرچوو، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥ بنەماکانی هەڵبژاردن بەپێی ئەم دەستووورە دەستنیشان کران، دوای ئەوە یاساکانی هەڵبژاردن هاتنە کایەوە، بۆیە عێراق بەو خولانەی هەڵبژاردن کە کران، وای کرد بیروبۆچوونی سیاسیی و ناسیۆنالیزم و مەزهەبیی ئایینی و ئایدیۆلۆجیای دیموکراسیی نیشتمانی بێنە کایەوە، تەنانەت کۆتا خولی پەرلەمان کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢١ کرا شێوازێکی تازە هاتە کایەوە، ئەویش شێوازی پەرلەمانتارە سەربەخۆکان بوو.

خوێندنەوەمان بۆ پەرلەمانی کوردستان و عێراق ئەوە دەگەیەنێت کە هەردووکیان بە قۆناغی ڕاگواستنی دیموکراسیدا تێپەڕیون، قۆناغی ڕاگواستنی دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیانەی کە ململانێیان تێدا بووە، بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان ململانێیی چەکداری لەگەڵ ڕژێمی پێشووی عێراق، لە عێراقیش ململانێیی سیاسی و تەنانەت فاکتەری چەکداریش ڕۆڵی هەبوو کە ئەم سیستەمانە بێنە کایەوە، بۆیە بارۆمەتری دیموکراسی لەم قەوارانە جۆرە سستییەك بە خۆوە دەبینن، تا کەلتووری هەڵبژاردن و دیموکراسی دەچەسپێت، کێشەیەك دێتە کایەوە ئەویش نەبوونی متمانەیە لە ژیانی دیموکراسیدا، بە تایبەتی لە دیموکراسییە تازە پێگەیشتووەکاندا، ئەمەش لە هەر یەك لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق بەرچاو دەکەوێت، واتا شیانی دیموکراسی لە عێراقدا لە قۆناغێکی ڕاگواستندایە کە ناتوانین بە ساڵێك و دوو ساڵ دەستنیشانی بکەین، بەڵام خوێندنەوەمان بۆ خولەکانی پەرلەمان ئەم ئەنجامەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەڵام هەر چۆن بێت مەشقی دیموکراسی ئەم دوو پەرلەمانە هاتووەتە کایەوە.

بێ گومان ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ڕێزگرتن لە ماوەکان زۆر گرنگن، دەبێ ڕێز لە بنچینە جیاجیاکانیش بگیردرێت، چ لە ماوەکەی، یان لە هەموارکردنەوەی یاساکانی، هەروەها لەو دەستەیەی کە سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان دەکات، لە ڕاستیدا یاسا دیاردەیەکە بریتییە لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە کە یاسایەك دەردەچێت، یان هەموار دەکرێتەوە، گوزارشت لەم بەرژەوەندییانە دەکات، ئەوەی زۆر گرنگە بەڕای ئێمە کە بخوێندرێتەوە ئەوەیە لە هەر قۆناغێکدا چ شێوازێك بۆ هەڵبژاردن گونجاوە، لە دیپلۆماسییەتدا چارەسەرێك هەیە بۆ ئەم بابەتە، پێی دەڵێن «دیپلۆماسییەتی ناوەندی ڕێگا»، واتا لایەنە پێکناکۆکەکان نەك لەسەر بنەمای تەوافوق، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەوەی لە ناوەندی ڕێگا بگەنە دەرئەنجامێك، کە ئەو لایەنانەی دەیانەوێت یاساکان هەموار بکرێنەوە، یان ئەوانەی نایانەوێت، جاروبار فراکسیۆنەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینن، کە جێگرەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمانن، لە گەیشتن بە هەندێ مەسەلە لەسەر بابەتەکانی سازان، چونکە ئەمە پێوەرە بۆ بارۆمەتری دیموکراسی کە لە هەر قەوارەیەك ڕەچاو بکرێت. بێ گومان نەبوونی متمانە لە نێو پەرلەمان، یان دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، کێشەیەکی گەورەیە، ئەوەی زیاتر مەبەستمە لێرە، دەستەی سەرپەرشتیاریی هەڵبژاردنەکانە کە خۆی لە کۆمسیۆن، یان دەستەدا دەبینێتەوە، ئەمەش دەبێ بە شێوازێك چارەسەر بکرێت کە جۆرە مەشق پێ کردنێك هەبێت بۆ ئامادەکردنی ئەمانە، لە هەرێمی کوردستان یاسا هەیە بۆ دەستەی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردن کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ڕێکخراوە، بەڵام ئایا ئەم دەستەیە چۆن کارا بکرێتەوە؟ بێ گومان ماوەی یاسایی هەیە بۆ ئەم دەستەیە، دەبێ ڕێز لە بنەماکانی بگیردرێت، خودی پەرلەمان خاوەن بڕیارە و دەتوانێت قەوارەکانی ناو پەرلەمان و کاراکتەرەکان بگەنە ئەنجامێك بۆ هەڵبژاردنی ئەم دەستەیە، بەڵام ئەوەی زۆر مەبەستمە ئەوەیە کە ئەم دەستەیە بریتی بێت لە کەسانی شارەزا و باکگراوندی پاك و بەئەزموونیان هەبێت، دەستەکەش سەربەخۆ دەبێت لە بۆچوونی سیاسی و جۆرە چاودێرییەکیشی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دەکەوێتە سەر، کە چۆن کارەکانی ئەنجام دەدات.

ئەزموونی عێراق کە پەنای برد بۆ دادوەرەکان واتا دەستەی دادوەری سەرپەرشتیی هەڵبژاردن بکات، ئەمەش شێوازێکی تازەیە، بەڵام من لەگەڵ ئەو ڕایە نیم، چونکە جۆرە تێکەڵییەکە لە نێوان دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، هەر چۆن بێت ئەگەر پەناش بۆ

**نەبوونی متمانە لە نێو پەرلەمان، یان دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، کێشەیەکی گەورەیە**

**ئەگەر پەناش بۆ دادوەران ببرێت، با نیوەی لە دادوەرانی بەڕێز بن و نیوەکەی دیکەش لەو ئەندامە بەڕێزانە بن کە هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەندامێتیی کۆمسیۆن، کە دەتوانن چارەسەری مەسەلەکە بکەن**

**گرنگیی هەڵبژاردن بۆ ئاسایشی نەتەوەیی پێوەرە بۆ شەرعییەتی دەسەڵات لەسەر بنەمای هەڵبژاردن**

**هەماهەنگی هەبووە لە نێوان حکومەت و پەرلەمان و لە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکوومی لە پەرلەمان، لە هەر یاسایەک پەرلەمان پەنای بۆ ببات، پرس و ڕا بە لایەنی حکوومی دەکات**

دادوەران ببرێت، با نیوەی لە دادوەرانی بەڕێز بن و نیوەکەی دیکەش لەو ئەندامە بەڕێزانە بن کە هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەندامێتیی کۆمسیۆن، کە دەتوانن چارەسەری مەسەلەکە بکەن.

دیسان دەڵێم گرنگیی هەڵبژاردن بۆ ئاسایشی نەتەوەیی پێوەرە بۆ شەرعییەتی دەسەڵات لەسەر بنەمای هەڵبژاردن، مانای ئەوەیە کە شێوازەکە دیموکراسییە دوور لە کودەتای سیاسی، یان توندوتیژیی وەرگرتنی دەسەڵات، لەم ئەزموونانەی کە ئەم شێوازەیان تێدا سەرکەوتوو نەبوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاودێریی ئەم مەسەلەیە دەکات، هەروەها پەرلەمانەکانیش پێویستییان بە مەشقکردن هەیە لە گفتوگۆکان و پرۆتۆکۆلی گفتوگۆ و میکانیزمەکان، من لەم ڕوانگەوە بە گیانێکی بەرپرسانە ئاماژە بەم خاڵە دەکەم کە خولی ئێستای پەرلەمان ڕاوبۆچوونی جیاجیای تێدایە، ئەمەش شتێکی سرووشتی و دیموکراسییە، گفتوگۆکان و چاودێریی حکومەتیش سرووشتییە، ئەوەی تێبینیم کردووە کە هەماهەنگی هەبووە لە نێوان حکومەت و پەرلەمان و لە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکوومی لە پەرلەمان، لە هەر یاسایەك پەرلەمان پەنای بۆ ببات، پرس و ڕا بە لایەنی حکوومی دەکات، تا بزانێت ئەم یاسایە تا چەند گرنگە، ئەم پەرلەمانەش بە پاڵپشتیی بۆردی ڕاوێژکاری و دەستەی ڕاوێژکاران کە لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، کارەکانی خۆی ئەنجام داوە.

بۆیە پەرلەمانی کوردستان لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بووە، وەك ئەکادیمییەك و مامۆستایەکی زانکۆ، گەواهی بۆ مێژوو دەدەم، ڕاستە هەندێ کێشە ڕووبەڕووی ئەم پەرلەمانە دەبێتەوە، بەڵام لەو قەناعەتەدام کە بە حیکمەتی دەستەی سەرۆکایەتی و تێگەیشتنی فراکسیۆنە سیاسییە جیاوازەکانی ناو پەرلەمان ئەم کێشانە چارەسەر دەکرێن. من وای پێشنیار دەکەم دیالۆگێکی نیشتمانی بکرێت دەربارەی مەسەلەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتی خۆیدا، ڕۆڵی کۆمسیۆن لە هەڵبژاردنەکاندا، پێویستیمان بە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن هەیە، کە ئەم یاسایە بۆ قۆناغێك بووە ئێستا قۆناغێکی دیکەیە، ئەم مەسەلانە هەموویان قابیلی گفتوگۆ و دیالۆگی نیشتمانی دەبن، ئەمەش خاڵێکی بەهێز و دەوڵەمەندە بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان.

هەروەها بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم یاسایانە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی لەم ماوەی ڕابردووی خولی ئێستای پەرلەمانی کوردستان، کە بەشێکی زۆریان گرنگن و پەیوەستن بە بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەییمان، وەك ئەو یاسایانەی تایبەتن بە تەواوکەری یاسای نەوت و گازی ساڵی ٢٠٠٧، دەربارەی چۆنێتیی مامەڵەکردن و هەناردەکردن و پاراستنی، هەروەها یاساکانی تایبەت بە کێشەکانی ئاو و مەسەلەی چەك لە هەرێمی کوردستان، هاوکات ئەوانەی پەیوەندییان هەیە بە مادده هۆشبەرەکانەوە، ئەم یاسایانە زۆر گرنگن بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و پەرلەمانی کوردستان سەرکەوتووانە پەنای بۆ بردوون، گفتوگۆی تێروتەسەلیشیان لەسەر کراوە. من پێشنیاردەکەم کە پەیوەندیی زیاتر هەبێت، لە نێوان سۆشیال میدیا و دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، لە مەسەلەی تیشك خستنە سەر ئەم یاسا گرنگانە کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون.

ئەوەی کە زۆر گرنگە هەماهەنگیی نێوان حکومەت و پەرلەمانە، چونکە زۆر لە یاساکان لەسەر پێشنیاری حکومەت دێن بۆ پەرلەمان و بە هەماهەنگیی هەر دوولا دەردەچن، نموونەی زەقی ئەمەش یاسای چاکسازییە کە لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە، دوای تاوتوێیەکی تێروتەسەل ئەم یاسا گرنگە بە قۆناغی یەکەم لە هەندێ مەسەلە هاتە کایەوە، تەنانەت کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنیشەوە، جگە لەمەش یاساکانی پەیوەست بە وەبەرهێنان و کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری کە ئەمانە هەموویان نموونەی زەقن، لەسەر سەرکەوتوویی پەرلەمانی ئێستا و دەستەی سەرۆکایەتی لە ئەرکەکانی تایبەت بە دەرچوواندنی یاساکان، تەنانەت بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت، چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەت، دەمێنێتەوە یاسای بودجە، کە پەیوەستە بە بارودۆخی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەی ئێستادا، بە دڵنیاییەوە قەناعەتم وایە ئەم یاسایەش لە پەرلەمانی کوردستان تاوتوێ دەکرێت.

**ڕاستە هەندێ کێشە ڕووبەڕووی ئەم پەرلەمانە دەبێتەوە، بەڵام لەو قەناعەتەدام کە بە حیکمەتی دەستەی سەرۆکایەتی و تێگەیشتنی فراکسیۆنە سیاسییە جیاوازەکانی ناو پەرلەمان ئەم کێشانە چارەسەر دەکرێن**

**پێویستیمان بە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن هەیە، کە ئەم یاسایە بۆ قۆناغێک بووە ئێستا قۆناغێکی دیکەیە، ئەم مەسەلانە هەموویان قابیلی گفتوگۆ و دیالۆگی نیشتمانی دەبن، ئەمەش خاڵێکی بەهێز و دەوڵەمەندە بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان**

**پێشنیاردەکەم کە پەیوەندیی زیاتر هەبێت، لە نێوان سۆشیال میدیا و دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، لە مەسەلەی تیشک خستنە سەر ئەم یاسا گرنگانە کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون**

**یاساکانی پەیوەست بە وەبەرهێنان و کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری کە ئەمانە هەموویان نموونەی زەقن، لەسەر سەرکەوتوویی پەرلەمانی ئێستا و دەستەی سەرۆکایەتی لە ئەرکەکانی تایبەت بە دەرچوواندنی یاساکان**

# جارێکی دیکە لە بارەی هەڕەشەکانی تەکنۆلۆژیا و زانیاریی هەڵە بۆ سەر دیموکراسی





ساسان عەونی

بۆ گوڵانی نووسیوە

**هەڕەشەی مەترسیدار و هاوبەش و نیوکۆ بۆ سەر سیستەمی دیموکراسیی زۆربەی وڵاتان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، تەکنۆلۆژیا و زانیارییە ناڕاستەکانن**

گرفتەکانی دیموکراسی و جۆری نوێنەرایەتیی خەڵك، خۆدۆزینەوەی هاووڵاتیان لە پرسی هەڵبژاردن و ڕەزامەندییان لە دیموکراسیی نوێنەرایەتیکردن، تێزی پۆست دیموکراسی و پۆپۆلیزم و بەشداریی ڕاستەوخۆی خەڵك لە حوکمڕانی و بڕیاردان لە بابەتە گرنگەکان، لەگەڵ پرسی هەڕەشەکانی تەکنۆلۆژیا و سۆشیال میدیا بۆ لەقکردنی پێگەی دیموکراسی، سەرباری چەندین پرسی دیکە، ئەو باسانەن ماوەیەکە لەلایەن بیرمەند و زانا و پسپۆڕ و شارەزاکانی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت و، لە چەندین ڕوانگەوە تیشکی دەخرێتە سەر.

ئەوەی هەمووان لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە دیموکراسی لە ژێر هەڕەشەی جۆراوجۆردایە، بەڵام هەڕەشەی مەترسیدار و هاوبەش و نێو کۆ بۆ سەر سیستەمی دیموکراسیی زۆربەی وڵاتان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، تەکنۆلۆژیا و زانیارییە ناڕاستەکانن، کە لە ڕێگای جۆرەها لۆگاریتم و بەرنامەکانی زیرەکیی دەستکردەوە، بەناو سۆشیال میدیادا بڵاودەکرێنەوە و کاریگەری لەسەر تاکەکان دروست دەکەن و، پێگەی سیستەمە دیموکراسییەکان لەق دەکەن.

دواهەڵوێست و نوێترین هاتنەدەنگ لەسەر ئەو پرس و بابەتە، (باراك ئۆباما)ی سەرۆکی پێشتری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە سەرۆکی ژمارە ٤٤ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو بۆ دوو خول، لە ساڵانی نێوان (٢٠٠٩ تا ٢٠١٧)، بەوە ناوبانگی دەرکرد کە یەکەم سەرۆکی ئەو وڵاتە بوو، سمارتفۆنی (بلاك بێری) بەکار دەهێنا و، هەژموونی سۆشیال میدیاش کاریگەری لەسەر بردنەوەی پۆستی سەرۆکایەتیی ئەو هەبوو. ئۆباما هاندەرێکی سەرسەختی ئازادیی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای



پەیوەندییەکان و سۆشیال میدیا بوو، لە بەهاری عەرەبی و ڕاپەرینەکانی چەند وڵاتێکدا، پشتگیری لە ئازادیی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا دەکرد، وەکو چەکێك بۆ پشتگیریی جەماوەر لە دژی حکومەتی ئەو وڵاتانەی کە جەماوەر بەرامبەریان خرۆشا بوون، هانی بەکارهێنانی دەدا، تەنانەت بەشێك لە پسپۆڕان پێیان وابوو کە سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی، واتا شۆڕشی ئەو سۆشیال میدیایەی لەلایەن ئەمریکا و ڕۆژئاواوە پشتگیری لێ دەکرا.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٠ ساڵ بە سەر ئەو هەڵوێستانەی، لە ئێستادا باراك ئۆباما ڕوانگەی گۆڕاوە و پێی وایە کە هۆکارێکی لاوازبوونی دیموکراسی، ئەو گۆڕانکارییە قووڵەیە کە بە سەر شێوازەکانی پەیوەندی و زانیاری و ئاگاداربووندا هاتووە.

ئۆباما لە ٢١ی نیسانی ئەمساڵدا (٢٠٢٢)، لە زانکۆی ستانفۆرد، قسەکەری سەرەکیی ئەو سیمپۆزیۆمە بوو کە یەك ڕۆژی خایاند و، لە ژێر ناوی (ئاڵنگارییەکانی بەردەم دیموکراسی لە بواری زانیاریی دیجیتاڵدا) بەڕێوە چوو، ئۆباما هاتە ڕیزی ئەو بیرمەند و زانا و پسپۆڕانەی کە داوای بەهاناوەچوونی دیموکراسی دەکەن و، ئاماژەی بەوە کرد «ئایا دەمانەوێت دیموکراسیمان بەرەو باشتر ببەین، یان لێدەگەڕێین بپووکێتەوە؟» ئۆباما لە وتارەکەیدا، لە بەردەم زیاتر لە ٦٠٠ ئامادەبوودا، هەروەها زیاتر لە ٢٥٠هەزار کەس کە لە ڕێی ئینتەرنێتەوە بەشدارییان دەکرد، باسی لەو هەڕەشانە کرد کە زانیارییە لەخشتەبەرەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت و ئەو تەکنۆلۆژیایانەی پشت بە زیرەکی دەستکرد دەبەستن لەسەر دیموکراسی دروستی دەکەن، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێ حکومەتەکان ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە

**بەشێک لە پسپۆڕان پێیان وابوو کە سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی، واتا شۆڕشی ئەو سۆشیال میدیایەی لەلایەن ئەمریکا و ڕۆژئاواوە پشتگیری لێ دەکرا**

**باراك ئۆباما ڕوانگەی گۆڕاوە و پێی وایە کە هۆکارێکی لاوازبوونی دیموکراسی، ئەو گۆڕانکارییە قووڵەیە کە بە سەر شێوازەکانی پەیوەندی و زانیاری و ئاگاداربووندا هاتووە**

**دەبێ حکومەتەکان ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان و بیسەلمێنن دیموکراسی و داهێنان دەتوانن پێکەوە بژین و هەڵبکەن**

**ئەمڕۆ هەموو کەس دەتوانێت لە ڕێگەی لۆگاریتمەکانەوە بەو جۆرە هەواڵانە بگات کە دڵخوازیەتی، ئەمەش وەك دیارییەکە بۆ دەنگە بەرز و ناڕازییەکان**

**ئۆباما پێی وایە تەکنۆلۆژیا بەرپرس نییە لە زۆرێك لەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانەی کە هەن، وەك: ڕەگەزپەرستی، جیاکاری لەسەر بنەمای جێندەر، ڕق لە ژنان، کە هەموویان لە پێش ئینتەرنێتیشەوە هەبوون، بەڵام تەکنۆلۆژیا یارمەتیی گەورەکردن و بڵاوکردنەوەی داون**

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان و بیسەلمێنن دیموکراسی و داهێنان دەتوانن پێکەوە بژین و هەڵبکەن. ئۆباما لەو وتارەیدا تیشك دەخاتە سەر ئەوەی چۆن تەکنۆلۆژیا گۆڕانکاریی لە شێوازی خەڵك، لە دروستکردن و بەکاربردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا دروست کردووە، هەروەها چۆن کۆمپانیا دیجیتاڵەکان و کۆمپانیاکانی سۆشیال میدیا، میدیای نەریتیی (ڕۆژنامە و پەخشی تەلەڤیزیۆنی)یان سەرەونخوون کردووەتەوە، سەرەڕای ڕۆڵی گرنگی ئەو میدیا نەریتییانە لە دروستکردنی کولتووری هاوبەشی نێو کۆمەڵگە و پێشکەشکردنی هەواڵی دروست و پشتڕاستکراوە بۆ خەڵك، بەڵام ئەمڕۆ هەموو کەس دەتوانێت لە ڕێگەی لۆگاریتمەکانەوە بەو جۆرە هەواڵانە بگات کە دڵخوازیەتی، ئەمەش وەك دیارییەکە بۆ دەنگە بەرز و ناڕازییەکان (کە کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیا سوودمەندن لێی)، لە ئەنجامدا بڵاوبوونەوەی بێسنووری ناوەرۆك و کەرتبوونی زانیاری و دواتریش دابەشبوونی جەماوەری لێ کەوتووەتەوە، ئەمەش وەك ئۆباما سەیری دەکات، پرسی دیموکراسیی ئاڵۆزتر کردووە.

ئۆباما ئاماژە بەوە دەکات کە ڕاستییەکان لەگەڵ ڕا و تیۆرییەکانی پیلانگێڕی و خەیاڵدا لە پێشبڕکێدان بۆ زۆرانێك لە ئێمە، پلاتفۆرمەکانی گەڕان و سۆشیال میدیا بە تەنیا پەنجەرەیەك نین بەسەر ئینتەرنێتدا، بەڵکو سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵ و زانیارییەکانمانن، هیچ کەسێك پێمان ناڵێت ئەو پەنجەرەیە تەڵخە، لەوانەیە دوچاری شێواندنی نادیار و دەستکاریکردنی ورد بووبێتەوە.

لە درێژەی ئاماژەکانیدا هەروەها دەڵێت: «ئێمە لە نێو ئەو بڵقە زانیارییە کەسییانەی تێیداین، گریمانەکانمان ئەو خاڵانەی نادیارن و لایەنگیرییەکانمان، هیچیان ئاڵنگارییان ڕووبەڕوو نابێتەوە، بەڵکو پاڵپشتیش دەکرێن و کەشێکی ئەوتۆ دروست دەکرێت، کە بە شتێکی سرووشتی بێتە پێش چاومان، بە شێوەیەکی نێگەتیڤ لەگەڵ ئەو کەسانە هەڵسوکەوت دەکەین کە بیروڕایان جیاوازە، ئەمانەش هەمووی دابەشبوونە ئیتنی و ئایینی و کولتوورییەکانمان قووڵتر دەکاتەوە. گرفتەکە تەنیا ئەوە نییە مێشکمان توانای وەرگرتنی ئەو سێڵاوی زانیارییانەی سەر تۆڕی ئینتەرنێتی نییە، بەڵکو بەرئەنجامی بژاردەی زۆر دیاریکراوە کە لەلایەن کۆمپانیاکانی ئینتەرنێتەوە بە شێوەیەکی گشتی و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بە شێوەیەکی تایبەت، دەستی بەسەردا گیراوە.

ئۆباما پێی وایە تەکنۆلۆژیا بەرپرس نییە لە زۆرێك لەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانەی کە هەن، وەك: ڕەگەزپەرستی، جیاکاری لەسەر بنەمای جێندەر، ڕق لە ژنان، کە هەموویان لە پێش ئینتەرنێتیشەوە هەبوون، بەڵام تەکنۆلۆژیا یارمەتیی گەورەکردن و بڵاوکردنەوەی داون.

هەروەها باس لە چەندین نموونە دەکات کە سەرکردە و سیستەمەکانی حوکمڕانی لە ڕووسیا، چین، مەجەر، فیلپین و بەرازیل، پلاتفۆرمەکانی تەکنۆلۆژیا بۆ کۆنترۆڵکردنی دانیشتووانی وڵاتانی خۆیان بەکار دەهێنن، هەروەها ئەو پلاتفۆرمانە وەکو چەکێکی ستراتیژی دژی دەوڵەتە دیموکراتەکان بەکاردەهێننەوە.

بۆ چارەسەری ئەو بابەتانە، ئۆباما پێی وایە دەبێت ڕێکخستن و یاسا ببنە بەشێکی چارەسەریی، حکومەت و کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیا پێویستە ئامادە بن گۆڕانکاریی ئەوتۆ قبووڵ بکەن، کە گوتاری مەدەنییانە باشتر بکات و، قەبارەی زانیارییە نادروستەکان کەمتر بکاتەوە، چونکە ئینتەرنێت و ئامرازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازن، ئامراز ئێمەی کۆنترۆڵ نەکردووە، بەڵکو ئێمە ئامرازەکانمان کۆنترۆڵ کردووە، ئەو بابەتە تایبەتە بە خۆمان و دەتوانین سەرلەنوێ بۆ باشترکردنی بەهاکان بونیادیان بنێینەوە، بۆیە ئۆباما پێی وایە ڕێکخستنەوە یەکێکە لە چارەسەرە گونجاوەکان و، داوای لە سیاسەتکاران ئەوەیە کە بەندی ٢٣٠ لە یاسای ڕێکخستنی پەیوەندییەکان هەموار بکرێتەوە، کە بەرپرسیارێتی ناخاتە سەر پلاتفۆرمەکانی ئینتەرنێت لەسەر ئەو ناوەرۆکانەی خەڵکی دیکە لەسەر وێبسایتەکانیان بڵاوی دەکەنەوە، بەڵام ئەو چارەسەرە بە دڵی کۆمپانیاکان نییە و بەرهەڵستی دەکەن.

ئۆباما پێی وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك پێشەنگی وڵاتانی دیموکراسی، پێویستە ئەو بابەتە پێش وڵاتانی دیکە چارەسەر

بکات و، نابێت لە دوای ئەوروپاوە بێت، کە چەندین یاسای گرنگی بۆ ڕێکخستنی کاری کۆمپانیا گەورەکانی تەکنۆلۆژیا داناوە.

هەر پەیوەست بەو بابەتەوە، بەشێکی چاودێرانی جیهانی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا پێیان وایە یەکێك لە گرنگییەکانی کڕینەوەی «تویتەر» لەلایەن ئیلۆن ماسکەوە، چاوخشاندنەوەیە بە جۆری کارکردنی ئەو پلاتفۆرمانە و سنووردانانە بۆ لێشاوی ئەو بابەت و بڵاوکراوانەی کە لەسەر ئەو پێگەیە بەبێ چاودێری و فلتەرکردن بڵاو دەکرێنەوە. ئەو کۆدەنگییە بۆ چاوخشاندنەوە بە ڕۆڵی پێگەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت گەیشتووەتە ئاستێك کە لایەنە ڕیکلامبەخشەکان کە ٩٠ لە سەدی داهاتەکانی تویتەر پێك دەهێنن، نیگەرانن لە جۆری بڵاوکردنەوەی بابەتەکان، هەر وەك ئۆباماش داوای کردبوو، لە ڕێککەوتنێکی دەگمەندا هەردوو کۆنگرێسمانە دیموکراتەکان و کۆمارییەکان کۆدەنگ بن لەسەر هەمواری بەندی ٢٣٠ لە یاسای ڕێکخستنی پەیوەندییەکان.

تەریب لەگەڵ ئەو هەوڵانەی کە لە ناوەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەدرێن، بەریتانیاش نیگەرانە لەو هێرشانەی کە ڕووسیا لە ڕێگەی پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە دەیکات، بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی خۆی سەبارەت بە جەنگی ئۆکرانیا، وەك وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوە داگیرکارییەکی دیکەی ڕووسیایە و نابێت بواری پێ بدرێت، هەروەها دەڵێت: پێویستە لەسەر بەریتانیا و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی کە سنوور بۆ ئەو بابەتانە لەسەر پلاتفۆرمەکانی میدیای دیجیتاڵ دابنرێت. هەر بۆ بیرهێنانەوەش، ئەم جەدەلە لە ساڵی ٢٠١٦وە لەگەڵ هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ دەستی پێ کرد، کە ڕووسیا تۆمەتبار کرا بەوەی دەستکاری و دروستکاری لۆگاریتمی تایبەت بووە لەسەر سۆشیال میدیا، کە هانی ئەمریکاییەکان بدات بۆ دەنگدان بە دۆناڵد ترەمپ.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەو بابەتە بکەم (فرانسیس فۆکۆیاما) لە ژێر ناوی (چۆن دیموکراسی لە تەکنۆلۆژیا ڕزگار دەکرێت؟) لە گۆڤاری (فۆرین ئەفێرز) لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ بڵاوی کردەوە و منیش بۆ سەر زمانی کوردیم وەرگێڕا و لە ئاداری ٢٠٢١ چاپی یەکەمی و لە ئاداری ٢٠٢٢ چاپی دووەمیم بڵاوکردەوە.

فۆکۆیاما و زۆر زانا و پسۆڕ و سیاسەتکاری دیکە، لە نوێترین هەوڵیشیدا باراك ئۆباما، بە ڕژدی هەوڵ دەدەن سنوورێك بۆ باڵادەستیی کۆمپانیا گەورەکانی تەکنۆلۆژیا لە ئاراستەکردنی تاکەکان بە هۆی لۆگاریتم و بەرنامەکانی زیرەکیی دەستکردەوە دابنێن و، مەترسییەکانی دەخەنە ڕوو.

فۆکۆیاما لەو وتارەیدا پێی وایە جەماوەر دەبێت لە گەشە و هێزی پلاتفۆڕمە هەژموونداراکانی ئینتەرنێت بترسن، هەروەها هانی سیاسەتکارانیش دەدات وەکو چارەسەر، یاسای قەدەغەکردنی مۆنۆپۆڵکردن بەرکار بکەن.

لە هەمان کاتدا پێی وانییە ئەو ئاراستەیە باشترین ڕێگەی مامڵەکردن بێت لەگەڵ هەڕەشە سیاسییە مەترسیدارەکانی هێزی پلاتفۆڕمەکان بۆ سەر دیموکراسی، چونکە بازاڕی بیروڕا هەیە، کە ڕکابەریکردن گوتاری گشتی دەپارێزێت، نەوەك یاساکان، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، لە جیهانێکدا پلاتفۆڕمەکان و پەیامە سیاسییەکان گەورە دەکەن و دەیچەسپێنن و بە ئامانجی دەگرن، ئەو بازاڕە لەوانەیە هەرەس بهێنێت.

درێژەی ئەو ڕایانەی فۆکۆیاما لەو بڵاوکراوەیەدا هەیە و ئەوانەی حەز دەکەن بە تەواوی لەو بابەتە ئاگادار بن، دەتوانن بۆ سەرچاوەکە بگەڕێنەوە، گرنگیشە ئێمەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت کە هیچ دەسەڵاتێکمان بەسەر ئەو پرسەدا نییە و لە داهاتووشدا نامان بێت، هەوڵ بدەین بەلایەنی کەمەوە، جۆرێك لە فلتەرکردن و کۆنترۆڵمان بۆ ئەو بابەتانە هەبێت، کە وەك سەرچاوەی زانیاری بەکاریان دەهێنین و لە ڕاستی و دروستیی بابەت و کارکردنیان بە شێوەیەکی پیشەییانە دڵنیا ببینەوە، هەروەها هەوڵ بدرێت نەکەوینە داوی تۆڕەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە و ئەو بابەتانەی کە بە یاسا قەدەغە کراون و، سۆشیال میدیا نەبێتە سەرچاوەیەکی سەرباری دیکەی تێکدانی شیرازە و دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستان.

**حکومەت و کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیا پێویستە ئامادە بن گۆڕانکاریی ئەوتۆ قبووڵ بکەن، کە گوتاری مەدەنییانە باشتر بکات و، قەبارەی زانیارییە نادروستەکان کەمتر بکاتەوە**

**ئۆباما پێی وایە ڕێکخستنەوە یەکێکە لە چارەسەرە گونجاوەکان و، داوای لە سیاسەتکاران ئەوەیە کە بەندی ٢٣٠ لە یاسای ڕێکخستنی پەیوەندییەکان هەموار بکرێتەوە**

**بەریتانیاش نیگەرانە لەو هێرشانەی کە ڕووسیا لە ڕێگەی پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە دەیکات، بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی خۆی سەبارەت بە جەنگی ئۆکرانیا**

**فۆکۆیاما لەو وتارەیدا پێی وایە جەماوەر دەبێت لە گەشە و هێزی پلاتفۆڕمە هەژموونداراکانی ئینتەرنێت بترسن، هەروەها هانی سیاسەتکارانیش دەدات وەکو چارەسەر، یاسای قەدەغەکردنی مۆنۆپۆڵکردن بەرکار بکەن**

لۆرانس روبین
پرۆفیسۆری ئاسایشی نێودەوڵەتی لە سکووڵی سام نوون لە پەیمانگەی تەقەنیی جۆرجیا بۆ گوڵان:

# درێژەکێشانی شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا رۆڵی ئەڵمانیا لە بەرگریکردنی لە ئاسایشی ئەوروپا زیاتر دەکات

لۆرانس روبین پرۆفیسۆرە لە سکووڵی سام نوون لە پەیمانگەی تەقەنیی جۆرجیا، توێژەر و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك: سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و ئاسایشی نێودەوڵەتی و پرسی بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای رووسیا و ئۆکرانیا و، دەرهاویشتەکانی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.



ديمانەی تايبەت

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یان با بڵێین ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن هاوسەنگیی لە نێوان چەند فاکتەرێکی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا ڕاگرتووە**

*** وەك ئاشكرايە يەكێك لە ڕووداو و پەرەسەندنە دراماتيكی و هەژێنەرەكانی ئەم دواييە كە تا ئێستاش درێژەی هەيە، بريتييە لە شەڕی ڕووسيا و ئۆكرانيا، كە لێكەوتە و دەرهاويشتەكانی ڕەهەندی جيهانی و جۆراوجۆرييان هەيە، خوێندنەوە و تێڕوانينی ئێوە لەم ڕووەوە چييە؟**

- من پێم وايە ئامانج و مەبەستەكەی سەرۆكی ڕووسيا (ڤلادمير پوتين) لە هەڵگيرساندنی ئەم شەڕە، ئەوە بوو كە هەندێ دەستكەوتی ستراتيژی بەدەست بهێنێت لە ڕۆژهەڵاتی ئۆكرانيا و، هەندێك لە خاكی ئەو ناوچەيە بخاتە ژێر ركێف و كۆنترۆڵی خۆيەوە، بەتايبەتی ئامانجە بنەڕەتی و سەرەتاييەكەی شكستی هێنا، كە بريتی بوو لە درووستكردن و پێكهێنانی حكومەتێكی دۆست لە ئۆكرانيا (بەهۆی ئەوەی نەيتوانی لە سەرەتاوە سەركەوتنی سەربازی)ی خێرا و يەكلاكەرەوە و لە كاتێكی كورتدا بەدەست بهێنێن.

*** باس لەوە دەكرێت كە بێتوانايی ڕووسيا لە بەدەستهێنانی سەركەوتنێكی خێرا لە شەڕەكەی دژی ئۆكرانيا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە دووچاری هەڵە بوو لە پێشبينييەكانيدا، هەم لە پەيوەندی بە هێزی سوپای وڵاتەكەی و هەم لە پەيوەندی بەو بەرگری و بەرهەڵستييەی ڕووبەڕووی بووەوە لەلايەن ئۆكرانييەكانەوە، هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم بارەيەوە چييە؟**

- لە ڕاستيدا هەردوو لايەنەكە، يان ڕەهەندەكە ڕاستن، مەبەستم ئەوەيە ڕووسيا لە دوو ڕووەوە بە هەڵەدا چوو، يان پێشبينيی هەڵەی كرد، يەكەميان پەيوەست بوو بە توانا و هێزی سوپاكەيەوە، كە دەركەوت لە ئاستی خواست و چاوەڕوانيی خۆياندا نەبوو، بەتايبەتی لە تۆكمەيی سوپاكە و دەستەبەركردنی هاوكاری و يارمەتيی لۆژستی و ئيدارەدانی باشی گۆڕەپانی شەڕەكە، كە لێرەدا جێی خۆيەتی ئاماژە بەوە بكەين كە ڕوون نييە ئايا سەرۆك پوتين لەسەر بنەمای چ



زانیارییەك خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنەكانی كردووە لە پەیوەندی بەم شەڕەوە. دووەمیان پەیوەندیدار بوو بە بەرگریی گەلی ئۆكرانیاوە، كە سەرۆكی رووسیا پێشبینی نەدەكرد ئەم گەلە بەو ئاست و ئەندازە سەختگیرانەیە رووبەڕووی سوپای رووسیا ببێتەوە.

*** ئەی ئێوە چۆن لە ئەدای ئیدارەی سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكان (جۆ بایدن) دەڕوانن لە ئاست ئەم شەڕەدا، بەتایبەتی چەند جارێك و بە بەها سەدان ملیۆن دۆلار هاوكاریی سەربازی بۆ ئۆكرانیا تەرخان كردووە، پێتان وایە ئەم ئیدارەیە رێگەچارەیەكی گونجاو و درووستی گرتووەتەبەر لە ئاست ئەم شەڕەدا؟**

- لە راستیدا دەتوانین ئاماژە بەوە بكەین كە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، یان با بڵێین ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن هاوسەنگیی لە نێوان چەند فاكتەرێكی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا راگرتووە، بە تایبەتی لەم رووەوە دەتوانین بڵێین كە سیاسەتێكی درووست و پێوانەكراوی گرتووەتەبەر لە ئاست شەڕەكەدا، چونكە ئەم ئیدارەیە دەیتوانی بە ئاسانی سوپای ئەمریكا بنێرێتە نێو خاكی ئۆكرانیا، هەروەك ئەوەی داواكاریی لەم چەشنەش لە ئارادابوو، بەڵام ئەمە مەترسیی ئەوەی درووست دەكرد كە سوپای ئەمریكا و سوپای رووسیا بكەونە رووبەڕووبونەوەیەكی راستەوخۆ لەگەڵ یەكتردا، هەروەها ئەگەر ئەم ئیدارەیە كارێك، یان هاوكارییەكی كەمی ئۆكرانیای بكردایە، ئەوا بە هەمان شێوە دووچاری رەخنەگرتن دەبووەوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم كە بژاردەی زۆر لە بەردەستی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا نەبوو بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم شەڕەدا، هەر لە پەیوەندی بە پرسی هاوكاریی سەربازیشەوە (كە ئێوەش لە پرسیارەكەتاندا ئاماژەتان پێ كردووە) ئەوا دەبێت ئەو راستییە بزانین كە چەندین رێكاری بیرۆكراسی هەن بۆ ناردن و رەوانەكردنی چەك، چونكە ئەمریكا ناتوانێت ئەمڕۆ بڕیاری ناردنی چەك بدات و بۆ رۆژی دواتر بگاتە شوێنی مەبەست بۆ ئەوەی كاریگەر بێت.

*** چۆن لە كاریگەری و دەرهاویشتەكانی ئەم شەڕە دەڕوانیت لەسەر وڵاتانی ئەوروپا، بەتایبەتی كە ئێمە بینیمان وڵاتێكی وەك ئەڵمانیا بڕیاری زیادكردنی بوودجەی سەربازیی وڵاتەكەی دا، ئایا تا چەند ئەم شەڕە دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئەم وڵاتانە بە سیاسەتی ئەمنیی خۆیاندا بچنەوە؟**

- لە راستیدا من پێم وایە تا ئەم شەڕە درێژە بكێشێت، ئەوا گەلی ئەڵمانیا بەردەوام دەبن لە پاڵپشتیكردنی سیاسەتی حكومەتەكەیان بۆ زیادكردنی بودجەی بواری سەربازی، بەپێچەوانەوە ئەگەر شەڕە بە خێرایی یەكلا ببووایەتەوە، ئەوا رەنگە ئەم پاڵپشتییە درێژەی نەكێشایە، لەبەر ئەوە پێم وایە یەكێك لە لایەنەكان، یان دەرهاویشتەكانی ئەم شەڕە ئەوەیە كە درك بەوە دەكرێت كە پێویستە ئەڵمانیا كاری زیاتر بكات بۆ بەرگریكردن لە ئاسایشی ئەوروپا، مەبەستم ئەوەیە ئەم شەڕە بێداركردنەوە و زەنگی ئاگاداركردنەوە بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەوە گەلی ئەڵمانیایە كە ئەوە یەكلادەكاتەوە تا چەند درێژە بە سیاسەتی زیادكردنی بودجەی سەربازی بدرێت.


*** ئایا پێتان وایە ئەگەر شەڕەكە درێژە بكێشێت و زیاتر بەرەو هەڵكشان بچێت، ئەوا ئەگەری بەكارهێنانی چەكی ناوكی بێتە ئاراوە؟**

- ئەوەی تا ئێستا بەدی دەكرێت، ئەمە یەكێك نییە لە ئەگەرەكان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت

**تا ئەم شەڕە درێژە بكێشێت، ئەوا گەلی ئەڵمانیا بەردەوام دەبن لە پاڵپشتیكردنی سیاسەتی حكومەتەكەیان بۆ زیادكردنی بودجەی بواری سەربازی**

**درك بەوە دەكرێت كە پێویستە ئەڵمانیا كاری زیاتر بكات بۆ بەرگریكردن لە ئاسایشی ئەوروپا، مەبەستم ئەوەیە ئەم شەڕە بێداركردنەوە و زەنگی ئاگاداركردنەوە بوو**

**چاوەڕوان دەكرێت لە رووسیا كە تاكتیك و رێگاچارەی ترساندن و تۆقاندنی خەڵكەكە بەكار بهێنێت لە رێی تەختكردنی شارەكانەوە**



ئەوەمان لە بیر بچێت کە پێشتر رووسیا نکۆڵیی لەوە دەکرد کە لە سووریا چەکی کیمیای بەکارهێنرابێت، ئەگەرچی لە راستیدا خۆشی پاڵپشتی لێ دەکرد، کەواتە دەکرێت رووسیا ئەم جۆرە چەکانە بەکار بهێنێت لە ئۆکرانیادا و نکۆڵیشی لێ بکات، یان ئۆباڵەکە بخاتە ئەستۆی لایەن، یان وڵاتێکی دیکە، چونکە ئەوە چاوەڕوان دەکرێت لە رووسیا کە تاکتیك و رێگاچارەی ترساندن و تۆقاندنی خەڵکەکە بەکار بهێنێت لە رێی تەختکردنی شارەکانەوە.

*** ئایا پێت وایە ئەم شەڕە هیچ کاریگەرییەکی لێ دەکەوێتەوە لەسەر بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە پێگە و دەسڕۆیشتویی رووسیا و پرسی وزەوە؟**

- ئێمە دەتوانین لە روانگەی هەندێ پرسەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، بۆ نموونە ئەگەر لە ئیسرائیل بڕوانین، ئەوا لە سەرەتاوە دژایەتی و بەرهەڵستیی خۆی بۆ شەڕەکەی رووسیا لە دژی ئۆکرانیا رانەگەیاند، ئەویش بەهۆی بارودۆخی سووریاوە، چونکە ئیسرائیل هەماهەنگییەکی پەنهانی هەیە لەگەڵ رووسیادا لەبارەی بەکارهێنانی ئاسمانی سووریاوە، کە ئیسرائیل جموجوڵەکانی لایەنەکانی دژ بە خۆی لە سووریا بە هەڕەشەی وجودی دەزانێت. لێرەدا رەنگە بووترێت دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە رووسیا ئەم رێککەوتنە پێشێل بکات وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لە ئیسرائیل، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە رووسیاش هێز و بوونی سەربازیی هەیە لە سووریادا، کە نایەوێت لەوەشدا تێوەبگلێت. هەرچۆنێك بێت من پێم وایە رووسیا لەو لایەنەوە دووچاری دۆڕان بووەتەوە کە زیاتر و زیاتر وەك هێزێکی بێ بەزەیی و دڵڕەق دەردەکەوێت، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر شەڕەکە بدۆڕێنێت ئەوا لە تێڕوانینی هاوپەیمانە عەرەبەکانی پێگەی لاواز دەبێت، بە تایبەتی لە رووی پرسی چەککرینەوە ئەگەر دەرکەوێت چەکەکانی رووسیا لە گۆڕەپانی شەڕدا هێندە کاریگەر نیین، ئەوا ئەمە کاریگەریی دەبێت لەسەر بازاڕی چەکفرۆشتنەکەی.

*** ئەگەر رەوتی پرسیارەکان بگۆڕین بۆ بارودۆخی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا ئێوە چۆن لەم بارودۆخە دەڕوانن و چ هەڵسەنگاندنێکتان هەیە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا؟**

- ئەوەی روونە لەم رووەوە ئەوەیە کە پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران هەمووانی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە، کە لەم رووەوە دەتوانین بڵێین، ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن تا ئێستا گفتوگۆییەکی ناسەرکەوتووی ئەنجام داوە لە پەیوەندی بە کێشەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکە ئێرانەوە، بەتایبەتی بەهۆی سەرقاڵبوونی زۆری ئەم ئیدارەیە بە شەڕی ئۆکرانیاوە، هەروەها ئەوەی لە ئێستادا لە هەردوو لایەنی ئەمریکا و ئێران بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە هەردوولا مانۆڕ دەکەن و پەنا بۆ رێگاچارەی تاکتیکی دەبەن، لە کاتێکدا کات تێدەپەڕێت و ئێرانیش بەردەوامە لە بەرەوپێشبردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی. جارێکی دیکە دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە بەهۆی شەڕی ئۆکرانیا چیتر ئەمە نەبووەتە باس و خواسی گەرم، کە پێم وایە ئەگەر ئەم شەڕە نەبووایە ئەوا ئەم پرسە دەبووە جێی باسێکی زۆر و بگرە دەبووە بابەتێکی ناوخۆیی لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە چەشنێك کە خودی ئیدارەی سەرۆك بایدن نەیدەتوانی بە تەواوەتی فەرامۆشی بکات.

**ئیسرائیل هەماهەنگییەکی پەنهانی هەیە لەگەڵ رووسیادا لەبارەی بەکارهێنانی ئاسمانی سووریاوە، کە ئیسرائیل جموجوڵەکانی لایەنەکانی دژ بە خۆی لە سووریا بە هەڕەشەی وجودی دەزانێت**

**من پێم وایە رووسیا لەو لایەنەوە دوچاری دۆڕان بووەتەوە کە زیاتر و زیاتر وەک هێزێکی بێ بەزەیی و دڵڕەق دەردەکەوێت**

**لە رووی پرسی چەککرینەوە ئەگەر دەرکەوێت چەکەکانی رووسیا لە گۆڕەپانی شەڕدا هێندە کاریگەر نیین، ئەوا ئەمە کاریگەریی دەبێت لەسەر بازاڕی چەکفرۆشتنەکەی**

## مایکڵ دێش

بەڕێوەبەری سەنتەری ئاسایشی نێودەوڵەتی لە زانکۆی نۆتردام بۆ گوڵان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بزمارێکی دیکەیە لە تابووتی سیستمی لیبراڵیی جیهانی

مایکڵ دێش پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی نۆتردام و، بەڕێوەبەری سەنتەری ئاسایشی نێودەوڵەتییە لە هەمان زانکۆ، پێشتریش دوو جار سەرۆکی بەشی زانستی سیاسی بووە لەو زانکۆیە، هەروەها دامەزرێنەری ئەنستیتوتی سکۆکرافتە بووە بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە وەك: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا. گوڵان لە دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاتوێ کرد لە بارەی ڕەوتی پەرەسەندن و پێشهاتەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە.

# دیمانەی تایبەت



*** دوو مانگ زیاتر تێدەپەڕێت بەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا، یان با بڵێین بەسەر بڕیاری ڕووسیا بۆ پەلاماردانی سەربازییانەی ئۆکرانیا، خوێندنەوە و تێڕوانینی ئێوە بۆ ئەم شەڕە چییە و چۆن لە لێکەوت و دەرهاویشتەکانی دەڕوانن؟**

- پێم وایە ئەوە بڕیارێکی زۆر دراماتیکی بوو، لە هەمان کاتدا بڕیارێکی پڕ لە مەترسی و سەرکێشی بوو، کە ئێستا بەرجەستە بوون و ڕەنگدانەوەی ئەم بڕیارە لەسەر ئەرزی واقیعدا بەدی دەکەین، هەروەها ئاشکرایە کە ئەگەری سەرکەوتنێکی خێرا لەلایەن ڕووسیاوە لە دژی ئۆکرانیا ئەگەرێکی واقیعی نەبوو و، ڕەوتی شەڕەکەش دەریخست کە ئەمە ئەگەرێکی دوورە، لە هەمان کاتدا من پێم وانییە ئۆکرانیا بتوانێت لە ڕووی سەربازییەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە دژی ڕووسیا، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین دۆخەکە بە بنبەستگەیشتنێکی درێژخایەن دەگات. پێم وایە پرسی پەیوەست بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناتۆ ئەوەیە کە ئایا تا چەند دەتوانن لەگەڵ دۆخێکی بە بنبەستگەیشتووی وێرانکاردا لە ئۆکرانیا خۆیان ڕابێنن، کە ئاشکرایە ئەم دەرئەنجامە زۆرترین ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێت بێتەئاراوە، چونکە کێشەکە ئەوەیە تا شەڕەکە درێژە بکێشێت، ئەگەری بەرفراوانبوون و تەشەنەکردنی شەڕەکە زیاتر دەبێت، لە هەمان کاتدا مایەی درێژبوونەوەی تەنگژە و کارەساتە مرۆییەکە بۆ گەلی ئۆکرانیایە کە وڵاتەکەیان بووەتە گۆڕەپانی شەڕەکە.

*** ئەی چۆن لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە دەڕوانیت لەلایەن ڕووسیاوە، بە واتایەکی دیکە، ئایا هۆکارەکە**

**ئەگەری سەرکەوتنێکی خێرا لەلایەن ڕووسیاوە لە دژی ئۆکرانیا ئەگەرێکی واقیعی نەبوو و، ڕەوتی شەڕەکەش دەریخست کە ئەمە ئەگەرێکی دوورە**

**ئەوە بوو کە ڕووسیا ترس و نیگەرانیی هەبوو کە بە بێ پەنابردن بۆ شەڕ نەیدەتوانی بیانڕەوێنێتەوە، یان دەکرێت بڵێین ئەمە تەنیا ئامانجی فراوانخوازیی ڕووسیا بوو؟**

- بە تێڕوانینی من پاڵنەری سەرەکیی شەڕەکە بریتی بوو لە ترس و نیگەرانیی ڕووسیا لە بەرامبەر بەرفراوانبوونی ناتۆدا، واتە ئەو هەست و تێڕوانینە هەبوو نەك تەنیا لەلای سەرۆك ڤلادمیر پوتین، بەڵکو لە نێو زۆرێك لە بەرپرسە باڵاکانی ڕووسیاشدا، بەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا زیاتر و زیاتر سوود لە لاوازبوونی ڕووسیا وەردەگرن، چونکە نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە لە ساڵی ٢٠٠٧ ڤلادمیر پوتین ڕایگەیاند کە بەرفراوانبوونی ناتۆ و لەخۆگرتنی ئۆکرانیا و جۆرجیا هێڵی سوورە و قابیلی قبووڵکردن نییە، بەڵام ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٨ و لە لوتکەی بوخاریست ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوشاری لەسەر ئەندامانی دیکەی ناتۆ کرد، بۆ ئەوەی بە فەرمی پرسی بە ئەندامبوونی ئەم دوو وڵاتە لە نێو ناتۆدا تاوتوێ بکەن، هەموو ئەمانەش سەریان کێشا بۆ هاتنەئارای دەرئەنجامێکی حەتمی و تراژیدی.

*** با پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە بکەین، ئایا بە ڕاستی نیگەرانییەکانی ڕووسیا لە جێی خۆیدا نەبوون، یان لە واقیعدا بەرژەوەندیی ئەمنی و ستراتیژییەکانی ئەو وڵاتە لە مەحەك و مەترسیدا بوون و ڕووسیا خۆی لە دۆخێکدا بینییەوە کە ناچار بوو کاردانەوەی هەبێت؟**

- ئێمە با لە ڕوانگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لەم پرسە بڕوانین، ئێمە لە سەروەخت و سەردەمی شەڕی سارددا زۆر نارەحەت و نیگەران بووین لە ڕووخانی ئەو دەسەڵاتەی لە کوبادا لە ئارادابوو (کە دەسەڵاتێك بوو مەیلی بۆ ئەمریکا هەبوو و جێگرتنەوەی بە دەسەڵاتێك بە سەرۆکایەتیی فیدڵ کاسترۆ) کە پتر نزیك بوو لە مۆسکۆی پایتەختی یەکێتی سۆڤیەت، ئەوە بوو ئەمریکا بە ڕوونی ڕایگەیاند کە ناتوانێت لەگەڵ ئەم دۆخەدا بژی و، دواتر پێشهاتەکان پەرەیان سەند تا گەیشتە هاتنەئارای قەیرانی مووشەکەکانی کوبا. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە دەبێت ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرین کە هێزە مەزنەکان زۆر هەستیارن بەو پەرەسەندن و پێشهاتانەی لە نزیك وڵاتەکەیانەوە ڕوو دەدەن، کەواتە ئەگەر مانۆڕی هێزەکانی ڕووسیا (لە پێش هەڵگیرسانی شەڕەکەوە) مایەی سەرسوڕمانی ئێمە بووبێت، ئەوا وا دیارە کە یادەوەریمان لە ئاست مێژوودا لاواز بووە.

*** پێشتر بڕوا و بۆچوونێك هەبوو بەوەی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لە ئەورووپادا ئەگەرێکی دوورە، بەهۆی ئەو پشتبەیەکبەستن و ئاوێتەبوونە ئابوورییەی هاتبووە ئاراوە، کەواتە بەرپابوونی ئەم شەڕە چیمان پێ دەڵێت لەبارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و، ئەگەری ڕوودانی شەڕی زیاتر لە نێوان وڵاتاندا، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەم شەڕە دەریخست کە ئەو بۆچوونەی پێشوو زۆر لە جێی خۆیدا نەبوو؟**

- لە ڕاستیدا ئەم شەڕە بزمارێکی دیکە بوو لە تابوونی سیستمی لیبراڵیی جیهانی، هەروەها ئێمە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بۆمان دەرکەوت کە ئاوێتەبوونێکی گەورەی ئابووری بەو مانایە نایەت کە ئیدی دوو وڵات شەڕ لەگەڵ یەکتردا بەرپا ناکەن، یان پەنا نابەنە بەر شەڕ لە دژی یەکتری، ئەم جارەش ئەوەمان بەدی کرد کە سەرەڕای پەیوەندی و ئاوێتەبوونێکی گەورەی دوولایەنەی نێوان ڕووسیا و ئەورووپا (بە تایبەتی لە پەیوەندی بە پرسی وزەوە) ئەگەر بەرژەوەندییە جیوپۆلەتیکییەکان کەوتنە مەترسییەوە ئەوا ئەم پرسانە دەبنە پرسی لاوەکی.

*** چۆن لە کاردانەوە و پەرچەکداریی خێرا و دەستبەجێی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڕوانیت بۆ دەستەبەرکردنی هاوکاریی سەربازی بۆ ئۆکرانیا و، بۆ ڕێگریکردن لە ڕووسیا، تا نەتوانێت سەرکەوتنێکی خێرا و یەکلاکەرەوە بەدەست بهێنێت؟**

- گومان هەڵناگرێت کە ڕۆژئاوا سەرکەوتوو بوو لەوەی ڕێگە نەدات ڕووسیا سەرکەوتنێکی خێرا بەدەست بهێنێت، هەرچەندە ئێمە دڵنیا نین لەوەی ئۆکرانیا دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام من لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە کە درێژەکێشانی بارودۆخە بەبنبەستگەیشتووەکەی

**پرسی پەیوەست بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناتۆ ئەوەیە کە ئایا تا چەند دەتوانن لەگەڵ دۆخێکی بە بنبەستگەیشتووی وێرانکاردا لە ئۆکرانیا خۆیان ڕابێنن**

**تا شەڕەکە درێژە بکێشێت، ئەگەری بەرفراوانبوون و تەشەنەکردنی شەڕەکە زیاتر دەبێت، لە هەمان کاتدا مایەی درێژبوونەوەی تەنگژە و کارەساتە مرۆییەکە بۆ گەلی ئۆکرانیایە کە وڵاتەکەیان بووەتە گۆڕەپانی شەڕەکە**

**لە ساڵی ٢٠٠٧ ڤلادمیر پوتین ڕایگەیاند کە بەرفراوانبوونی ناتۆ و لەخۆگرتنی ئۆکرانیا و جۆرجیا هێڵی سوورە و قابیلی قبووڵکردن نییە**

**هێزە مەزنەکان زۆر هەستیارن بەو پەرەسەندن و پێشهاتانەی لە نزیك وڵاتەکەیانەوە ڕوو دەدەن**

شەڕەکە و ئەگەری هەڵکشانی زیاتری بەرەو شەڕێکی بەربڵاو، هێندە گەورەیە کە دەبێت بیر لە ڕاگرتن و کۆتاییهێنان بە شەڕەکە بکرێتەوە، نەك خۆشکردنی ئاگری شەڕەکە.

*** هەروەك ئاشکرایە کاردانەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا لە دەستەبەرکردنی هاوکاری و یارمەتیی سەربازیدا کورت نەبووەتەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا چەندین سزای ئابووری و داراییان بە سەر ڕووسیاشدا سەپاندووە، ئایا چۆن کاریگەری و کارایی ئەم ڕێکارانە هەڵدەسەنگێنن و، ئایا بوونەتە هۆی بەدیهێنانی دەرئەنجامێکی خوازراو؟**

- ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە هەرچەندە ئەم سزایانە کێشە و گرفتیان بۆ ڕووسیا دروست کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین کە نەبوونەتە هۆی هێنانەئارای دەرئەنجامێکی خوازراو بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، چونکە بە هۆی ئەوەی لە جیهاندا خواستێکی زۆر لە سەر وزە (نەوت و گاز) هەیە، ئەوا ڕووسیا توانیویەتی کڕیاری دیکە پەیدا بکات، تەنانەت زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپاش هێشتا گازی سرووشتی لە ڕووسیا دەکڕن، هەموو ئەمانە سنوور و سنووربەندیی سزا ئابوورییەکانمان بۆ دەردەخەن.

*** ئەی چۆن لە ڕۆڵی چین دەڕوانن لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە و، ئایا پێتان وایە چین سوودمەندی سەرەکییە لەو بارودۆخەی هاتووەتەئاراوە لەو ڕوانگەیەوە کە بووەتە هۆی سەرقاڵبوونی ئەمریکا، ئەمەش بواری دروست کردووە بۆ چین بۆ ئەوەی لە جیهاندا پتر برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە نەتوانین بڵێین چین سوودمەندی سەرەکییە، بەڵام دەکرێت بڵێین بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی هەلومەرجەکە بە چەشنێکە کە بەراورد بە زۆرێك لە وڵاتانی دیکە، بە سوود و قازانجی چین کەوتووەتەوە.

*** ئەی پێت وایە ئەم شەڕە هیچ کاریگەری و دەرئەنجامێکی دەبێت لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەو ڕوانگەیەوە کە ڕووسیا ئامادەیی و دەستڕۆیشتوویەکی سەربازیی هەیە لەم ناوچەیەشدا، بە تایبەتی لە سووریا، یان پێت وایە ئەوە لە ئۆکرانیا ڕوودەدات، کاریگەرییەکەی بۆ ئەم ناوچەیە ناپەڕێتەوە؟**

- من پێم وانییە ئەم شەڕە هیچ دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەکی هەبێت لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** ئەی چۆن لە کاریگەریی ئەم شەڕە دەڕوانیت لەسەر حیساباتی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە پەیوەندی بە پرسی ئاسایش و وزەوە؟**

- ئەوە ڕوونە کە ئەم شەڕە ناچاری کردوون کە بیر لەم پرسە بکەنەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لە مەودای نزیکدا کارێکی زۆریان لە دەست نایەت، بۆ نموونە ئەڵمانیا بە هۆکاری سیاسی

**لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بۆمان دەرکەوت کە ئاوێتەبوونێکی گەورەی ئابووری بەو مانایە نایەت کە ئیدی دوو وڵات شەڕ لەگەڵ یەکتردا بەرپا ناکەن**



پرۆگرامە ئەتۆمییە مەدەنییەکەی خۆی داخست و ئێستاش خۆزگە دەخوازێت کە ئەم کارەی نەکردایە.

*** دوایین پرسیارمان پەیوەستە بە پێشبینییەکانتانەوە بۆ چۆنیەتیی کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە، ئایا پێتان وایە دەکرێت، یان ئەگەری ئەوە هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا و لە ڕێی گفتوگۆ و ڕێگاچارە دیپلۆماسییەکانەوە بتوانرێت ئەم شەڕە کۆتایی پێ بهێنرێت؟**

- من دڵنیا نیم لەوەی بکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم دەرئەنجامە بە دەست بهێنرێت، واتە پێم وانییە بتوانرێت لە ڕووی سەربازییەوە ئەم شەڕە یەکلا بکرێتەوە، لەبەر ئەوە هەر دەبێت لە کۆتاییدا لە ڕێی گفتوگۆوە چارەسەرێك بهێنرێتە ئاراوە، کەوابێت پێویستە لە ئێستادا دەست بەم گفتوگۆیە بکەین، لە بری ئەوەی کە شەڕەکە بەردەوام بێت و ئێش و ئازاری گەلی ئۆکرانیاش درێژە بکێشێت.

**درێژەکێشانی بارودۆخە بەبنبەستگەیشتووەکەی شەڕەکە و ئەگەری هەڵکشانی زیاتری بەرەو شەڕێکی بەربڵاو، هێندە گەورەیە کە دەبێت بیر لە ڕاگرتن و کۆتاییهێنان بە شەڕەکە بکرێتەوە، نەک خۆشکردنی ئاگری شەڕەکە**



# کارتی نەوت و گاز

## لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرنیا و بەشداریی ئەمریکا و زۆر لە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و جیهان بە شێوازی یارمەتیدانی سەربازی و لۆجستیی ئۆکرانیا لەو شەڕەدا، بازاڕی نەوت و گاز شڵەژانێکی گەورەی تێکەوتووە و نرخەکان ڕووی لە هەڵکشان کردووە، ئەگەرێکی زۆر هەیە نەوت و گاز زیاتر بکرێنە کارتی فشار و سەپاندنی گەمارۆ لەلایەن هەردوو لایەنی شەڕەکەوە. ڕووسیا کە خاوەنی یەك لەسەر شەشی هەموو ڕووبەری جیهانە و سامانێکی سروشتیی گەورەی هەیە، بەتایبەتی لە نەوت و گاز و بە سەدان پاڵاوتگە و پیشەسازیی پترۆکیمیاویی هەیە و لە هەناردەکردنی نەوت و گازی سرووشتیدا لە ڕیزبەندی پێشەوەی وڵاتانی جیهان دێت، ئەم وڵاتە زۆر بە ڕێکوپێکی ئیدارەی ئەم سامانە گرنگەی کردووە و، وەکو کارتێکی فشار بەرامبەر خۆرئاوا بەتایبەتی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا بەکاری دەهێنێت. لە بەرامبەردا ڕۆژئاوا و وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ و ئەوروپاشدا نایانەوێت چیتر ئەوەندە پشت بە نەوت و گازی ڕووسی ببەستن، چونکە ئەو وڵاتە نەك تەنیا نەوت و گاز وەکو کارتی فشار لە دژیان بەکار دەهێنێت، بگرە ئەم داهاتەش وەکو پاڵپشتییەکی سەربازی بۆ سوپاکەی و هێرشەکانی بەکار دەهێنێت. ڕووسیا لە ڕووی هەناردەی نەوتەوە، ڕۆژانە ١٠ ملیۆن بەرمیل نەوت ڕەوانەی بازاڕە جیهانییەکان دەکات و ٤ ملیۆن بەرمیلی بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا دەنێرێت، لە پلانیشیدایە ئەم هەناردەیەی نەوت بگەیەنێتە ١١ ملیۆن بەرمیل نەوت و گرنگیی زیاتر بە هەناردەی گازی سرووشتیی خۆی بدات. درێژبوونەوەی ماوەی شەڕەکە و دەرکەوتنی شوێنەوارەکانی بەتایبەتی لەسەر ئابووریی جیهانی و کەرتی نەوت و گاز بارودۆخەکەی مەترسیدارتر کردووە، بەتایبەتی ئەوروپا مەترسیی ئەوەیان هەیە لە ئەگەری درێژبوونەوەی شەڕەکە نرخی نەوت و گاز زیاتر بەرز ببێتەوە. حکومەتەکانی ئەوروپا باش دەزانن ئەم گرانبوونە دەبێتە هۆی بارگرانیی زیاتر لەسەر هاووڵاتیان و فشاری زیاتر بۆ سەر حکومەتەکانیان دروست دەبێت، ئەگەری زۆریش هەیە نەوت و گاز ببێتە کارتێکی فشار لە دژی

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیمارات و قەتەر و تورکیا جەختی لەوە کردەوە کە نەوت و گازی کوردستان بەدیلی نەوت و گازی هیچ وڵاتێک نییە و پێویستە نەوت و گازی سرووشتی ببێتە بنەمایەک بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان**

**دۆزینەوەی بەدیلی نەوت و گازی سرووشتیی ڕووسیا بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە کارێکی ئاسان نییە**

**درێژبوونەوەی ماوەی شەڕەکە و دەرکەوتنی شوێنەوارەکانی بەتایبەتی لەسەر ئابووریی جیهانی و کەرتی نەوت و گاز بارودۆخەکەی مەترسیدارتر کردووە**





**د.بێوار خنسی**

**ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شارەزای وزە**

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

یەکتر لەم شەڕەدا، بەتایبەتی لەسەر وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا کە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز پشتیان بە نەوت و گازی سرووشتیی ڕووسیا بەستووە، لەسەر ئەم بابەتەش دەمێکە لە نێوان یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکا ناکۆکی هەیە، بەوەی چیتر ئەورووپا پشت بە نەوت و گازی ڕووسیا نەبەستێت، ناکۆکییەکانی گۆڕینی شێوازی کڕینی نەوت و گازەکە لە دراوی دۆلار و یۆرۆوە بۆ ڕۆبڵی ڕووسیایی لەم چوارچێوەیەدا دێت، شەڕی سەپاندنی گەمارۆ لەسەر ڕووسیا و لە بەرامبەردا ڕاگرتنی فرۆشتنی نەوت و گاز لەسەر پۆڵەندا و بولغاریا و ئەگەری سەپاندنی سزای هاوشێوە لەسەر ئەو وڵاتانەی یارمەتیی سەربازی و چەك بە ئۆکرانیا دەدەن، بارودۆخەکەی مەترسیدارتر کردووە، چونکە ڕووسیا دروشمی «چەك بەرامبەر چەك و سزا بەرامبەر سزا»ی بەرز کردووەتەوە، لەلایەك ڕێگا نادات بە کۆمپانیای گاز پرۆم چیتر جگە لە ڕۆبڵ گاز بە هیچ دراوێکی دیکە بفرۆشێت و ئەگەری زۆریشە سزا بەسەر ئەڵمانیاش بسەپێنێت کە بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز پشتی بە گازی سرووشتیی ڕووسیا بەستووە و، کەرتی پیشەسازی و پاڵاوتگەکانیان و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و بەنزین و سووتەمەنییەکانی دیکەی پشتی بە گازی ڕووسیا بەستووە، شارەزایان و هاووڵاتیانی ئاساییش باش دەزانن وڵاتەکانی ئەورووپا تا دوو بۆ سێ ساڵی دیکە ناتوانن بەدیلی نەوت و گازی سرووشتیی ڕووسیا بدۆزنەوە، واتە گەڕان بە دوای سەرچاوەی بەدیلدا لە لایەن ئازربایجان و ئیسرائیل و قەتەر و لە وڵاتانی باکووری ئەفریقیا بە هەمان تێچوون و ئاسانی گواستنەوەی دروست نابێت، لەبەرامبەردا ڕووسیا کە لە ٦٠٪ی گازی سرووشتی بۆ پیشەسازی و کارەبا و پێداویستیی ناوخۆ بەکار دەهێنێت بۆ گەرمکردنی ماڵەکان و دابینکردنی کارەبا و پیشەسازیی پترۆکیمیاوی سوودی لێوەردەگرێت و، تەنیا لە ٤٠٪ی ڕەوانەی ڕۆژهەڵات - وڵاتانی وەکو چین و هیندستان و ڕۆژئاوا - بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا دەنێرێت، لەم برەش ڕۆژانە یەکێتیی ئەورووپا ٤ ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕووسیا دەکڕن و ساڵانە ٦٤ ملیار یۆرۆ گازی سرووشتی دەهێنن، ئەورووپا باش دەزانێت ئەگەر ڕووسیا کارتی گاز وەکو فشارێك لە دژی وڵاتەکانیان بەکاربهێنێت کە بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز پشتیان بە گازی ڕووسیا بەستووە، ئەوا زیانێکی گەورە بەر ئەو وڵاتانەی وەکو ئەڵمانیا و بولغاریا و پۆڵەندا و ئیتاڵیا و فەرەنسا و ڕووسیا-ش دەکەوێت و لەمەشدا ئەمریکا سوودمەندی سەرەکی دەبێت.

دۆزینەوەی بەدیلی نەوت و گازی سرووشتیی ڕووسیا بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی کە ئەو وڵاتانە بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز پشتیان بەو نەوت و گازە بەستووە، ئێ خۆ ناکرێت ڕووسیا خاکی ئۆکرانیا داگیربکات و هەڕەشە لە ناتۆ و ئەمریکا و کیشوەری ئەورووپا بکات و بە داهاتی فرۆشتنی نەوت و گاز درێژە بە شەڕەکە بدات و، ئەوانیش دەستەوەستان بووەستن، لە کاتێکدا چەندین جار سزای ئابووری و دارایی بە سەر ڕووسیادا سەپێندراوە، بەڵام بە توندی نەبووە لەسەر بواری نەوت و گاز، ئەمجارە ئەگەری زۆرە ئەم سزایانە کەرتی نەوت و گازی سرووشتییش بگرێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕووسیا ئیستغلالی دۆخی وڵاتانی ئەورووپای کردووە و بە ڕۆبڵ نەوت و گازیان پێ دەفرۆشێت و کاری نایاسایی لە گرێبەستەکاندا کردووە.

لە ئێستادا ئەمریکا و بەریتانیا لە هەوڵی قەناعەتپێکردنی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپان بۆ ئەوەی دەستبەرداری کڕینی نەوت و گازی ڕووسیا بن، لەمەشدا پاڵەپەستۆیەکی زۆریان خستووەتە سەر وڵاتانی ئۆپێك و ئۆپێك پلاس تاوەکو بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت بەرز بکەنەوە و بەدیلێك بۆ ئەو ٤ ملیۆن بەرمیل نەوتەی ڕووسیا بدۆزنەوە، کە یەکێتیی ئەورووپا پێویستیەتی. ئۆپێك پلاس تەنیا ٤٣٢ هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە بۆیان زیاد کراوە و لەبەر نەبوونی پرۆژە و وەبەرهێنانی نوێ ناتوانن بەرهەم زیاد بکەن، ئەمریکاش لە هەوڵی ئەوەدایە لە یەدەگی نەوتی خۆی ڕۆژانە یەك ملیۆن بەرمیل نەوت بخاتە بازاڕەوە.

ڕووسیا وا بە ئاسانی ڕێگا بە وڵاتانی باکووری ئەفریقیا و ئازەربایجان و قەتەر نادات ببنە بەدیلی گازی سرووشتیی ئەو وڵاتە. ئەوەی

**ناکرێت ڕووسیا خاکی ئۆکرانیا داگیربکات و هەڕەشە لە ناتۆ و ئەمریکا و کیشوەری ئەورووپا بکات و بە داهاتی فرۆشتنی نەوت و گاز درێژە بە شەڕەکە بدات و، ئەوانیش دەستەوەستان بوەستن**

**ئەمریکا و بەریتانیا لە هەوڵی قەناعەتپێکردنی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپان بۆ ئەوەی دەستبەرداری کڕینی نەوت و گازی ڕووسیا بن**

**ئەوەی زۆر کاریگەریی و ڕێگری لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت کردووە، بەکارهێنانی یەدەگی نەوتی ئەمریکایە کە ڕۆژانە یەك ١ ملیۆن بەرمیل نەوت بەکار دەهێنێت**

زۆر کاریگەریی و ڕێگری لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت کردووە، بەکارهێنانی یەدەگی نەوتی ئەمریکایە کە ڕۆژانە یەك١ ملیۆن بەرمیل نەوت بەکار دەهێنێت، کە لەگەڵ ئەو سکهەڵگوشین و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی گازی سرووشتی لەلایەن وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپاوە بەوەی نرخەکەی بەرز بووەتەوە و بەکارهێنانیشی کەمی کردووە، تا ڕاددەیەك کاریگەریی لەسەر ڕاگرتنی هەڵکشانی زیاتری نرخی نەوت و گاز کردووە.

وڵاتانی بەرهەمهێنەر و هەناردەکردنی نەوت و گازی سرووشتی دیوێکی دیکەی ئەم هاوکێشەیەن، لە ڕێگەی بەرزبوونەوەی نرخەکان و زیادبوونی فرۆشتنەکانیانەوە سوودێکی باشیان کرد، بەڵام هاوکات بەرزبوونەوەی نرخی خۆراك و تێچوونی بەرهەمهێنانی جیهانی بووە هۆی کەمبوونەوەی ئەو سوودە بەتایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی جگە لە نەوت بە وڵاتانی هێنراو و بەکارهێنەر ناسراون، بە هاوشێوەی وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان، خۆ ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان ڕێژەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەگەڵ ڕێژەی نرخ هەڵاوسان بە ڕوونی ئەو بارگرانییە دیارە کە کەوتووەتە سەر شانی هاووڵاتیان. لەلایەکی دیکەوە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران لە خاکی عێراقدا وای کردووە، ڕێگا نەدرێت عێراق و کوردستان ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سرووشتی زیاد بکەن، هێرشە مووشەکییەکان بۆ سەر کۆمپانیا و پاڵاوتگەکانی هەرێمی کوردستان لەم چوارچێوەیەدایە، ئەمە وێڕای ئەوەی دەرکردنی بڕیاری نادەستووری و نایاسایی دادگای فیدراڵی عێراق دژی کەرتی نەوت و گازی هەرێم و هەڵمەتی ڕاگەیاندنی زۆر حزب و لایەنی سیاسی دژی مەلەفی نەوت و گاز هەمووی لەم چوارچێوەیەدا دێت و، دوورە لە بەها ئەخلاقی و بنەماکانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەوە، ئەگەر وا نییە، بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سرووشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان دژی کێیە و لەم کاتەدا کە نرخی نەوت و گازی سرووشتی بەرزە، چی ڕێگا بەوە نادات ئابووریی عێراق و هەرێم بەرز ببێتەوە؟ وێڕای هەموو پاساو و کەموکورتییەکانیش کە ئەم دوو سامانە سرووشتییە بەخۆیەوە دەبینێت، کۆتاجار خەڵکی عێراق و کوردستان سوودمەند دەبن و بازاڕەکانیان دەبووژێتەوە.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیمارات و قەتەر و تورکیا جەختی لەوە کردەوە کە نەوت و گازی کوردستان بەدیلی نەوت و گازی هیچ وڵاتێك نییە و پێویستە نەوت و گازی سرووشتی ببێتە بنەمایەك بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان و بەهێزبوونی ئابووریی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان و بۆ خێر و خۆشی گەلانی عێراق و کوردستان بەکار بهێندرێت، ئەمەش بە هاریکاری و پەیوەندیی باشی نێوان لایەنە سیاسییەکان و حکومەتەکانی ناوچەکە دروست دەبێت، خۆ لەم قۆناغەدا ئەگەر ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتیش زیاد بکەین، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و پێداویستیی ناوخۆ بە کاری بهێنین، هێشتا نەگەیشتووینەتە قۆناغی هەناردەکردنی گاز، خۆ ئەگەر لە داهاتوودا وەبەرهێنان لە گازی سرووشتی زیاد بکەین، خۆ لەسەر حیسابی هیچ دەوڵەتێك نییە، بەڵکو بۆ بەهێزکردنی هەمووانە و لە خزمەتی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکانە و پاراستنی هێمنی و ئاسایشی ناوچەکە و جیهانە. بەداخەوە لەم ناوچەیەدا هەر کاتێك بزاڤێکی ئاوەدانی و خزمەتگوزاریی و باشکردنی ئابووری و خزمەتگوزارییەکان دەرکەوێت، دەیان گرووپی چەکدار و بەکرێگیراوی بیانی دەست بە هێرش و هەڵمەتی ناڕەوا و بەلاڕێدانەبردنی ڕاستییەکان دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی یەکێتیی ئەورووپا باش دەزانێت پشتبەستن بە گازی ڕووسی مەترسییەکی گەورەیە، پەنابردن بۆ نەوتی پشتێنەی گازی جیهانی لە (دەریای قەزوێن و کەنداوی عەرەبی و باکووری ئەفریقاش) کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە حکومەتەکانی ئەم وڵاتانە ناسەقامگیرن و تیرۆر و توندوتیژی و میلیشیاتی چەکداریی زۆری هەیە، کە ڕێگا نادەن ببنە بەدیلی نەوتی ڕووسی، تەنیا ڕێگا لەوەدا دەبێت، هەمووان گفتوگۆ و دانوستانەکان بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتی نەوتی و گازی دەست پێ بکەن و، ئێمەش دەتوانین نەوت و گاز وەکو سامانێك بۆ پاراستنی هێمنی و پێشکەوتنی ئابووریی جیهانی دوور لە ململانێ سیاسییەکان بەکار بهێنین.

**ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران لە خاکی عێراقدا وای کردووە، ڕێگا نەدرێت عێراق و کوردستان ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سرووشتی زیاد بکەن**

**لەم قۆناغەدا ئەگەر ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتیش زیاد بکەین، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و پێداویستیی ناوخۆ بە کاری بهێنین، هێشتا نەگەیشتووینەتە قۆناغی هەناردەکردنی گاز**

**بەداخەوە لەم ناوچەیەدا هەر کاتێك بزاڤێکی ئاوەدانی و خزمەتگوزاریی و باشکردنی ئابووری و خزمەتگوزارییەکان دەرکەوێت، دەیان گرووپی چەکدار و بەکرێگیراوی بیانی دەست بە هێرش و هەڵمەتی ناڕەوا و بەلاڕێدانەبردنی ڕاستییەکان دەکەن**





# پەروەردەکاران باسی ڕێکارەکانی ئامادەکردنی قوتابیان بۆ پێشوازی لە تاقیکردنەوەکان دەکەن

بەپێی ئامارەکان لە هەرێمی کوردستان ١،٧٠٧،٢٤٩ قوتابی و ١٢٠،٦٥٨ مامۆستا و ٦،٤٢٩ قوتابخانە هەن. بەپێی ئەو خشتانەش کە دیار کراون، ڕاستەوخۆ دوای پشووەکانی جەژنی ڕەمەزان، لە ٨ی ٥ تاقیکردنەوەکان بەڕێوە دەچن و لە پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتیش ١٠ی ٥ تاقیکردنەوەکان دەست پێ دەکەن. بەڵام ئەو میکانیزمانە چین کە یارمەتیی قوتابی دەدات بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەکان ئاستێکی باش بەدەست بێنێت؟ ئایا پێویستە بەخێوکەری قوتابیان بە چ شێوازێك منداڵەکانیان بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادە بکەن و ئەو ئاسانکاری و زەمینەسازییانە چین کە پێویستە بۆیان بکرێت؟ پەروەردەکارانی بەشداربووی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



سەرەتا کامەران ئەبابەکر مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە. هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و قوتابیی دکتۆرا لە کۆلێژی پەروەردەی هەولێر، سەبارەت بە چۆنیەتی خۆئامادەکردنی قوتابی بۆ پێداچوونەوەی خوێندنی وەرزی باسی ئەوە دەکات کە «هەمیشە لە کاتی نزیکبوونەوەی تاقیکردنەوەکان قوتابیان تووشی فشاری دەروونی دەبن، ئەمەش حاڵەتێکی تا ڕادەیەك ئاساییە، ئەگەر نەبێتە هۆی ترس، چونکە هەر ئەم فشارە وا لە قوتابی دەکات، بخوێنێت و پلان بۆ سەرکەوتن دابنێت. لەم سۆنگەوە وا چاکە قوتابی پلانی بۆ خوێندن هەبێت، یان دایك و بابان پلانی خوێندن بۆ منداڵەکانیان دابنێن، بۆ ئەمەش دەشێت چەند خاڵێك لە پێش چاو بگیرێن، لەوانە، ئەرکی دایك و باوکان:

١. پێویستە دایك و باوکان کەشێکی هێمن و ئارام و دوور لە ژاوەژاو و کێشە خێزانییەکان بۆ منداڵەکانیان بڕەخسێنن و چاودێرییان بکەن، هەر ئەمەش بەس نییە، بەڵکو پێویستە بەدواداچوون بۆ پێداچوونەوەی خوێندنەکەیان بکەن و هانیان بدەن بۆ ئەوەی نمرەی بەرزتر بەدەست بهێنن.

٢. پێویستە پلانی خەوتن و خواردن و خوێندن لە ڕووی ماوە و کات بۆ منداڵەکان ڕێك بخرێت.

٣. پێویستە قوتابی دوور بکەوێتەوە لە بەکارهێنانی مۆبایل و یارییە ئەلیکترۆنییەکان و سۆشیاڵ میدیا.

ئەگەرچی هەبوونی ئەم چەند خاڵە گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام بەدەنگەوە نەهاتنی قوتابی و جێبەجێنەکردنی ئەم خاڵانە ڕیسەکە دەکاتەوە بە خوری.»

مامۆستا کامەران جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە قوتابی ئەم خاڵانە جێبەجێ بکات:

یەکەم: دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە دووری دەخەنەوە لە بابەتی خوێندنەکەی. وەك ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێ دا.

دووەم: بە هاوکاریی دایك و باوکان پلان و خشتەیەك بۆ کاتی خوێندن دابنێ، بەیانیان زوو لەخەو هەستە و چەند کاتژمێرێك بخوێنە، دواتر کاتی پشوودانەکانت دیار بکە و دووبارە دەست بە خوێندن بکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ڕۆتینی خەوی خۆت تێك نەدەیت، ئەگەر بتوانیت نیوەڕۆیانیش نیو کاتژمێر تا ٤٥ خولەك بخەوێت.

سێیەم: پێش خۆئامادەکردن بۆ دەستکردن بە خوێندنەوە، ئەو کاتانە بهێنەوە بیرت کە تۆ زۆر بە باشی وانەکانت ئەزبەر دەکرد و لەوێدا بیرت باش بوو.

چوارەم: کاتێ دەست دەکەیت بە خوێندنەوە و خۆ ئامادەکردن هەندێ دەستەواژە (پاڵنەری دەروونی -گەشبینی) بە خۆت بدە. بە خۆت بڵێ: (من بە ئاسانی زانیارییەکان وەردەگرم، من ئەو شتانەی کە دەیخوێنمەوە، هەموویانم بیردێتەوە، من زۆر بە ئاسانی فێر دەبم، دڵنیام بە نمرەی باش سەردەکەوم.)

پێنجەم: کاتێك هەست بە ماندووبون دەکەیت، واز لە خوێندنەوە بێنە، لەبەر ئەوەی وزە و کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدەیت، کەچی مێشکت ماندووە و هیچ وەرناگرێت.

شەشەم: هەمیشە لە یەك شوێنی تایبەتدا وانەکانت بخوێنەرەوە، با شوێنەکەش هێمن بێت و بە دانیشتنیشەوە خوێندنەکەت بکە.

حەوتەم: هەندێ کەس کە دەخوێننەوە، دەیانەوێ گوێیان لە دەنگی خۆیان بێت و باشتر مێشکیان وەری دەگرێت، تۆش شێوازێك بۆ چۆنیەتی خوێندنەوەکەت تاقی بکەرەوە، بزانە لە چ جۆرە خوێندنەوەیەکدا تەرکیزت بەهێزترە (خوێندنەوە بە دەنگی بەرز، یان نزم).

هەشتەم: باشتر وایە کە لە شوێنی نووستندا خوێندنەوە و پێداچوونەوە نەکەیت، چونکە زوو زوو خەو دەتگرێت.


نۆیەم: هەوڵ بدە ژەمی بچووك بچووك لە ناوەڕاستی خوێندنەکەت بخۆیت، وەك ؛سێوێك، پرتەقاڵێك و ...) بە هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك.»

پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم مامۆستایە و هاوکات قوتابیی ماستەرە لە بەشی مێژوو، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەم پرسە کۆمەڵێك لێکدانەوە هەڵدەگرێت و هەر لێکدانەوەیەکیش پەیوەست دەبێت بە ئاستی تێگەیشتنی ئەو گرووپانەی دابەش دەبن بە



کامەران ئەبابەکر:

**پێویستە دایک و باوکان کەشێکی هێمن و ئارام و دوور لە ژاوەژاو و کێشە خێزانییەکان بۆ منداڵەکانیان بڕەخسێنن**



پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم:

**وێڕای زیرەکی و کارامەیی ئاستی تێگەیشتنی خودی قوتابییەکە دیوێکی دیکەی پەیوەندی بەوە هەیە کە بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ خوێندن و پێداچوونەوە بۆ خۆی داناوە و پەیڕەوی دەکات**



مامۆستای وانەبێژ محەمەد عوسمان:

**گرینگترین میکانیزمی قوتابیی سەرکەوتوو لە تاقیکردنەوەکان ئەوەیە بە حەزەوە وانەکان بخوێنێت**

سەر ئاستە جیاوازەکان». گوتیشی: «ڕاستە قوتابییان لەژێر یەك تایتڵ و یەك مەنهەجی خوێندنن، بەڵام لە یەك ئاستی تێگەیشتن و لێهاتوویی و زیرەکی نین، لە هەمانکاتیشدا کۆمەڵێك فاکتەری دیکە هەن کە کاریگەرییان دەبێت لە ئاستی لێهاتوویی و کارامەیی قوتابی و پێچەوانەکەیشی کە پێی دەوترێت (لاوازی). مادام پرسیارەکەتان گشتییە، دەبێت ئەو پوختەیە باس بکەین کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی قوتابی دوور بکەوێتەوە لە فشاری ترس و دڵەڕاوکێ و لێشێوان بە هۆی بیرکردنەوە لە پرسیاری تاقیکردنەوەکان. یەکەم هەنگاو کە دەبێت قوتابی بینێت، تا سەرکەوتوو بێت، ئەوەیە پشت بە توانای خۆی ببەستێت و تەواوی ئامادەیی لە نێو پۆلدا جارێکی دیکە بخاتەوە بیری خۆی و تەواوی تێگەیشتنی بخاتەسەری، لایەنێکی دیکەش ئەوەیە دۆخێکی وا بۆ خۆی بڕەخسێنێت کە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی دۆخە گشتییەکان، بەتایبەتی ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەوری زۆری هەیە لەسەر هەمووان. بە ڕای زۆربەی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری پەروەردە ئەو قوتابیانەی کە سەرکەوتوو بوون لە تاقیکردنەوەکاندا، وێڕای زیرەکی و کارامەیی ئاستی تێگەیشتنی خودی قوتابییەکە دیوێکی دیکەی پەیوەندی بەوە هەیە کە بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ خوێندن و پێداچوونەوە بۆ خۆی داناوە و پەیڕەوی دەکات. لانیکەم دەبێت قوتابی تەواوی ڕۆژی خۆی بەرنامەڕێژ بکات و بەپێی کاتەکان خۆی لەگەڵ خوێندن و پێداچوونەوە بگونجێنێ و هەموو کاتی بۆ پشوو نەبێت و هەموو کاتیشی بۆ خوێندن نەبێت. هەروەها دەبێت قوتابی و کەسوکاری قوتابی هەوڵ بدەن لە ڕووی خۆراکەوە ئامادەکارییەك بکەن بۆ ئەو ڕۆژانەی تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام دەدرێت و، زیاتر پشت بەو خواردنە تەندروستانە ببەسترێت کە هزری قوتابی فراوان دەکات و، هەستی ئارامی پێ ببەخشێ و توانای بشکێت بە سەر کاتی زۆری مانەوەی لە نێو هۆڵی تاقیکردنەوە و بیری لای برسێتی نەبێت. فاکتەرێکی دی بەربڵاوی و، بۆیە لە کاتی تاقیکردنەوە دەبێت دایك و باوك هەوڵبدەن منداڵەکانیان دووربخەنەوە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا ڕاستە سوودێکی زۆری بە پرۆسەی خوێندن و کۆمەڵگە گەیاندووە، لە هەمان کاتدا بە هۆی نەبوونی سانسۆر و زێدەڕۆیی بەکارهێنانی کاریگەرییە خراپەکانی زیاترە لە کاریگەرییە باشەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر کەسوکاری قوتابی پێویستە کەشێکی لەبار دروست بکەن بۆ منداڵەکانیان و هاندەر بن بۆ سەرکەوتن و کەمتر بیر لە سەرزەنشتکردن بکەنەوە. هەروەها دەبێت ژینگەیەکی ئارام لەماڵەوە دروست بکەن و ئەو ماوەیە هاتوچۆ و میوانداری سنووردار بکرێت».

**یەکەم هەنگاو کە دەبێت قوتابی بینێت، تا سەرکەوتوو بێت، ئەوەیە پشت بە توانای خۆی ببەستێت و تەواوی ئامادەیی لە نێو پۆلدا جارێکی دیکە بخاتەوە بیری خۆی و تەواوی تێگەیشتنی بخاتەسەری**

**دەبێت قوتابی تەواوی ڕۆژی خۆی بەرنامەڕێژ بکات و بەپێی کاتەکان خۆی لەگەڵ خوێندن و پێداچوونەوە بگونجێنێ و هەموو کاتی بۆ پشوو نەبێت و هەموو کاتیشی بۆ خوێندن نەبێت**

**کەسوکاری قوتابی پێویستە کەشێکی لەبار دروست بکەن بۆ منداڵەکانیان و هاندەر بن بۆ سەرکەوتن و کەمتر بیر لە سەرزەنشتکردن بکەنەوە**

مامۆستای وانەبێژ محەمەد عوسمان سەبارەت بە گرینگترین میکانیزمەکانی سەرکەوتنی قوتابی لە پرۆسەی تاقیکردنەوەکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە «دەبێت باری دەروونیی قوتابی پارێزراو بێت و پلان بۆ پشووەکان دابنرێت، بۆ ئەوەی کەش و دوخێکی لەبار بێت. ئەم پرۆسە گرینگە بۆ قوتابی، بەڵام لەم پلانانەدا بە پێی دۆخ و سیاقی خێزان گۆڕانکاری ڕوودەدات، بۆیەش چەند میکانیزمێك هەیە دەبێت قوتابی پەیڕەوی بکات، بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەکان بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدات. لەوانە:

* پێویستە قوتابی لایەنی دەروونیی خۆی ڕێك بخات و دوور بکەوێتەوە لە گشت ئەو کێشە خودی و خێزانیانە کەوا بیر و عەقڵی داگیرکردوون، دەبێت تا کاتێکی دوای تاقیکردنەوەکان دوای بخات، هەروەها هەوڵدان و پاڵنەری لەلایەن ئەندامانی خێزان بۆ ئەوەی بە ورەیەکی زۆر پۆڵاییین لە تاقیکردنەوەکان بەشدار بێت و ترس ڕێڕەوی ئامانجەکانی نەگۆڕێت. خێزانەکەی دەبێت کەشێکی ئارام و دوور لە ژاوەژاوی بۆ دروست بکەن، بۆیە ئامۆژگاریم وایە لە کاتی تاقیکردنەوەن سەردانییەکان کەم بکرێتەوە، پاداشتکردنی قوتابییش بە شێوازێکی زانستی و پەروەردەیی بکرێت بۆ ئەوەی پاڵنەری زیاتری هەبێت.
* قوتابی پێویستی بە پلانێکی توکمە هەیە بۆ چۆنیەتی خوێندنی بابەتەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت بە گشت بابەتەکاندا پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری ئەنجام بدات، جگە لەمانە پێویستە پلانی شێوازی خوێندن لەگەڵ خشتەی تاقیکردنەوەکان ڕێك بخات، بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو بێت.
* قوتابی لە کاتی تاقیکردنەوەکان دەبێت زیاتر پلانی خەوتن و خواردن و پشووەکانی بە شێوەیەکی تۆکمە ڕێك بخات، بۆ ئەوەی بتوانێت گشت پلانەکانی توکمەتر بێت. شێوازی خەوتن کاریگەرییەکی تەواوی هەیە لەسەر پرۆسەکە، چونکە پەیوەستە بە عەقڵ، بۆیە قوتابی پێویستە لە ماوەی٢٤کاتژمێر ٨ کاتژمێری تەندروست بخەوێت واتە دوای کاتژمێر١٠ی شەو نووستبێت، چونکە ئەو کاتە هۆڕمۆناتی خەو دەڕژێ بە سەر مێشکدا، مێشك نوێ دەبێتەوە و ئەگەر ماندووی بکەیت، خوێندن سوودی نابێت. لە بارەی خواردنیش پێویستە زیاتر گرینگی بە سەوزە و مێوە بدرێت، چونکە بڕێکی زۆری ڤیتامینی تێدایە و لە کاتی خوێندنی بابەتەکان بەسوودن، پێویستیشە هەوڵ بدرێت ژەمەکان لە کاتی خۆی بخورێت. لە بارەی پشووەکان پێویستە قوتابی داوی هەر کاتژمێرێك خوێندن پشوویەك بدات بە١٠خولەك بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت و بێزار نەبێت، چونکە گرینگترین میکانیزمی قوتابیی سەرکەوتوو لە تاقیکردنەوەکان ئەوەیە بە حەزەوە وانەکان بخوێنێت».

## شیلان جەمال:

# منداڵی پەککەوتوو باری سەرشانی دایکان زۆر قورستر دەکات

**دایکان نموونەی فیداکاری و لەخۆبوردن و خۆتەرخانکردنن بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان و زۆر ئەرکی قورسیان لەسەر شانە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە کاروباری ناوماڵ و خزمەتکردنی خێزان گەلێك ماندووبوونی لەگەڵە، بەتایبەتی ئەو دایکانەی کە فەرمانبەرن، یان لە دەرەوەی ماڵیش کار دەکەن. شیلان جەمال ئەحمەد، یەکێکە لەو دایکانە و تەنیا کچێکی هەیە کە بە ڕووداوی هاتوچۆ ئیفلیج بووە، ئەوەش وەك خۆی جەختی لێ دەکاتەوە، باری سەرشانی زۆر قورستر کردووە. لەم دیدارەیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باسی ئاریشەکانی ژیانی خۆی و کیژەکەی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

شیلان جەمال ئەحمەد ئافرەتێکی تەمەن ٤١ ساڵە و وەك خۆی باسی کرد لە سلێمانی لەدایکبووە، دایکی منداڵێکە و ئێستا خۆی و کیژەکەی دانیشتووی هەولێرن و لە ماڵی براکەی دەژین. ئەوەی کە پتر لە هەر شتێك شیلانی نیگەران کردووە، داهاتووی نادیاری کچەکەیەتی، چونکە وەك خۆی باسی کرد، لە تەمەنی دوو ساڵان بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ، هەر دوو دەست و قاچێکی بە تەواوی تووشی شەلەل بووە. ئەو دایکە ئەرك گرانە بەمجۆرە باسی ژیانی خۆی و کۆسپەکانی بەردەمی کرد: «تەنیا کچێکم هەیە، ناوی (ئێلیسا)یە، تەمەنی نۆ ساڵە و لە تەمەنی دوو ساڵان لە ڕووداوی هاتوچۆ تووشی شەلەل (ئیفلیج) لە دوو دەست و قاچێکی بووە. باوکی کچەکەم دوای ئەو ڕووداوە ڕێگەی هەندەرانی گرتەبەر بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەك بووە، کچە نازدارەکەمان چارەسەر بکرێت، بەڵام ماوەی حەوت ساڵە هاوسەرەکەم بێ سەروشوێنە و ئێمەش لە ماڵی براکەم دەژین، بەڵام زۆر بەداخەوە براکەشم هەر دوو چاوی لە شەڕی دژی داعش بە ڕێژەی ١٠٠٪لە دەست داوە، براژنیشم زۆر لەگەڵ ئێمە تەبایە و زۆر ڕێزمان دەگرێت. برام بووەتە نازکێشی کچەکەم و هەست بە نەبوونی باوکی ناکات. هەمیشە لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە ئەو برا و براژنە دڵسۆزەمان بۆ خۆش بکات».

کاتێك پرسیارمان کرد، کە ڕای پزیشکان سەبارەت بە کچەکەی چۆن بووە. شیلان جەمال گلێنەکانی چاوی تەڕ دەبن و دەنك دەنك مرواریی فرمێسك بە سەر گۆنایدا خلار دەبنەوە و، داوی سڕینی فرمێسکەکانی لە وەڵامدا گوتی: «سەرەتا ملیشی شەلەل ببوو، زۆرمان ئەم دکتۆر و ئەو دکتۆر برد، شوکر بۆ خوای گەورە ملی باش بووە، زیرەك زۆر تیژە، لە مرۆڤی ئاسایی جوانتر بیر دەکاتەوە و قسە دەکات، بەڵام هەر دوو دەستی و قاچێکی تەواو شەلەل بووە. دکتۆرەکان دەڵێن لە دەرەوەی وڵات چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئێمە توانای ئەوەمان نییە. حەوت ساڵی تەواوە، دایبی بۆ دەبەستم. زۆر بەغیرەتە، بەڵام بە هۆی ئەوەی هیچ جووڵەی نییە، ساڵ بە ساڵ گەورەتر دەبێت و کێشی قورستر دەبێت. ئەوەندەم کچەکەم بە باوەش و کۆڵ گێراوە خەریکە تووشی فەقەرات دەبم. هەمیشە نزا دەکەم خوای گەورە قوەتم بدات، چونکە هەتا گەورەتر دەبێت، خۆی و ئەرکەکانی قورستر دەبن».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا کچەکەی ناردووەتە بەر خوێندن؟ گوتی: «بەڵێ، ناردمە قوتابخانەی حکومی، زۆریش زیرەك بوو، بەڵام منداڵان گاڵتەیان پێ دەکرد، ئەویش بێزار بوو، توانای قوتابخانەی ئەهلیشمان نییە». گوتیشی «دایك ئەرکی سەرشانیەتی خۆی بە قوربانی منداڵی بکات، بەڵام منداڵی نەخۆش و پەککەوتوو باری سەرشانی دایکان زۆر قورستر دەکات. کچەکەم بیرکردنەوەی زۆر باشە و ئەگەر پشتیوانی هەبێت، لە خوێندن هیچ گرفتی نابێت و بە چارەسەری پزیشکی ڕزگار دەکرێت».



# خوێندنی کوردی لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەرەو لاوازی دەچێت

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ڕزگارکردنی کەرکووك لە ساڵی ٢٠٠٣ لەو شارە هەمیشە کوردستانییە و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم خوێندنی کوردی دەستی پێ کرد، پێش ئەوە وادەیە خوێندنی کوردی قەدەغە بوو، لەو کاتەوە هەشت هەزار مامۆستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنی کوردی لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم مووچەیان پێ دەدرێت. هەر بەپێی ئامارەکان لە ئێستادا لە سنووری پەروەردەی کەرکووك ٥٢٥ قوتابخانەی خوێندنی کوردی هەن، کە ٣٠٨ قوتابخانەیان سەرەتایین، ٣٦ باخچەی ساوایان هەن و تێیاندا هەشت هەزار مامۆستا وانە بە ٩٣ هەزار قوتابی دەڵێنەوە. لە کەرکووك هەر چوار پێکهاتەی کورد، عەرەب، تورکمان و کریستیان بە زمانی خۆیان دەخوێنن و لە پەروەردە یەکەی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەڵام چەندین گرفتی لابەلا بۆ خوێندنی کوردی دروست دەکرێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



شیڤان عەبدولڕەحمان بەرپرسی لقی قوتابیانی کەرکوک (پارتی دیموکراتی کوردستان)، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنی شاری کەرکوک لە لایەن هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبیی داگیرکەر، ژیانی سەرجەم هاووڵاتیانی شارەکە کەوتە مەترسییەکی زۆرەوە و بووە هۆی ئاوارەبوونی بەشێکی زۆری هاووڵاتیان و بەجێهێشتنی ماڵ و ژیان و گوزەرانیان لە شارەکەدا و ڕووکردنە شارەکانی کوردستان، هەڵبەت ئەم کێشانە چینی قوتابیانیشی گرتووەتەوە و بوون بە قوربانیی ئەو دۆخەی کەرکوک». هاوکات دەڵێت: «یەکێك لەو کێشانەی کە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر هاتووەتە نێو قوتابخانەکانی خوێندنی کوردی لە کەرکوك، دیاردەی ئالودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکانە لە ناوەندەکانی خوێندن، کە لە ماوەی ڕابردوو بینیمان لە ناو هەندێك قوتابخانە کوردییەکان ماددەی هۆشبەر بەکار دەهات و دەفرۆشرا، ئەم ڕووداوەش یەکەم جار نییە ڕوو بدات، بەڵام لە دوای نەمانی دەسەڵاتی کوردی زیادی کردووە، سەرەڕای خراپی ناوەندەکانی خوێندنی کوردی لە ڕووی خزمەتگوزاری و پۆلی پێویست و نەبوونی قوتابخانەی پێویست کە لە هەندێك شوێن (٥٠) قوتابی لە یەك پۆلدان، ئەمەش لەبەر کەمیی قوتابخانەکان و کۆنبوونیانە کە ماوەیەکی زۆرە دروست کراون و تا ئێستا نۆژەن نەکراوەتەوە. هەروەها بیناکان گونجاو نین بۆ خوێندن و تەنانەت هەندێکیان لەبەر خراپیی بارودۆخی بیناکە چۆڵ کراون. هەڕەشەی بەردەوام لە داخستنی قوتابخانە کوردییەکان و نەهێشتن، یان گۆڕینیان بۆ زمانی عەرەبی هەیە، پەیدابوونی ویستی بنبڕکردنی زمانی کوردی و مەنهەجی کوردی لە شارەکە بەتایبەت لە قوتابخانەکانی سنووری شارۆچکەکانی دەوروبەری کەرکوك (ناحیەی داقوق و قەزای دووبز) کێشەیەکی بەرچاوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە دوای خیانەتی١٦ی ئۆکتۆبەر زۆرێك لە مامۆستا کوردەکانی شارەکە دوور کەوتوونەتەوە لە وانەوتنەوە و گرفتی نەبوونی مامۆستا وای کردووە زۆرێك لە قوتابخانەکان پەنا ببەنە بەر مامۆستای خۆبەخش، یان تەواوکردنی وانەکان بە تەنیا بە خودی قوتابی و بێ مامۆستا».

بەرپرسی لقی قوتابیانی کەرکوك، لە درێژەی لێدوانەکەیدا جەختی لەوە کردووە کە: «قوتابیان توێژێکی گرنگی کۆمەڵگە و وڵاتن و ئایندەی وڵات لەسەر پاشەڕۆژی ئەم توێژە گرنگە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت»، گوتیشی: «ئومێد دەکەم بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و دۆخی شاری کەرکوك ئاسایی بکرێتەوە و چیدی قوتابیانی شاری کەرکوك نەبنە قوربانیی ئەم ڕووداوەی کە لە ئەنجامی خیانەتەوە باڵی بەسەر شارەکەدا کێشاوە داواکارین سەرجەم کێشەکانی قوتابیانی خوێندنی کوردی چارەسەر بکرێت و، قوتابیان لە کەشێکی ئارام و ئازاد پەرە بە خوێندنیان بدەن. سوپاس بۆ خوا تاکە شتێك لەلای کورد کە لە کەرکوك دڵی پێ خۆش بێت، خوێندنی کوردییە، کە وەکو هێمایەکی کوردی ماوە، بۆیە ئومێدەوارین ڕەوشی شارەکەمان ئاسایی بکرێتەوە لە پێناو ئەوەی قوتابیانمان بتوانن لە کەشێکی تەندروست پەرە بە خوێندنیان بدەن. ئێمە وەکو قوتابیان دوای جەژن پلانمان هەیە، چەند پانێڵ و کۆڕ ئەنجام بدەین سەبارەت بە کێشە و گرفتەکانی خوێندنی کوردی لە کەرکوك».

مەریوان جەلال ڕەشید کارگێڕی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە «لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکان و دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شاری کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی و کردنەوەی خوێندنی کوردی بوو لەم ناوچانە، بەمەش خزمەتێکی گەورەیان بە قوتابیان و مامۆستایان و گەلی کورد بەگشتی کرد و، پەروەردەی کوردی هەنگاوێکی گەورەی نا لە بواری خزمەتکردنی زانست و پەروەردەیی، دەکرێ لەم ڕووەوە ستایشی ڕۆڵی حکومەتی هەرێم بکەین، کە تا ئێستا خوێندنی کوردی لە کەرکوك بەردەوامە و شان بە شانی دیراسەی عەرەبی لە کێبڕکێدایە و هەمیشە یەکەمەکانی کەرکوك، قوتابیانی خوێندنی کوردی بوون».

مەریوان جەلال لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: «خوێندنی کوردی وەکو هەموو سێکتەرەکانی دیکە کەموکورتی هەیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە کزی دەدات و لە بەردەم هەڕەشەی لەناوچووندایە، بەتایبەت لە پاش خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دروست کرد و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لاوازی تەواو چووە و کێشە و ئاریشەی زۆر لە بەردەم خوێندنی کوردی دروست بووە، لە لایەك ئیدارەی شارەکە هاوکار نییە و لە لایەکی دیکەوە تا ئاستێك خەریکە خەڵکی بڕوای بە خوێندنی کوردی لە دەست دەدات. ساڵانە لە دەستپێکی ساڵی نوێ خەڵکی منداڵەکانیان بەرەو خوێندنی عەرەبی دەبەن و ڕێژەی وەرگرتنی قوتابیان لە قوتابخانە کوردییەکان بەرەو لاوازی دەچێت، لایەنێکی دی کە کاریگەری لەسەر خوێندنی کوردی دروست کردووە، خوێندنە بە زمانی عەرەبی لە زانکۆکانی کەرکوك و شارەکانی عێراق، ئەمەش وای کردووە قوتابی لە زانکۆ ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی گەورە دەبێتەوە، ئەویش ئاستی تێگەیشتنە لە زمانی عەرەبی لە لایەك، هەروەها ڕێژەی مامۆستا کورد کەمە و وەرگێڕانی کوردی نییە لە وتنەوەی وانەکان و تەنانەت سەرچاوەی خوێندن بە زمانی کوردی کەمە، یان هەر نییە، ئەمانە و چەندین هۆکاری دی وای کردووە، خواستی خوێندن بە زمانی کوردی بگرە خوێندنی کوردی لە لێواری لەناوچوون بێت، بەشێکی هۆکارەکەیشی لاوازبوونی خودی ئیدارەی خوێندنی کوردییە».گوتیشی: «پێویستە ئاوڕی جدی لە خوێندنی کوردی بدرێتەوە و حکومەتی هەرێم هەر وەکو چۆن هەمیشە هاوکار بووە، هەنگاوی بەپەلە بنێت بۆ بەرزکردنەوە و بەرەوپێش بردنی خوێندنی کوردی، چونکە دەستکەوتێکی نەتەوەییە و ناکرێت فەرامۆش بکرێت، ڕێگا چارەش لەبەردەم ئەم مەترسییە و مەترسییەکانی سەر ناوچە کوردستانییەکان تەنیا ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەم ناوچانەیە بۆ پێش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و گەڕانەوەی شەرعییەت و دەرکردنی ئەو هێزە سەربازییە بێگانە داگیرکەرەیە کە بە زۆری هێز ناوچەکانیان داگیر کردووە .

**لە هەندێک قوتابخانە (٥٠) قوتابی لە یەک پۆلدان، ئەمەش لەبەر کەمیی قوتابخانەکان و کۆنبوونیانە کە ماوەیەکی زۆرە دروست کراون و تا ئێستا نۆژەن نەکراوەتەوە**

**هەڕەشەی بەردەوام لە داخستنی قوتابخانە کوردییەکان و نەهێشتن، یان گۆڕینیان بۆ زمانی عربی هەیە**

**یەکێک لەو کێشانەی کە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر هاتووەتە نێو قوتابخانەکانی خوێندنی کوردی لە کەرکووک، دیاردەی ئالودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکانە لە ناوەندەکانی خوێندن**



دلبەر جزیری:

# بە یەکگرتنی کورد خۆشحاڵ دەبم

## نیللی مەقدسی: بە هونەر رووب

نیللی مەقدسی، ماوەیەکی زۆرە لە بواری هونەردا بەردەوام کار دەکات، ئەگەرچی ماوەیەکی کورت لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت دوور کەوتەوە، بەڵام کاتێك گەرایەوە، بە توانایەکی زیاترەوە هاتەوە نێو مەیدانی هونەر.

لە بارەی خۆشەویستیی بۆ هونەر نیللی دەڵێت: «هونەر تاکە رێگەیە کە وامان لێ دەکات رووبەڕووی گرفتەکانی ژیان بینەوە لەسەر ئاستی خێزان یان نیشتمان، موزیك خۆشترین هەست بە مرۆڤ دەبەخشێت، تەنانەت کاتێك بە بارودۆخێکی سەخت و دژواریشدا تێدەپەڕێت، ئەو تاکە دەرچەیە بۆ رزگار بوون لەو گرفتانە. هەرچەندە ئاسان نییە کە هونەرمەند بتوانێت پابەند بێت بە رەنگێکی گۆرانی و بیپارێزێت و بەردەوام بێت لە سەرکەوتن،

دلبەر جزیری یەکێکە لەو کچە گۆرانیبێژانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەستی بە کاری هونەری کردووە و، سەرەڕای بچووکیی تەمەنی، توانیویەتی لەو کارانەی پێشکەشی کردوون سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، دلبەر جزیری بە سەرکەوتوویی توانیویەتی فۆلکلۆر و نوێگەرایی لە کارەکانیدا تێکەڵ بکات.
دلبەر باس لە دوورکەوتنەوەی لە کاری هونەری و هۆکاری بێدەنگییەکەی دەکات و دەڵێت: «هۆکاری دوورکەوتنەکەم زیاتر بۆ ئەوەیە کە من بەبێ پاڵپشتی و هاوکاریی کۆمپانیا هونەرییەکان کار دەکەم، واتە من لەسەر ئەرکی خۆم و بە سەربەستی لەسەر پرۆژەکانم کاردەکەم و بڕیاریان لەسەر دەدەم، هەروەها دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە لە کوردستانەوە زۆر هاوکاریی من نەکراوە تا بتوانم بە تەواوی کار لەسەر پرۆژەکانم بکەم، بەتایبەتی لە ئەورووپا».
سەبارەت بە ئێستا و بارودۆخی کوردستان، وەك کچە هونەرمەندێك دلبەر دەڵێت: «هەر کاتێك کورد دەست بخەنە نێو دەستی یەکتر، من زۆر خۆشحاڵ دەبم و هەست بە سەربەرزییەکی زۆر دەکەم، روون و ئاشکرایە هەر کاتێك یەکگرتوو بن و پشت و پەنای یەك بن، ئەو کاتە کوردستان وەك قەڵایەکی پۆڵایینی لێدێت و هیچ کاتێك ناکەوێت و دوژمنان ناتوانن ریزەکانمان لاواز بکەن و بە ئاواتی خۆیان ناگەن، پێویستە تاکی کورد خۆی بە کوردستانی بزانێت و ئینتیما و خۆشەویستیی بۆ کوردستان هەبێت و، کوردستان بە ئێمەوە سەربەرز و ئاڵاکەی گەشاوە دەبێت.



## ـــەڕووی گرفتەکان دەبینەوە

گشت ئافرەتە هونەرمەندەکان لە سەرەتای کاروانی هونەرییانەوە رووبەڕووی ئەم گرفتە دەبنەوە، بەڵام ئەگەر هونەرمەند بە ئیرادەوە کار بکات بۆگەیشتن بە ئاواتەکانی، ئەم ئاستەنگانە دەپوکێنەوە».
سەبارەت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و رۆڵیان لە پێشخستنی هونەردا نیللی مەقدیسی دەڵێت: «لە ماوەی رابردوودا سەرکەوتن لە رێگەی هۆکاری دیکەوە بووە وەك تیڤی، ڤیدیۆ و ئاهەنگەکان کە ئێستا تا رادەیەك شێوازیان گۆڕاوە، بەڵام لە ئێستادا سۆشیال میدیا رۆڵی هەیە، کە پێموایە وەك هەر شتێکی دیکە لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی خۆی هەیە، لەوانە بەخێراییەکی زیاتر دەگاتە زۆرترین رێژەی خەڵك، لە هەمان کاتدا پێویستە تایبەتمەندیی خۆی هەبێت و لە هەموو شوێنێك نەبێت، بەڵام پێموایە بە تێپەڕبوونی کات باشتر بێت».



# هێزی ژیان و هێزی هونەر لە تابلۆکانی هونەرمەند (سۆنیا بەشیر)دا



هۆشەنگ شێخ محەمەد

■

بۆ گوڵانی نووسیوە

(١-٢)

**پێشەکی:**

**لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٣/١٢) هونەرمەند (سۆنیا بەشیر) پێشانگەیەکی هونەری لە (framing photojournalism school) کردەوە، کە تێیدا (٢٠) تابلۆی نمایش کردبوو. هونەرمەند لە کارتی پێشانگەکەیدا بە زمانی ئینگلیزی لەبارەی ئەزموونە هونەرییەکەی خۆیەوە کورتە باسێکی لەسەر پەیوەندیی تابلۆکانی بە هەردوو خواوەندی گریکی (دیۆنیسیۆس) و (ئەپۆلۆ) باس کردبوو، ئەم کورتە نووسینە، پێش بینینی تابلۆکان، دەبێتە دەروازەیەك تا ئێمە لەوە بگەین کە هونەرمەند (سۆنیا بەشیر) بە پاشخانێکی فەلسەفیی هونەریەوە کاری کردووە، پەیوەندیی ئیشەکانی بە خواوەندی دیۆنیسیۆس و ئەپۆلۆ، وا دەکات ئێمە بە چاوێکی فەلسەفی، هونەری، سۆفیگەری تەماشای کارەکانی بکەین.**

لێرەوە دەبێت ئێمە بەو چاوە لەو کارانەی هونەرمەند (سۆنیا بەشیر) بڕوانین، تا چەند هێزی هونەریی سرووشت لە دەروونی هونەرمەنددا بەرجەستە دەکەن؟ تا چ سنوورێك پەیوەندیی هونەرمەند لەگەڵ هێزی هونەری سرووشت و هێزی ژیان نیشان دەدەن؟ بزانین ئەم کارانە تا چەند سرووشتی خەون و مەستیی هونەرمەند بەرجەستە دەکەن؟ ئایا تابلۆکانی ئەم پێشانگایە دەتوانن یەکبوونی مرۆڤی خەونبین و هونەرمەندی مەست لە خەونێکی ڕەمزیدا لەگەڵ جیهاندا کەشف بکەن؟

لەگەڵ تەماشاکردنی تابلۆکان و وتووێژێکی گەرموگوڕ لەگەڵ هونەرمەند (سۆنیا بەشیر) چەند سەرنجێکم لەلا پەیدا بوون، کە لە خوارەوە دەیاننووسمەوە:

**(١)**

**کارەکتەری نێو تابلۆیەکان:**

گشت تابلۆکان کارەکتەرێك، یان دوو کارەکتەری ڕاستەوخۆی تێدا بوو، لە هەندێك تابلۆشدا، هەندێ کارەکتەری دیکە، بە شێوەی تابلۆ لە نێو تابلۆدا ئامادەییان هەبوو، زۆربەی تابلۆکان، ژنێك، یان کچێك و پیاوێك لەگەڵ شەراب و سرووتێکی هونەری ئامادەییان هەبوو، دانیشتن لەسەر کورسی و مێزێکی ڕەنگین، بوتڵ و گڵاسی شەراب، جگەرە و تەپلەك، ئامێز و ماچ، جەستەی ڕەنگین و نیمچە ڕووت، ڕامانکردن و بیرکردنەوە، خەونبینین، مەستی، شاعیرییەت و هونەرێکی خۆڕسك لە نێو تابلۆکاندا بەرجەستە بووبوون.

بەشێوەیەکی گشتی، کارەکتەری نێو تابلۆکان، کەسێتی مرۆڤێکی هونەرییان بەرجەستە دەکرد، هونەرمەندێك کە سرووش لە خواوەندی شەراب (دیۆنیسیۆس) و (ئەپۆلۆ) وەردەگرێت، ژیانی خۆیان دەکەن بە ئەزموونێکی هونەری، واتا مرۆڤەکانی نێو ئەم تابلۆیانە، لە ڕێی چێژ و هونەرەوە ئەزموونی جیهان و ژیان دەکەن.

لێرەوە ئەم کارەکتەرانە لە ڕوانگەی هونەرمەندەوە، ئەو کەسانەن کە هونەرمەندانە دەتوانن هاوشێوە و ناوەڕۆکی ئەو هونەرمەندە ڕەسەنەکە بن، کە لە نێو سرووشتدا دەردەکەوێت، واتا ئەو فیگۆرانە، بەو شێوە و ئەو دۆخەی لە نێو تابلۆکاندان، وێنەیەکن بۆ نموونەی ڕەسەنایەتیی مرۆڤی سرووشتی و مرۆڤی هونەرمەندی خەونبین و مەست، کەلە گەڵ جیهاندا لە نێو گونجانێکی سرووشتیدا یەکی گرتووە.

**(٢)**

**هونەر وەك چالاکییەکی میتافیزیکی:**

لە زۆربەی تابلۆکاندا جەستەی کارەکتەرەکان بە جۆرەها ڕەنگ نیشان درابوون، پێستی کارەکتەرەکان بە ڕەنگی شین، زەرد، قاوەیی و ڕەنگی تریش نەخشێندرابوون. دیارە ڕووتی و نیشاندانی پێستی جەستەی مرۆڤ لە هونەردا، دەکرێت ئاماژەیەك بێت بۆ ڕووتیی مرۆڤ لە نێو سرووشتدا، واتا کەسەکان کەسی سرووشتین نەوەك کولتووری، جەستەی ڕووت، هێمایە بۆ ئەو جەستە ئازادەی لە نێو سرووشتدا خۆی وەك خۆی دەنوێنێتەوە، بە سرووشتی خۆی خۆی بەیان دەکات، بەتایبەتیش کە ئەو جەستە سرووشتییە هەموو ڕەنگێکی سرووشت لەسەر پێستی خۆی بەرجەستە دەکات، بەمەش وەك بەشێکی زیندووی سرووشت دەردەکەوێت. لەلایەکی دیکەش ئەم جەستە نیمچە ڕووت و ڕەنگینانە، دەمانبەنەوە بۆ ئەو هونەرە سەرەتاییەی مرۆڤ لەسەر جەستەی خۆی دەینواندا، لە ڕێی کوتانی ڕەنگی جۆراوجۆر و تاتۆ و، ئەو وێنە و ڕەمزییانەی لەسەر جەستەی خۆی دەیکوتین. ئەو جۆرە هونەرە سەرەتاییە، کە ئێستا بە جۆرێکی دیکە لە جیهانی هاوچەرخدا پەیڕەو دەکرێت، لە ئەسڵدا جۆرە قودسییەتێکی مرۆیی هەیە، هونەرێکە پەیوەندی بە حیکمەتی باڵا و بەرزی ڕەوانی مرۆڤەوە هەیە، بەرجەستەکردنەوەی ئەم جۆرە قودسییەت و باڵاییە لە کارەکاندا، لەگەڵ کەش و سرووشتی حیکمەتی دیۆنیسیۆسی و ئەپۆلۆیی، قووڵاییەکی مێژوویی و هونەرییان بە تابلۆکان بەخشیبوو، لێرەدا نیشاندانی ڕەنگینی پێستی مرۆڤ، وەك چالاکییەکی میتافیزیکی لەسەر جەستە، بەرجەستە بووبوو!.

# (هاملێت) ..
## لە دەزگای رۆشنبیری زانکۆکانی جیهان لە هەولێر

دەرهێنەری بەتوانا هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش) گەورەترین شاکاری شانۆی جیهانی لەکۆتایی ئەم مانگەدا لە هەولێری پایتەخت نمایش دەکات، شانۆگەری (هاملێت) کە بە بەناوبانگترین دەقی شانۆیی شەکسپیریی و جیهانی دادەنرێت، دەبێتە نۆبەرەی بەرهەمەکانی (تیپی شانۆی ئەکادیمی زانکۆکانی جیهان) کە لە مانگی(شوبات)ی ٢٠٢٢ دا لەلایەن (دەزگای رۆشنبیریی زانکۆکانی جیهان) لە شاری هەولێر دامەزراوە.لەم شانۆگەرییەدا کە بۆ یەکەمین جارە دوای تێپەڕبوونی سەدەیەك لە بزاڤی شانۆیی لە هەولێر پێشکەش دەکرێت وێڕای دەقئاوێزانکردنی تێکستە (شەکسپیریی)یەکە لەگەڵ چەند تێکستێکی شانۆیی (هادی مەهدی) و (مەمدوح عەدوان)،کۆمەڵێك ئەکتەری ئەکادیمی رۆڵەکان بەرجەستە دەکەن، (گوڵان) لە کۆتا مەشقەکانی ئەم بەرهەمەدا ئامادە بوو بۆ دواندنی ستافی شانۆگەرییەکە و ناساندنی ئەم ئەزموونە هونەرییە گرنگە بە خوێنەرانی ئازیز. سەرەتا دامەزرێنەری تیپەکە دەرهێنەر(ئەرسەلان دەروێش) رووناکی خستە سەر بایەخی ئەم شانۆگەرییەو ئەو دیدە دراماتۆرگییەی نمایشی لەسەر دامەزراوە.

دیداری : خەلیل بلەیی



ئەرسەلان دەروێش: کارکردن لە شانۆگەری (هاملێت) کە بە مەزنترین و درێژترین دەقی نووسەری ئینگلیزیی بلیمەت(ولیام شەکسپیر) دەژمێردرێت، خەونی هەموو شانۆکارێکە لەهەر شوێنێك بێت، بەتایبەتی زیندوێتی ئەم دەقە کە (٤٢٠) ساڵ بە سەر نووسیندا تێدەپەڕێت،شانۆگەریی (هاملێت) پانتاییەکی فراوان بۆ بەرکەوتن لەگەڵ پرسە وجودی و فەلسەفی و سیاسییەکانی هەر کۆمەڵگایەك دەرەخسێنێت. لێرەوە گرنگی دەست بردنمان بۆ نمایشکردنی (هاملێت) لە شکاندنەوەی بەشێك لە کۆنسێپتەکانییەتی لەسەر واقیعی ژیانی کۆمەڵگاکەمان و تاکەکانی سەرچاوە دەگرێت، بۆیە سەرەڕای دەقە سەرەکییەکەی (ولیام شەکسپیر) کە لەلایەن هاوڕێی ئازیزمان (شێرزاد حەسەن)ی نووسەرەوە کراوە بەکوردی دەقی چەند نووسەرێکی ترمان ئاوێزانکردووە و هەوڵمانداوە بە پشت بەستن بە توانای ئەکتەرەکان و ستافی هونەریی، دیدگای خۆمان بۆ نمایشکردنی (هاملێت) لە ستایلێکی هاوچەرخدا بخەینە بەرچاو، سوپاسی ستافی خۆبەخشی ئەم بەرهەمە دەکەم کە بریتین لە شانۆکاران: (سدیق حسێن، پشکۆ شێخ عەلی، ئاواز ئەحمەد، زیاد کەریم، ریشوان ئەحمەد، وەیلان کەیفی سدیق، کارمەند خدر) هەروەها هونەرمەندان (دانا محەمەد، کارزان کەمال، تریفە کەریمیان، ئەمین فەقیر، سەرهەنگ غەریب)، سوپاسی تایبەتیمان بۆ بەڕێزان (د. نەوزاد یەحیا باجگر - ئەمینداری گشتی زانکۆکانی جیهان) و ئەندازیار (بورهان سابیر)ی هونەرمەند بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری جیهان، کە دابین کردنی پێداویستییەکانی بەرهەمەکەیان لە ئەستۆ گرتووە، سوپاسی هونەرمەند (هۆشیار مەرجان) بەڕێوەبەری چالاکی هونەریی قوتابخانەکان دەکەین کە هۆڵەکەی خۆیان بۆ تەرخان کردین.

پاشان بەشدارانی نمایشەکە دەربارەی رۆڵەکانیان بۆمان دوان،هونەرمەند خاتوو (ئاواز ئەحمەد - لە رۆڵی شاژن) وتی:ئەمە بەشداریی هونەریی سێیەممە لەگەڵ دەرهێنەری ئازیز هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش) لە ساڵانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣دا لە (دەستبەسەراگرتن) و (هێرۆسترات لەیادکەن) رۆڵی سەرەکیم گێڕاوە، بۆیە مایەی خۆشحاڵیمە کەدوای ئەو ساڵانە جارێکی تر پێکەوە کاردەکەینەوە، من لەم شانۆگەرییەدا رۆڵی (گیرترۆد) شاژنی دانیمارك ودایکی (هاملێت)دەبینم. لە راستیدا کارەکتەرێکی فرە رەهەندە و رۆڵێکی زۆر گرنگە (شاژن) لەم نمایشەدا کەسێکی نەرێنی و ئاڵۆزە بۆیە توانا و مەشقێکی باشی دەوێت.

هونەرمەند (سدیق حوسێن - لە رۆڵی هاملێت) دەربارەی کارکردنی لەم نمایشەدا وتی: (هاملێت) لەهەر سەردەمێکدا کاکڵەی پرسێکی تازەیە، چونکە کێشەی وجودو ئینسانی لەخۆ گرتووە هەر لە هاتنە ژیانەوە تاکو پرسە مردن،بۆیە دەرفەتێکی بێسنوور بەهەر دەرهێنەرو ئەکتەرێك دەبەخشێت ئەسپی خەیاڵ و تواناو کارکردنەکانی خۆیانی تیا تاوبدەن. کاری نواندن لە هاملێت زۆر زەحمەت و فرە مەودایە زۆر جاریش ئەکتەرێك بریندارترە لە کارەکتەرەکەی بۆیە من خۆم ناشارمەوە لە پشتی شەکسپیر و هاملێتەوە بەڵکو هەوڵمانداوە ئاوێتەیەکی رۆحی لەگەڵ ئەم کارەکتەرەدا دروست بکەین..لەراستیدا ئەم جۆرە شاکارانە زەحمەتە هەموو دەرهێنەر و ئەکتەرێك خۆی لە قەرەی بدات، وێڕای توانای هونەریی ژێرخانێکی مەعریفی قوڵیشی دەوێت، بۆیە لەم ئەزموونەدا کە یەکەمین بەرکەوتنی هونەریمە لەگەڵ مامۆستا (ئەرسەلان دەروێش)ی دەرهێنەر وێڕای جیاوازیمان لە شێوازی کارکردنی پێشترمان بەڵام یەکتر قبوڵکردنێکی مەعریفیی و زانستی لەبواری شانۆداو تەنانەت لە پەیوەندییە رۆحی و ئینسانییەکەشەدا، لێك حاڵی بوونێکی سەرکەوتووی لەلا دروستکردووین.

هونەرمەند (پشکۆ شێخ عەلی لە رۆڵی پادشا) بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن: ئەزموونەکە گرنگ و دانسقەیە، کارکردن لە دەقەکانی شەکسپیردا رۆچوون و هەڵکۆڵینێکی قوڵی دەوێت بەتایبەتی ئەگەر بتەوێت بە دیدو روانینێکی نوێوە نمایشی بکەیت، ئومێد دەکەم کارکردنمان لەم دەقە مەزن و زەحمەتە لەم هەلومەرجە سەختەدا کە ئاڵنگارییەکی گەورەیە بۆ شانۆکاری کورد بەتایبەتی لەشاری هەولێری پایتەختدا کە بزاڤی شانۆ دووچاری فشاری جۆراوجۆر بووەتەوە، مایەی نرخاندن و بەرکەوتنێکی شایستە بێت لەلایەن وەرگرو رەخنەگران و ناوەندەکەوە.

هونەرمەند خاتوو (وەیلان سدیق - لە رۆڵی ئۆفیلیا) لەم نمایشەدا بەشدارە لەم رووەوە وتی: ئوفیلیا کارەکتەرێکی پەراوێزخراوی ژێر هەژموونی باوك و براو خۆشەویستەکەیەتی کە (هاملێت)ی شازادەیە،کیژۆڵەیەکی سادەو خۆش باوەڕە ناچارە رووبەرووی دەوروبەری ببێتەوە، پێویستە ئەوە بڵێم کە کارکردن لە شانۆگەری (هاملێت)دا هەڵبژاردەیەکی سەرکەوتووی مامۆستا (ئەرسەلان دەروێش)ی دەرهێنەرە کە خۆشبەختانە لەدوای (دووژمنی گەل)ی (هێنریك ئەبسن)کە لە ساڵی ٢٠١٩دا وا جارێکی تر لەم شاکارەدا بەشداریی لەگەڵدا دەکەم.

هونەرمەند و میدیاکار زیاد کەریم دەڵێت: رۆڵەکەی من (هۆراشیۆ) کارەکتەرێکی سەرەکییە بەتایبەتی کە بە شێکی گەورەی دیدو روانینی هونەریی مامۆستا (ئەرسەلان دەروێش)ی لەسەر هەڵچنراوە، (هۆراشیۆ) ویژدانی گەل و دەنگی ستەمدیدەکان.

# هەوڵ دەدەم لە دوای یاریزانی ببمە ڕاهێنەرێکی بە ئەزموون و خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەم

**سارا عەبدوڵڵا:**
**یاریزانی یانەی ئافرەتانی هەولێر**

*** لە ئێستادا بە شێوەیەکی گشتیی ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینیت؟**
- ئاستەکەی جێگیر نییە، هەندێك جار باشەو هەندێك جاریش زۆر خراپە، پێویستی بە گرنگیدانی زیاتر هەیە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی بەردەوام چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش بچێت؟**
- بێگومان ئەنجام نەدانی پاڵەوانێتی دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەم یارییە پێش نەکەوێت، بۆیە پاڵەوانێتی بەردەوامی دەوێت، بۆ ئەوەی ئەم یارییە زیاتر پێش بکەوێت، تا خول بکرێتەوە ئەم یارییە سوودی زیاتری دەبێت بۆ یاریزانان.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی فوتساڵ ئاستی بەرز بێتەوە لە شارەکانی کوردستان؟**
- چۆن گرنگی بە تواناکانی یاریزانی کوڕان دەدرێت و پاڵپشتی دەکرێن، بەهەمان شێوەش پشتگیریی کچان بکەن، بۆ بەرەوپێشچوونی فوتساڵی کچان و، زیاتر هان بدرێن و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێت، ئەنجامیشمان زۆر باش دەبێت و یاریزانی زیاتریش روو لەم یارییە دەکەن.

*** گرفتی فوتساڵی یانەی دووکان لە چیدا ڕەنگ دەداتەوە؟**
-خراپی باری دارایی و نەبوونی هۆڵی مەشقی ئەوانە هەمووی گرفتە.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**
-هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا ببمە یاریزانێکی ئاست بەرز و هەوڵیش بدەم لە دوای یاریزانیش ببمە ڕاهێنەرێکی بە ئەزموون و خزمەتی وەرزشیی کوردستان بکەم.

*** وەکو یاریزانێکی لاو چی دەڵێیت بۆ هێنانی یاریزان و ڕاهێنەری بیانی؟**
- یاریزانان و ڕاهێنەری کوردستان زۆر بە توانان، لەگەڵ ئەوە نیم ڕاهێنەری بیانی بهێنن.

*** هەستت چۆن بوو کە توانیتان نازناوی کوردستان بەدەست بهێنن لەگەڵ ئافرەتانی هەولێر؟**
-هەستێکی خۆشم هەبوو و یانەی ئافرەتانی هەولێریش زۆر هاوکارمان بوون، هیچ کەموکورتییەکمان نەبوو، هەرچیمان دەویست بۆمانیان جێ بەجێ دەکرد.

*** داوکاری و پێشنیارت بۆ بەرپرسانی وەرزش لە کوردستان؟**
-پاڵپشتی یاریزانان بن بە تایبەتی کچ لە رووی وەرزشیی، ئەگەر هاوکاریی ئافرەتان بکرێت، ئەوانیش گرنگیی زیاتر بە تواناکانی خۆیان دەدەن و ئەنجامی گەورەتریش بەدەست دەهێنن.



**یانەی ئافرەتانی هەولێری پاڵەوانی ئەم وەرزەی خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، ئەم وەرزە لەگەڵ دەستپێکی خولەکە بە پشتبەستن بە کۆمەڵێك ئەستێرەی دیاری کوردستان و شاری هەولێر، چاویان لە بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە بوو، کچە یاریزانانی یانەکەش چاویان لەوەیە بتوانن باشترین ئاست پێشکەش بکەن و ببنە مایەی چاوتێبرینی یانەکانی دیکەی عێراقی، (سارا عەبدوڵا) یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری هەولێرە، ئەو لەگەڵ چەند یانەیەك کۆمەڵێك نازناوی لە ژیانی وەرزشیی خۆیدا بەدەست هێناوە، چاوی لەوەیە لە داهاتوو ئاستی باشتر پێشکەش بکات و ببێتە ئەستێری دیاری یاریی فوتساڵ لە عێراق و کوردستان، جگە لە یانەی ئافرەتانی هەولێر بۆ هەریەك لە یانەکانی چۆمان و گازی شیمال و بیلادی و زەورا یاریی کردووە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

***خ ەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

-خەونی من ئەوەیە ببمە باشترین یاریزانی کوردستان لە هێڵی بەرگری و، دەمەوێت هەنگاو بە هەنگاو لە باشترین یانەکان یاری بکەم و ئەنجامی گەورەم هەبێت.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ؟**

-ئەوە خەونی هەموو یاریزانێکی کوردستانە و خەونی منە درێسی هەڵبژاردەی وڵاتەکەم بپۆشم.

*** بە کام یاریزانی جیهانی سەرسامیت؟**

-لیونێل میسی ئەرجەنتینی.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتەی بە وەرزشکارانی دەکات لە کوردستان، دەستان خۆش، ئێوە پاڵپشتییەکی بەهێزی وەرزشکارانی کوردستانن.



# خولی عێراق ژمارەی پێوانەیی لە گۆڕینی ڕاهێنەر تۆمارکرد

**لەگەڵ تەواوبوونی هەفتەی (٢٩)ی خولی نایابی عێراق بۆ تۆپی پێی یانە بەشداربووەکانی ئەم خولە، ژمارەی پێوانەیی لە گۆڕینی ڕاهێنەران تۆمارکردووە لە یەك وەرز، هەندێك یانە لەم وەرزە (٧) ڕاهێنەر سەرپەرشتیی کردووە.**

**هەر سێ یانەی (هەولێر، نەورۆز، زاخۆ)، کە نوێنەری هەرێمی کوردستانن لەم خولە، تەنیا یانەی نەورۆز متمانەی بە ڕاهێنەرەکەی کردووە و گۆڕانکاریی نەکردووە لە ستافی ڕاهێنەراندا.**

**لە کۆی (٢٠) یانەی بەشداربوو لە خولی نایاب عێراق (١٥) یانە ڕاهێنەری گۆڕیوە، تەنیا یانەکانی (نەورۆز، شورتە، کارەبا، نەفت، سەناعە) پارێزگارییان لە دەستەی ڕاهێنەران کردووە.**

**ئا: ڕێبین ڕەمزی** ■

**گۆڕانکارییەکانیش بەم جۆرە بوون:**

**● یانەی هەولێر**


١- تەها قادر بەهۆی کاندیدکردنی بۆ ئەندامێتیی دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر دەستی لە کار کێشایەوە.

٢-تاریق جەرایەی تونسی بەهۆی خراپیی ئەنجامەکانی یانەکە، لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەکە دوورخرایەوە.

٣-ئەحمەد مناجد بۆ یەك یاری بەشێوەی کاتی بووە ڕاهێنەری یانە، پاشان وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەری (تاریق جەرایە)ی تونسی دەستبەکار بوو.

٤-دڵشاد ئەحمەد بۆ یەك یاری بەشێوەی کاتی بووە ڕاهێنەر، پاشان بووە یاریدەدەری ڕاهێنەری سووری (نزار مەحرووس).

٥- (نزار مەحرووس)ی سووری لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی ڕاهێنەرایەتیی یانەکە، تا ئێستا لە ئەرکەکەی بەردەوامە.



● یانەی زاخۆ

یانـەی زاخـۆ لەگـەڵ دەسـتپێکردنی خولەکـە (عەبدولوەهـاب ئەبوهێـل) ڕاهێنـەری تیپەکـە بـوو، بـەڵام لەگـەڵ تەواوبوونـی هەفتـەی (٢٨) ی خولەکـە، ناوبـراو دەسـتی لـە ڕاهێنەرایەتیـی یانەکـە کێشـایەوە و، دەسـتەی کارگێڕیـی یانـەی زاخـۆ ڕاهێنـەری سـووری (فیـراس خەتیـب) ی وەکـو ڕاهێنـەری تیپەکـە تـا کۆتایـی وەرز دەستنیشـان کـرد.

● یانەی مینا

تـا ئێسـتا ئـەم یانەیـە زۆرتریـن ڕاهێنـەر کاری تێدا کـردووە، کـە دەگاتـە هەشـت ڕاهێنـەر و، چـاوەڕوان دەکرێت تـا کۆتایـی ئـەم وەرزە ژمـارەی ڕاهێنـەرەکان زیاتـر بێـت.

ڕاهێنەرەکانیش ئەمانە بوون

١-قوسەی مونیر

٢-ئیحسان هادی

٣- هاتف شمران

٤- ئەمین فیلیپ

٥- عەمار حوسێن

٦-ئەحمەد ڕەحیم

٧- هاتف شمران

٨- عەلی وەهاب

● یانەی دیوانییە

١-ئەحمەد خەڵەف

٢-ئەحمەد ڕەحیم

٣-ئەحمەد محەمەد

٤-حەمزە هادی

٥- هەیسەم شبول (ئوردن)ی تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی زەورا

١-عیسام حەمەد

٢- حەیدەر عەبدولئەمیر

٣- ئەیوب ئۆدیشۆ تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی قوە جەوییە

١-ئەحمەد خەڵەف

٢-ڕازی شنێشل

٣-حەکیم شاکر تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی کەرخ
١-ڕەزاق فەرحان
٢-حەسەن ئەحمەد
٣- ئەحمەد عەبدولجبار تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی نەفتی میسان
١-سائیر جەسام
٢- ئەسعەد عەبدولڕەزاق
٣- ئەحمەد خەڵەف تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی نەفتی بەسرە
١- عیماد عۆدە
٢- ئەسعەد عەبدولڕەزاق تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی ئەمانەی بەغداد
١-جەمال عەلی
٢- ویسام تاڵب
٣-عیسام حەمەد تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی ئەلقاسم
١-سامی بحت
٢- جاسم سوڵتان تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی نەجەف
١-هاتف شەمران
٢-حەیدەر عەبودی
٣- حەسەن ئەحمەد تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی نەفتی ناوەڕاست
١-عەبدولغەنی شەهد بەهۆی دەستنیشانکردنی وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق تیپەکەی بەشێوەیەکی کاتی جێهێشت.
٢-حەیدەر نەجم بەشێوەیەکی کاتی بووە ڕاهێنەر، پاشان بووە یاریدەدەری ڕاهێنەر عەبدولغەنی شەهد لە هەڵبژاردەی عێراق.
٣- عەبدولغەنی شەهد تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی تەڵەبە
١-قەحتان جەسئەیەر
٢- حەیدەر محەمەد (ئەبۆ عەجە)
٣- ئەنەس مەخلوف (سووری) تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.



● یانەی سامەڕا
١-ئەحمەد کازم
٢- سامی بحت
٣- ئەحمەد کازم
٤- سامر سەعید
٥- مەحمود مەجید تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی نەورۆز
١-وەلی کەریم تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی شورتە
١-موئمین سلێمان (میسر)ی تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی کارەبا
١-لوئەی سەلاّح تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی نەفت
١-باسم قاسم تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

● یانەی سەناعە
١-سادق حەنون تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.

لەم وەرزە شەش ڕاهێنەر لە دەرەوەی عێراق ڕاهێنەرایەتیی یانەکانی خولی نایابی عێراقیان کردووە، کە پێنج ڕاهێنەر تا ئێستا لە کارەکانیان بەردەوامن، تەنیا ڕاهێنەری تونسی (تاریق جەرایە) بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی لە ڕاهێنەرایەتی یانەی هەولێر دوور خرایەوە.
زۆرترین ڕاهێنەری سووری لەگەڵ یانەکانی عێراق کار دەکەن، کە سێ ڕاهێنەری سووری لەگەڵ یانەکانی عێراق لە کارەکانیان بەردەوامن، ئەویش هەریەکە لە (نزار مەحرووس) لەگەڵ یانەی هەولێر و (ئەنەس مەخلوف) لەگەڵ یانەی تەڵەبە و ( فیراس خەتیب) لەگەڵ یانەی زاخۆ.
ڕاهێنەری یانەی دیوانییە (هەیسەم شبول) تاکە ڕاهێنەری ئوردنییە لە خولی عێراق و تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە.
ڕاهێنەری یانەی شورتە (موئمین سلێمان) تاکە ڕاهێنەری میسرییە لەم خولە لەگەڵ یانەکەی، نزیکە لە بەدەستهێنانی خولی نایابی عێراق بەجیاوازییەکی زۆر لە پێشەنگی خولەکە دێت.







# زانكۆی جیهان ئامانجی گەیشتنە بە خولی پلە یەكی كوردستان


تیپی تۆپی پێی زانكۆی جیهان ئەم وەرزە بەشدارە لە خولی یانە پلە دووەكانی كوردستان، هەرچەندە یانەكە تەمەنی كورتە لە رووی دامەزراندنەوە، بەڵام بە ئیداریەكی سەركەوتووەوە چاوی لەوەیە هەنگاو بە هەنگاو لە خولە گەورەكەی كوردستان نزیك ببێتەوە و ببێتە یەكێك لە یانە دیارەكانی كوردستان و، شەڕی ئەنجامی گەورە بكات، لە ئێستادا یانەكە سەرقاڵی ئەنجامدانی یارییەكانیانن لە خولی پلە دووی كوردستان، یانەكەش چاوی لەوەیە پلێتێكی گەیشتن بە خولی پلە یەكی كوردستان دەستەبەر بكات، لەم بارەشەوە (زیاد كەریم) سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی زانكۆ جیهان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە وەكو یانەی زانكۆی جیهان ئەم وەرزە لە خولی پلە دووەكاندا سێ یاریمان ئەنجام داوە و، خاوەنی حەوت خاڵین، لەگەڵ یانەكانی كۆمەڵەی یەكەم لە كێبركێداین بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی شایستە بە دەست بهێنین لەم چەند یارییەی ماومانە، بۆ ئەوەی خۆمان بگەیەنینە ریزی یانە پلە یەكەكانی كوردستان، تا ئێستا لە ئاستی تیپەكەمان ڕازین و یاریزانانی یانەكەمان بە رۆحییەتێكی بەرزی وەرزشییەوە یاری دەكەن، چاومان لەگەیشتنە بە ریزی یانە پلە یەكەكانی كوردستان»، سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی زانكۆ جیهان گوتیشی: «هیچ كێشەو گرفتێكمان نییە، سوپاسی ئیداری یانەكەمان دەكەین كە پاڵپشتی تەواوی تیپەكەمانن بۆ سەركەوتن بۆ قۆناغەكانی داهاتوو، ئەم چەند یارییەی ماومانە هەموو هەوڵێكی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی یەكێك لە پلێتەكانی خولی پلە یەكەكانی كوردستان بەدەست بهێنین، یانەكەمان هەر چەندە تازەیە، بەڵام هیوای گەورەی هەیە لە خولەكانی كوردستان».



دانا عوسمان:

# ئامانجی سەرەكیم خولی عێراقە

یارییەكانی خولی نایابی یانەكانی كوردستان ئەم وەرزەش بە كۆتا هات، سەرەتای خولەكەش ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەكانی كوردستان كێبڕكێ بەدەستهێنانی گۆڵكاری ئەم وەرزەی خولەكەیان دەكرد، یانەكانیش كێبركێ بەدەستهێنانی نازناوەكەیان دەكرد، هەریەك لە یاریزانان (دانا عوسمان لە پێشمەرگەی هەولێر، بەلێن فایەق لە سەید سادق، هێمن فەرەج لە نەورۆز) بە تۆماركردنی ١٠ گۆڵ بوونە گۆڵكاری خولەكە، لە بارەی بەدەستهێنانی گۆڵكاری كوردستان، دانا عوسمان گۆڵكاری خولەكە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ هەر هێرشبەرێك بەدەستهێنانی نازناوی گۆڵكاری خول هەستێكی خۆشە، منیش توانیم لەم وەرزە ئامانجەكەم بپێكم، هەر چەندە هەوڵی تۆماركردنی گۆڵی زیاترم دەدا، بەڵام توانیم ١٠گۆڵ تۆماربكەم، لە ئێستادا تەنیا پشوو دەدەم و لە ماوەی داهاتوودا ئامانجی خۆم دیاری دەكەم»، هەروەها گوتیشی: «بە دڵنیاییەوە خولی عێراقی ئامانجی سەرەكیمە، دوو هۆكار خولی ئەمساڵی كوردستان ناخۆش كردبوو، یەكەم زۆریی یانەكان، دووەمیش ئاستی ناوبژیوانان، هیوادارم ساڵی داهاتوو بتوانم ئاستی باشتر پێشكەش بكەم».




# یانەی نەورۆز ئامانجەکەی پێکاوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی نەورۆز ئەم وەرزە بەشداره لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، یانەکە هەر لە دەستپێکی خولەکە، بۆ ئەم وەرزە تەنیا ئامانجی مانەوە بوو لە ریزی یانە گەورەکانی عێراقی، لە قۆناغی دووەمی خولەکەش ئەنجامەکانی وەکو پێویستە و بەدڵی هاندەرانیەتی، تا رادەیەکی زۆریش گرێنتی مانەوەی لە خولەکە بەدەست هێناوە، لە بارەی بارودۆخی تیپەکەش (پرسیار عەبدولڕەزا) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاس بۆ خودای گەورە بارودۆخی تیپەکەمان بە شێوەیەکی گشتیی زۆر باشە و، یاری بۆ یاری دەمانەوێ زیاتر بەهێز بین لە ناو گۆڕەپانی یارییەکاندا، دەمانەوێ بۆ ئەم یارییانەی ماومانە ئاست و ئەنجامی باشتر بە دەست بهێنین و بگەینە خانەکانی سەرەوە، خۆشتان دەزانن لە یارییەکانی خولی عێراقی هەر یارییەك بارودۆخێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئێمە زیاتر چاومان خستووەتە سەر ئەو یارییانەی کە لە نێو یاریگای خۆمان ئەنجامی دەدەین»، سەبارەت بە ئامانجەکانیان لەم خولە، پرسیار عەبدولڕەزا گوتی: «ئامانجی ئێمە بۆ ئەمساڵ مانەوە بوو لە خولی نایاب، بۆ یەکەمساڵیش توانیومان ئەو کارە ئەنجام بدەین، دەستپێکی خولەکەش بارودۆخێکی تایبەت بە سەر یانەکەماندا هات، بەڵام هەر توانیشمان ئامانجەکەمان بپێکین، بۆ ساڵی داهاتوو پلانی تۆکمەترمان دەبێت ئەگەر بارودۆخی یانەکەمان گونجاو بێت، یانەی نەورۆز لە ٢٨یاریی رابردوو ٣٢ خاڵی کۆکردووەتەوە، ئیدارەی یانەکەش متمانەی تەواوی بە ستافی راهێنەرانی یانەکە هەبووە بۆ ئەوەی درێژە بە یارییەکانی بدات، بۆ ئەم مەبەستەش وەلی کەریمی راهێنەر سەرپەرشتی مەشقی یانەکەی کردووە لەسەرەتای خولەکە تاکو ئێستا».



# خەو و نەخۆشیی دڵ




لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی زانکۆی ئۆسلۆدا لە نەرویژ هاتووە، کە خەوزڕان حاڵەتێکی باوە لە تووشبووان بە نەخۆشیی دڵ و، ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك Stroke بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات، هەندێك جاریش گرفتی گەورەی تری دڵ. بەدواداچوون و چارەسەرکردنی خەوزڕان لە نەخۆشانی دڵدا گرنگی یەکجار زۆری هەیە، بەڵگەی زانستیی چەسپاو لە بەردەستدایە کە خەوزڕان، کەم خەوی، یان پچڕپچڕبوونی خەو کاریگەریی نێگەتیڤ دەکەنە سەر تەندروستیی دڵ، بۆنموونە: هاندەرن بۆ ڕوودانی نۆرەی دڵ، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، هەروەها جەڵتەی مێشك. خەو زۆر پێویستە بۆ خۆنوێکردنەوەی لەش، بۆنموونە لەکاتی قۆناغی جووڵەی لەسەرخۆی چاوەکاندا NREM، لێدانەکانی دڵ کەم دەبنەوە، پەستانی خوێن دادەبەزێت و هەناسە جێگیر دەبێت، هەموو ئەمانە فشار لەسەر دڵ کەم دەکەنەوە و هانی نوێبوونەوەی دەدەن لەپاش فشاری جووڵەی ڕۆژدا. ئەمەش ڕوون کراوەتەوە کە نووستن بۆ ماوەی کەمتر لە شەش کاتژمێری شەوانە، ئەگەری تووشبوون بە نۆرەی دڵ تا ڕێژەی ٢٠٪ زیاد دەکات، هەروەها هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هەوکردنی درێژخایەن، کە ئەگەری ڕەقبوونی خوێنبەرەکان زیاد دەکات، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێندا.

# ڕێگەکانی خۆپاراستن لە بەردی زراو



زۆربەی بەردەکانی زراو Gall stones لە کۆلیستیرۆڵ پێکهاتوون، خۆراك ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە دروستبوونی بەردی زراودا، هۆکارە هاندەرەکانی تووشبوون: مەیلی خێزانی (بۆماوە)، کێشی زیاد، ونکردنی خێرای کێشی لەش، دووگیانی، بەکارهێنانی دەنکی ڕێگری لە دووگیانی. هەنگاوەکانی خۆپاراستن بریتین لە: دابەزاندنی کێش بە شێوەیەکی لەسەرخۆ، زیاد خواردنەوەی ئاو بە درێژایی ڕۆژ، دڵنیابوون لە دابینکردنی ١٠٠٠ ملگم کالسیۆم ڕۆژانە بۆ ئافرەتان کە هەنگاوێکە بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی بەردی زراو، وەرگرتنی ٢٠٠ ملگم ڤیتامین C بە شێوەی دەنك لەوکاتەی کە ئاستی بەرزی ئەم ڤیتامینە لە خوێندا ئەگەری تووشبوون بە بەردی زراو تا ٥٠٪ کەم دەکاتەوە، کەمکردنەوەی ڕێژەی چەوری لە خۆراکی ڕۆژانەدا بۆ تەنیا ٥٥ گرام، هەڵبژاردنی ئەو خۆراکانەی کە چەورییە تەندروستەکان لەخۆدەگرن، وەك: گوێز و باوی و ماسی سالمۆن لەگەڵ زەیتی زەیتوون کە ترشە چەوریی ئۆمیگا٣ لەخۆدەگرن، کەمکردنەوەی شەکر، چونکە هاندەرە بۆ دروستبوونی بەردی زراو، زیاد وەرگرتنی ئەو خۆراکانەی کە ڕێژەی بەرزی ریشاڵ لەخۆدەگرن، وەکو پاقلەمەنییەکان، نیسك، پاقلەی سۆیا، برۆکۆلی، گەنمەشامی، ئاڤۆکادۆ، سێو، دانەوێڵەی تەواو، میوەی وشککراو.

**لە هەر چوار کەس یەکێک ئەم نەخۆشییەی جگەری هەیە!**



ڕاپۆرتێکی نوێی کۆمەڵەی ئەمریکیی نەخۆشییەکانی دڵ AHA جەخت دەکاتەوە، نزیکەی ٢٥٪ی خەڵك لە سەرتاسەری جیهاندا گرفتیان لە جگەردا هەیە، کە پەیوەندی بە ئەلکهولەوە نییە و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات. ئەم گرفتە بریتییە لە کۆبوونەوەی چەوریی نائەلکهولی لە جگەردا NFALD زیاتر لە ڕێژەی ئاسایی، کە زۆر جار هاوکاتە لەگەڵ هەوکردندا، پاشان ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت، ئەوا دەبێتە ئەگەری مۆمبوونی جگەر، واتە لەناوچوونی درێژخایەنی خانەکانی جگەر و نەخۆشی لە کۆئەندامی دڵ و سووڕاندا، ئەم حاڵەتە لە زۆربەی تووشبوواندا دەستنیشان ناکرێت، ئەگەر پشکنینی ڕۆتینی ئەنجام نەدەن، چونکە لە سەرەتادا هیچ نیشانەیەکی نییە تا ئەو کاتەی کە بە تەواوی پەرەدەسێنێت. نەخۆشیی دڵ لەم حاڵەتاندا هۆکارێکی باوە بۆ مردن، چونکە هەردوو حاڵەت هاوبەش و هاوکاتن لەگەڵ گرفتی دیکەی وەك: بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، بەرزبوونەوەی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا، زیادبوونی ڕێژەی چەوریی سك، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، حاڵەتی پێش تووشبوون بە شەکرە Prediabetes، یان تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، لەگەڵ کێشی زیادی لەش و قەڵەویدا.



# بایەخی خۆراکیی گوێزی هیندی

گوێزی هیندی Coconut ڕێژەیەکی بەرزی چەوری لەخۆدەگرێت (٣٤٪) جیاواز لە میوەکانی دیکە کە ڕێژەیەکی بەرزی کاربۆهیدرات لەخۆدەگرن، هەروەها پرۆتین ٣٪، کاربۆهیدرات ١٥٪، ریشاڵ ٩٪، ماددەی دژەئۆکسانی پۆلیفینۆلەکان Polyphenols، ڤیتامینەکانی B1، B2، B3، B5، B9،C، لەگەڵ کانزایەکانی پۆتاسیۆم، سۆدیۆم، مەنگەنیز، سیلینیۆم، کۆپەر، ئاسن، مەگنسیۆم، فۆسفۆر، زینك. بایەخی تەندروستیی گوێزی هیندی: چالاکیی دژەبەکتریا، هاندانی کۆنترۆڵی ئاستی شەکری خوێن بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ماددە دژەئۆکسانەکان، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان و چەند جۆرێکی شێرپەنجە، زەیتی گوێزی هیندی لەوانەیە کە هاندەر بێت بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، چونکە چەوریی گلیسریدە سییانییەکانی زنجیرەی مامناوەند MTC لەخۆدەگرێت، ڕێکخستنی پەستانی خوێن بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی پۆتاسیۆم لە ئاوی گوێزی هیندیدا. پێویستە ئەمەش بزانرێت کە گوێزی هیندی چەورییە تێرەکان لەخۆدەگرێت، کە پەیوەندییان بە بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێنەوە هەیە، بۆیە زیاد خواردنی لە کەسانی ئاساییدا ڕێنمایی ناکرێت، هەروەها پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێنان بەرزە، دوور بکەونەوە لە خواردنی گوێزی هیندی و زەیتەکەی.



# چۆن چاوه‌كانت ده‌پارێزیت له‌ وه‌رزی هاویندا؟

چاوه‌كان له‌ وه‌رزی هاویندا زیاتر رووبه‌رووی گرفت ده‌بنه‌وه‌، زیاتر له‌به‌ر تیشكی سه‌رووی وه‌نه‌وشه‌یی و هه‌وای گه‌رمی هاوین و هه‌وای سارده‌كه‌ره‌وه‌كان، كه‌ راسته‌وخۆ به‌ر چاو ده‌كه‌ون، بۆیه‌ چاودێریی تایبه‌تیان ده‌وێت، به‌م هه‌نگاوانه‌: به‌كارهێنانی چاویلكه‌ی هه‌تاویی دروست، به‌ مه‌به‌ستی پاراستنی چاوه‌كان له‌ تیشكی سه‌رووی وه‌نه‌وشه‌یی، له‌وكاته‌ی كه‌ ئه‌م تیشكه‌ هۆكاره‌ بۆ هه‌وكردنی ناوپۆشی پێڵووه‌كان و سووربوونه‌وه‌ی چاو، كه‌ هاوكاته‌ له‌گه‌ڵ خورشت و ناره‌حه‌تیی چاو، هه‌روه‌ها هانده‌ره‌ بۆ دروستبوونی ئاوی سپی Cataract له‌ هاوێنه‌ی چاودا، به‌كارهێنانی كاسكێتی هه‌تاو بۆ پاراستنی چاو له‌ به‌ركه‌وتنی راسته‌وخۆ به‌ تیشكی خۆر، كه‌ له‌وانه‌یه‌ ببێته‌ ئه‌گه‌ری شێرپه‌نجه‌ له‌سه‌ر پێستی پێڵووه‌كانی خواره‌وه‌دا، خۆپاراستن له‌ تیشكی خۆر له‌ نێوان كاتژمێر ١٠ی به‌یانی- ٣ ی پاش نیوه‌ڕۆ، چونكه‌ له‌و كاته‌دا توندیی تیشكی خۆر و ئاستی سه‌رووی وه‌نه‌وشه‌یی له‌ لووتكه‌دا ده‌بن، به‌كارهێنانی چاویلكه‌ی هه‌تاوی، ته‌نانه‌ت له‌ شوێنی سێبه‌ر و كه‌شی هه‌وریشدا، به‌كارهێنانی چاویلكه‌ی هه‌تاوی پان Wrap-around glasses كه‌ رێگا له‌ گه‌یشتنی بای گه‌رم به‌ چاوه‌كان ده‌گرێت، به‌كارهێنانی فرمێسكی ده‌ستكرد Artificial tears له‌كاتی وشكبوونی زۆری چاو به‌ رێنمایی دكتۆر، خواردنه‌وه‌ی بڕێكی باشی ئاو رۆژانه‌ به‌مه‌به‌ستی رێگرتن له‌ وشكبوونی چاو، دووركه‌وتنه‌وه‌ له‌ جگه‌ره‌كێشان، چونكه‌ هانده‌ره‌ بۆ په‌یدابوونی ئاوی سپی و گرفت له‌ تۆڕه‌ی چاودا.



# زیانه‌كانی هه‌ناسه‌وه‌رگرتن به‌ ده‌م



كه‌سانی ته‌ندروست به‌ رێگای لووت و ده‌م هه‌ناسه‌ وه‌رده‌گرن، هه‌ناسه‌وه‌رگرتن ته‌نیا به‌ رێگای ده‌م له‌وكاته‌دا پێویست ده‌بێت كه‌ گرفت له‌ لووتدا په‌یداده‌بێت، یان له‌كاتی سترێس و مه‌شقی توندا. زیاد هه‌ناسه‌وه‌رگرتن ته‌نیا به‌ رێگای ده‌م Mouth breathing ئاكامی ته‌ندروستیی نه‌رێنی لێ ده‌كه‌وێته‌وه‌، وه‌كو: وشكبوونی ده‌م، زیادبوونی ئه‌گه‌ری كلۆربوونی ددان و هه‌وكردنی پوك، ناخۆشبوونی درێژخایه‌نی بۆنی ده‌م، دابه‌زینی ئاستی وزه‌ی له‌ش له‌به‌ر كه‌م گه‌یشتنی ئۆكسجین به‌ له‌ش له‌ ئه‌نجامی هه‌ناسه‌ی ده‌م، خراپبوونی كوالیتی خه‌و، ده‌نگ كه‌وتن Hoarseness، هه‌ناسه‌ته‌نگی له‌كاتی خه‌ودا Sleep apnea كه‌ هۆكاره‌ بۆ تێكدانی خه‌و، گرفت له‌ كۆئه‌ندامی هه‌رسدا له‌به‌ر قووتدانی هه‌وا Aerophagia له‌كاتی هه‌ناسه‌وه‌رگرتن به‌ ده‌م، زیادبوونی ئه‌گه‌ری هه‌وكردنی قوڕگ و گوێ، په‌یدابوونی ئه‌ڵقه‌ی تاریك له‌ ده‌وری چاوه‌كاندا، هه‌ستكردن به‌ ناره‌حه‌تی و ماندووبوون له‌كاتی رۆژدا. هۆكاره‌كانی هه‌ناسه‌وه‌رگرتن به‌ ده‌م: لووتگیران له‌به‌ر هه‌ر هۆكارێك، هه‌سته‌وه‌ری، ره‌بو، هه‌ڵامه‌ت، لاربوونی به‌ربه‌ستی لووت، ئاوسانی ئاڵووه‌كان (له‌وزه‌كان)، بوونی زیده‌گۆشتی جیوبی لووت Polyps. خۆپاراستن و چاره‌سه‌ركردن: خۆڕاهێنان له‌سه‌ر هه‌ناسه‌وه‌رگرتن به‌ رێگای لووت، پاك راگرتنی لووت، په‌یره‌وكردنی هه‌نگاوه‌كانی كه‌مكردنه‌وه‌ی سترێس، به‌كارهێنانی سه‌رینی گه‌وره‌ و به‌رز، ئه‌نجامدانی مه‌شقی وه‌رزشی.

# لە تاکسی ئاسمانییەوە بۆ بارهەڵگری ئاسمانی

کۆمپانیای Elroy Air ساڵی ٢٠١٦ لەلایەن دیڤ مرێل و کلێنت کۆپ دامەزرا، مەبەست لە دامەزراندنی کۆمپانیاکە، بەرهەمهێنانی تەکسی هەوایی بوو، ویستیان کارێك بکەن کە کێشەی ترافیك و قەرەباڵغی لەسەر زەوی کەم بکرێتەوە. ئەوان پێیان وابوو هەتا ساڵی ٢٠٢٠ دەتوانن لەو بوارەدا سەرکەوتنن بەدەست بێنن. بەڵام دواتر دەرکەوت کێشەی دروستکردنی تەکسی ئاسمانی هەر بوارە هونەری و تەکنیکییەوە نییە، بەڵکو رێپێدران و ئیزندانیەتی لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە. بۆیە لە پارساڵەوە بڕیاریاندا تەکسی هەوایی بکەنە بارهەڵگری هەوایی کە کێشەیەکی ئەوتۆی بۆ نایەتە پێش. بۆیە Elroy Air Chaparral بەرهەم هێنا. ئەم فڕۆکە بچووکە توانای هەڵگرتنی ٢٢٥ کیلۆی هەیە و دەتوانێ هەتا مەودای ٥٠٠ کیلۆمەتر ببیات. ئەگەر بارەکە کەمتر بێت دەتوانێ زۆرتریش بڕوات. بەڵام لەکاتژمێرێکدا ١٨٩ لیتر سووتەمەنی دەوێت. رەنگە جارێکی دیکەش لە بواری ئەمنییەوە کێشەی بۆ بێتە پێش، چونکە وەك زانراوە مافیاکانی جیهان بۆ گواستنەوەی مادە هۆشبەرەکان لەو جۆرە فڕۆکانە سوود وەردەگرن.



## ماوسی ئەنگوستیلە

ماوس گرنگترین ئامێری لاوەکی کۆمپیوتەرە، ماوس فەرمانەکانی مرۆڤ دەگوازێتەوە بۆ کۆمپیوتەر و شا کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی کۆمپیوتەرە. ماوس شێواز و ستایلیان جۆراوجۆرە، بەڵام بە گشتی هەموویان یەك ئەرك ئەنجام دەدەن.

ماوسی Magnima AirPoint لە شێوەی ئەڵقەیەك لە پەنجە دەکرێت. ماوسێکی ئاساییە. موسەکە هەستەوەری جوڵەیی ٦ لایی هەیە. بەشێوەیەکی خۆکار جوڵەی پەنجەکان دەکاتە جوڵەی ماوس.

گرنگ نییە دەستت لەسەر شتێك دابنێی، دەتوانی دەستەکانت بێ ئەوەی لەسەر شتێك بێت بجوڵێنی. وەك ماوسی ئاسایی دوو دوگمەی چەپ و راستیی هەیە. هەروەها بە جۆری جوڵەی پەنجەکانیش جوڵەی ماوسەکە گۆڕانی بەسەردادێت. هەتا دە رۆژ شەحنی دانابەزێت و پاشان شەحن دەکرێتەوە.





# سپلیتی ملپێچ داهێنانێکی نوێ

ئـەو وێنەیـەی دەبینـن، ئامێـری هیدفـۆن نییـە، بەڵکو سپلێتێکی تـەواوە بۆ خۆپارێزی لـە گـەرمـای هاوین. سـپلیتی Metaura Pro یەکەمیـن سـپلیتی گـەڕۆکـی جیهانـە. فێنـك کەرەوەیەکـە کـە بـەردەوام هـەوای سـارد بـۆ بەکارهێنەرەکـەی دەگوازێتـەوە.

فێنـك کـەرەوەی ناوبـراو هەتا حـەوت پلە فێنـك تـر لـە هـەوای دەوروبـەر، هـەوای سـارد بـۆ بەکارهێنەرەکـەی دێنێت، ئەگـەر پەنکەکەشی هەڵبکرێت ئـەوە ١٨ پلـە فێنکتـر دەبێـت. ملپێچـە سـپلیتەکە لـە ٢٦ پارچـەی Fin کـەم کێـش پێکهاتـووە کـە بـە دەوری گـەردنـی بەکارهێنەرەکـە دەپێچرێتـەوە و گـەرمـا ناهێڵـێ. پانکەیەکیـش وا دەکات کـە گـەرمـای دەوروبـەر لادەدات.

ملپێچـە سـپلیتەکە شـەحن دەکرێتـەوە و دوای شـەحنکردنەوەی تـەواو ٨ کاتژمێـری بـەردەوام کار دەکات. کێشـی تەنیـا ٤٣٥ گرامـە.





# کلیلی سیحری بۆ گشت ئامێرێک

ئـەو ئامێـرە بچووکـەی دەبینـن، کاریگەرییەکـی زۆری هەیە، دەکرێت بڵێین کلیلی سیحرییە و هەمـوو دەرگایـەك دەکاتەوە.. ئامێری CheerTok لەیەك کاتدا بۆ مۆبایل، کۆمپیوتەر، تەلەڤزیۆن و تەنانەت بۆ ریمۆت کۆنترۆڵی ئۆتۆمبیلیش دەبێت.

دەکرێت بۆ هـەر ئامێرێك پرۆگرامـی خـۆی بـۆ دابنـدرێ، لـە کۆمپیوتـەر و مۆبایلدا وەك مـاوس دەچێـت و هەمـوو ئەرکەکانـی مـاوس ئەنجـام دەدات، لەگـەڵ چەنـد دوگمـەی زیاتـر بـۆ خێرایـی کردنـەوەی پرۆگرامـەکان.

لـە تیڤیـدا وەك ریمـۆت کۆنتـرۆڵ کار دەکات، بەتایبەتـی بـۆ تیڤییـە زیرەکـەکان، بـۆ کردنـەوەی ماڵپـەڕەکان، گۆڕینـی کەناڵـەکان و هەمـوو ئـەو ئەرکانـەی ریمـۆت کۆنترۆڵ ئەنجامی دەدات. بۆ ئۆتۆمبیل دەبێت و لەبری ریمۆت ئۆتۆمبیـل کار دەکات.




# ئامێرێک بۆ کەمکردنەوەی ژان

بۆ کەمکردنەوەی ئازار، پێویستە حەب یا دەرمانی ئازارشکێن بەکار بهێندرێت. لەسایەی تەکنەلۆژیای نوێدا کەمکردنەوەی ژان و ئازاریش بە ئامێرە نوێیەکان سپێردراوە. ئامێری PRO-ALLER808 ئامێرێکی لەیزەرییە بۆ کەمکردنەوەی ئازاری جومگەکان، پشت و شان و گیرانی دەمارەکان سوودی لێوەردەگیرێت.

بەکارهێنانی ئەو ئامێرە و هاوشێوەکانی بە سوودترە لە حەب و دەرمان، چونکە کاریگەری نەرێنی لەسەر جەستە نییە. بەکارهێنانی ئامێرەکە زۆر ئاسانە، رۆژانە دوو یا سێ جار بۆ ماوەی ١٥ خولەك لەو شوێنەی بدە کە ئازاری هەیە.

ئامێری ناوبراو نە تەنیا بۆ مرۆڤ، بەڵکو بۆ ئاژەکانیش دەکرێ بەکار بێنرێت. کێشی ئامێرەکە کەمە نزیکەی ٣٥٠ گرام دەبێت. هەڵگرتنی ئاسانە، دەکرێت ٥ کاتژمێری بەردەوام سوودی لێوەربگیرێت بەبێ ئەوەی چارژ بکرێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، هۆکاری چییە کە شەحنی مۆبایلەکەم زۆر زوو دادەبەزێ؟**

خوێنەری بەڕێز، هۆکاری دابەزینی باتری مۆبایل گەلێکن، وەك ئەوەی کە شوێنی مۆبایلەکە گەرم بێت، هەمیشە و بەردەوام بلوتوس یا وای-فای کراوەتەوە. دوای ئەوەی کە گەیمێکت کردووە یا ڤیدیۆیەکت سەیر کردووە، بە تەواوی لێیان نەچوویەتە دەر کە پێویستە ئەوکات جارێك ریستارت بکرێتەوە. مۆبایلەکە زۆر کراوەتەوە. سیستەمی بەگەڕخەر بەشێکی زۆری لە میمۆری مۆبایلەکەت داگیر کردووە. یان ئەو شەحنکەرەوەی کاری پێدەکەی بە باشی کار ناکا و یا کێبڵەکەی تێکچووە. دەبێ گشت ئەو لایانانە وەبەرچاوبگری. بە شەحنکەرەوەیەکی دیکە مۆبایلەکەت شەحن بکەوە.

# پرۆگرامێک بۆ رێکخستنی وێنەکان

نەوەی ئەم سەردەمە نەوەیەکی بێ ئەلبۆمە، بەڵام بە هەزاران وێنەی لەسەر مۆبایل و کۆمپیوتەرەکە و میمۆری و هاردەکاندا هەیە. بۆ رێکخستنی ئەو هەزاران وێنەیەش پێویستی بە پرۆگرامی تایبەتە کە بەپێی رێکەوت، یا قەبارە، یا شوێن و جوگرافیا یا کەسایەتییەکان وێنەکان رێك بخات. یەکێك لە باشترین پرۆگرامەکان بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامی ACDSee Photo Studio ە. بەشێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:




نیشاندان، رێکخستن و ریزبەندی، هاوبەشی کردن... تاد. پرۆگرامەکە لە گشت فۆرماتەکانی وێنە پشتیوانی دەکا. دەکرێت وەك پرۆگرامێکی پەیوەندیش سوودی لێوەربگیرێت، واتە وێنەکان لە کامێرای دیجیتالی و سکاینەر و ئامێرە هاوشێوەکان وەربگرێ.

دەکرێت بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە ئەلبۆمی پێشەیش دروست بکرێ، دەکرێ مۆسیقا لەسرە وێنەکان دابندرێ.



# کامێرایەکی تایبەت بە لاپتۆپ و تیڤی زیرەک

وێب کام، یا کامێرای تایبەت بە ئینتەرنێت و وێب بەگشتی یەك چاویان هەیە و بەکارهێنەر لە تەنیشت لاپتۆپی دادەنێت.
وێبکەمی جۆری ROCWARE - RC08 لە گشت وێبکەمێك جیاوازترە.
ئەو لەبری یەك ئاوێنە دوو ئاوێنەی هەیە. دوو ئاوێنە کە مەودای لێکدووریان بە قەد مەودای نێوان چاوەکانی مرۆڤە. لەسەر لاپتۆپ یا تیڤی دادەنرێت. بەکارهێنەر کاتێك لە وێبنارێك بەشداری دەکا، یا نیازی گفتوگۆی دەنگ و رەنگی هەیە، پێویست بەوەی ناکا کە سەری خۆی بۆ لای کامێراکە بجوڵێنە.. چونکە مەودایەکی ٩٠ پلەیی دەگرێت.

فۆکسی خۆکاری هەیە و کوالیتی نیشاندانی فول ئیچ دییە. خێرایی نیشاندانی ٣٠ فریم لە چرکەیەکدایە. ئەگەر بەکارهێنەر لە کۆمپیوتەرەکە دوور بکەوێتەوە دیسان کێشەی بۆ نایەتە پێش. وێبکەمەکە مایکی تایبەتی لەگەڵ دایە، هەروەها بڵندگۆشی هەیە، بڵندگۆکان دەنگیان لە بڵندگۆی لاپتۆپەکە بەهێزترە. کێشی کامێرای ROCWARE - RC08 تەنیا ١٤٠ گرامە. کامێرای ناوبراو خۆی ستاندی خۆی لەگەڵدایە کە ٣٦٠ پلە بەدەوری خۆیدا دەسوورێت.



## ماڵپەڕێکی گرنگ بۆ خۆلاوازکردنەوە

ئەوانەی کێشیان لەسەرێیە و نیازیان هەیە خۆلاواز بکەن، زۆر شێواز و رێگا و رێنوێنی و گوێگرتن لە راوبۆچوون بەکار دێنن. یەکێك لەو شێوازانە، ماڵپەڕی تایبەت بە خۆلاوازکردنە. رەنگە ماڵپەڕی https://www.eatthismuch.com یەکێك لە باشترین ماڵپەڕەکان بێت. لەم ماڵپەڕەدا دوای ئەوەی کە هەژمارێکی تایبەت بەخۆت دەکەیەوە، زانیارییە تاکەکەسییەکان، وەك، بەرزی باڵا، کێش، تەمەن...تاد تێدا دەنووسی، پێشنیارت پێدەکا کە چ رژێمێکی خۆراکی بگرییە بەر. رۆژانە پێویستە چەند بخۆی. هەروەها ئەگەر حەز دەکەی هەموو جۆرە خۆراکێك بخۆی، لیستی خواردنی رۆژانەت بۆ دیاری دەکا و رێنوێنیت دەکا کە چۆن خواردنەکان ئامادە بکە.



## ریمۆت کۆنترۆڵێک بۆ گشت ئامێرێکی گەیم

ئامێرەکانی تایبەت بە گەمەی ئەلکترۆنی گەلێکن، وەك PS, xobx, switch و کۆمپیوتەر و ئامێری دیکەش. هەرکام لەوانە بۆ گەمەکردن پێویستیان بە دەسکی گەیم (جویستیك) یا ریمۆتی تایبەت بەخۆی هەیە. ریمۆت کۆنترۆڵی هیچ ئامێرێك بۆ ئەوانی دیکە ناگونجێت.
ئامێری جۆری Fightstick GameSir C2 بۆ گشت ئامێرێکی گەیم دەبێت. بەکارهێنانی زۆر ئاسانە، هەر ئەوەندە بەسە کە بە کێبڵێکی تایبەت بە ئامێرەکەی پەیوەند بدەی.
هەموو ئەو دوگمانەی تایبەتن بە یاری لەو ئامێرەدا هەیە. ٨ دوگمەی لەسەرە کە دەکرێت جێگۆڕێکیان پێبکرێ و هەرکام بۆ یاری و مەبەستێکی دیاریکراو دابندرێن. کێشی ئامێرەکە سێ کیلۆ و نیوە.





## بازن و دەسبەندی ناسک

بۆ مۆدی وەرزی کەشی گەرما کەرەستەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بە تایبەت کاتێك جلوبەرگی بێ قۆڵ لەبەر دەکەیت و دەستەکانت بە دەرەوە دەبن، دەتوانیت لە رازاندنەوەی سەر دەستدا سوود لە خشڵ و ئێکسسوارەکانی مەچەك و دەست وەربگریت. مارکەی ئەرمانی، لە تازەترین خشڵە ناسکەکانیدا گرنگیی بە دەستبەند و بازنی باریك داوە، تا لە کەشی گەرمادا بۆ هەموو شوێنێك لە دەست بکرێت، دەسبەندەکان بۆ شوێنی دەوامی فەرمی و دەرچوون بەکار دەهێنرێت، بازنەکانیش بۆ سەردانی و بۆنە و یادەکان گونجاون و، تۆش پێویستت بە پۆشینی خشڵەکانە، لە کاتێکدا لەگەڵ جلوبەرگی جۆراوجۆردا دەتوانیت ئەو خشڵانە بپۆشیت، دەربارەی قەبارەی خشڵەکان، هەر یەکە بۆ شوێنێك گونجاون، واتە بۆ شوێنی فەرمی خشڵ و بازنی ورد شیاوە، هەروەها بۆ شوێنی ئاسایی دەتوانیت خشڵە گەورەکان لە دەست بکەیت، لە کاتێکدا بازنەکانی قوماش و پلاستیك زیاتر باوترن لە زێڕ و خشڵە گرانبەهاکان، بەهۆی ئەوەی زیاتر ناسکترن و بۆ زۆرترین شوێن بەکاردێن. مارکەی شانێڵ، بازنە قاش باریك و ناسکەکانی وەك مۆدی خشڵەکانی بازن لەو وەرزەدا داناوە و، ئامادەکاری دەکات تاوەکو لە داهاتوودا وەك مۆدێکی ناودار بناسرێت.





## چۆن بەژن و باڵات بەرز نیشان دەدەیت

پسپۆڕی جوانکاری (کارلی کلۆس) لە گۆڤاری (بیۆر واو)ی تایبەت بە خانمان ئاماژەی بەو جۆرە هەنگاو و پۆشاکانە کردووە کە باڵای خانمان بەرزتر نیشان دەدەن، وەك: رەنگی جلوبەرگ، کاتێك جلەکەت تاکرەنگ بێت، شێوەی یەك پارچە دەردەکەوێت و بەمەش جیاوازیی نێوان بەشی سەرەوە و خوارەوە دەرناکەوێت و، قاچەکان درێژتر دەردەکەون. چاکێتی کورت، پۆشینی ئەو جۆرە چاکێتە، وا دەکات کە بەشی سەرەوەی جەستەت بە بچووکی دەربکەوێت و قاچەکانیش دیمەنی زیاتریان بەر دەکەوێت، بەم چەشنە قاچەکانت درێژتر دیار دەبن، هاوڕەنگیی رەنگی پێست و پیلاو، کاتێك ئەو هەنگاوە پەیرەو دەکەیت، شێوەی قاچەکانت لەگەڵ پێستت هاوڕەنگ دەبێت، بەمەش درێژیی قاچەکانت بە روونی دەردەکەوێت. بەستنی پشتێن لە بەرزی رێگەیەکی دیکەی نیشاندانی درێژیی قاچەکانە، کاتێك کە پشتێن لە ئاستی کەمەر بەرزتر بێت بەشی خوارەوەی جەستە درێژتر دەردەکەوێت. جلوبەرگی هێڵی ستوونی، ئەو جلانە هەڵبژێرە کە هێڵەکانیان ستوونییە، بەم جۆرە بەژن و باڵات درێژتر دەردەکەوێت، چونکە جلی هێڵی ئاسۆیی، بەژنت کورتتر نیشان دەدات.

# کراسی سادەی بووک



کراسی مارەبڕین و گواستنەوە هەمیشە لە ڕەنگە جۆراوجۆرەکانن، تاوەکو خانمانی دەستگیراندار لەو ڕۆژەدا بە جوانترین شێوە دەربکەون و شەنگ بن، بەڵام زۆربەی خانمان حەز بە جلی دەستگیرانی لە ڕەنگی سپی دەکەن، ڕەنگی سپییش زیاتر گەشاوەتر و جوانتریان دەکات، بۆیە خولیای ئەوەن جگە لە ڕۆژی ئاهەنگ لەو ڕۆژەشدا سپی بپۆشن، هەر بۆیە (ڤاناس مۆدە) جلی بووکیان لە ڕەنگی سپی ئامادە کردووە، کە چەندین شێوازیان هەن، لەوانە: کراسی درێژی سپی سینگ و بەرۆك داپۆشراو کە بە داخراو ناسراوە، بەشێکی دیکەیان بە کراوە ناوزەند دەکرێت، کە بەشی سەرەوەی سینگی کراوەیە و، لە شێوازی ئەو جلە سپییەدا هاتووە کە بەشی سەرەوەی لە کریستاڵ و مووروو و لە قوماشی ساتان دروست کراوە و، بەشی خوارەوەی سادە و لووسە، قۆڵەکانیشی هاوشێوەی بەشی خوارەوە دوورە لە نەخش و نیگار، لەگەڵ بوونی پشتێنێك لە جلەکە، کە دەکەوێتە سەر کەمەر و بە ناسکی و ڕازاوەیی دەردەکەوێت، جۆرێکی دیکەی جلەکە بە بێ کەمەر وئاسایی چێ کراوە.







# شووتی ڕەش

شووتی لەگەڵ سەرەتای وەرزی گەرمادا دەردەکەوێت، شێوە و ڕەنگی ئاسایی شووتی زیاتر سەوز و سپییە، ئەو شووتییانەی زیاتر خواستیان لەسەرە، پێویستە شیرین و سوور بن، بەڵام شووتییەکانی ژاپۆن جیاوازن بەهۆی ئەوەی ڕەنگیان ڕەشە، ناوەوەی سوورێکی تۆخە، کە بە (دینسۆك) دەناسرێت و، لە کەنداوی (هۆکایدۆی باکوور)ی ئەو وڵاتە دەڕوێت. دینسۆك شووتییەکی شیرین و بە لەزەتە و، تەنیا لە وڵاتی ژاپۆن دەڕوێت، دەنکیشی کەمە، نرخی کیلۆیەك لەم شوویتە بە (٦) دۆلارە و بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان دەنێردرێت، ئەوەی سەیرە تۆوی ئەو شووتییە تەنیا لەو کەنداوەدا دەڕوێت، دوای چەندین هەوڵ و ماندووبوون تا بتوانن شووتییەکە لە وڵاتانی ئەورووپا و ڕۆژئاوا بچێنن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

## دارە تاقانەکەی دەریاچەی وانەکا






دارە ناودارەکانی جیهان لە هەر شوێنێك بن، وەك نشینگایەك سەیر دەکرێن، بەبێ ئەوەی کەس دەستکارییان بکات بە شێوەیەکی خۆڕسك دەڕوێن، دەریاچەی (وانەکا) یەکێکە لە جوانترین دەریاچەکانی جیهان، دەکەوێتە وڵاتی نیوزیلەندا، کە ئێستا بووەتە شوێنێکی گەشتیاری و خەڵك لە سەراپای وڵاتانی جیهانەوە بۆ گەشتوگوزار ڕوو لەو دەریاچەیە دەکەن و، بە دیمەنە جوانەکانی ئاشنا دەبن، یەکێك لە سەیرترین دیاردەکانی ئەو شوێنە، ئەو دارە تاقانەیەیە کە دەکەوێتە قەراغێکی دەریاچەکە بە ناوی (دارە تاقانەکەی وانەکا) ناسراوە، شوێنی دارەکە هەندێ جار بەهۆی زۆربوونی ئاوەوە دەکەوێتە نێو دەریاچەکە و هەندێ وەرزیش دەکەوێتە لێوارەوە، ئەوەی سەیرە لەو شوێنەدا تەنیا ئەو دارە ڕواوە و هیچ دارێکی دیکە بەدی ناکرێت.










# نمایشی وێنەکێشان و دەسترِەنگینیی کچانی کورد

ساڵانە چەندین بۆنە و، یادەکانی نەورۆز و ئادار لە کوردستان بە گشتی دەکرێنەوە و، وەك نەریتێکی ساڵانەی قوتابخانەکانی کوردستان نمایش و فیستیڤاڵ و بۆنەکان زیاتریش لەلایەن دەسترِەنگینان و خاوەن بیرۆکەکانەوە، لە شوێنە گشتییەکاندا ساز دەکرێن، ئەمساڵیش قوتابخانەی نیلۆڤەری نموونەیی هەڵسان بە کردنەوەی نمایشێکی وێنەکێشان و دەسترِەنگینی بۆ کچانی کورد لە پارکی شانەدەر، نمایشەکە بریتی بوو لە وێنەکێشانی خەڵکی بە شێوەی هەرِەمەکی، هەروەها دەسترِەنگینی لە نەخش و نیگاری جۆراوجۆر لەسەر جەستە و روخساردا و، تابلۆی وێنەی قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە نمایش کرا، مامۆستا (کانی عوسمان) دەربارەی پیشانگەکە گوتی: «ئێمە هەڵساین بە کردنەوەی پیشانگەیەکی هونەری شێوەکاری، کە زیاتر تایبەتە بە کاری زەیتی بۆ پۆلەکانی (١٠ و ١١)، کارەکان جۆراجۆرن، هەندێك قوتابییش بە کاری هێڵکاری و نمایشی جۆراوجۆر بەشدار بوون، پیشانگەکە بۆ ماوەی یەك رۆژە و ساڵانە دەکەینەوە، هەروەها بەشداریی ساڵانەمان لە چالاکییەکانی قوتابخانەکان هەیە، لەم پیشانگەیەدا نزیکەی (٥٠) قوتابی بەشدارییان کردووە و وێنەکانیش بە خۆرایی لە کۆتایی پیشانگەکە وەك دیاری دەدرێتە هاووڵاتیان.

# ناشیرینترین باڵەخانەی جیهان





ئەو ئەندازیارە ناوی (فرانك جێهری)یە، ناوی ڕاستەقینەی خۆی (ئیفرایم گۆلدبێرگ)ە، لە دایكبووی ساڵی (١٩٢٩)ی وڵاتی كەنەدایە، سەرەتای كارەكانی بە چەند باڵەخانەیەك دەست پێ كرد، كە هەرگیز جێگەی قبوڵی خەڵك و دەوروبەری نەبوو، بەهۆی ئەوەی شێوەی دیزانەكانی لەگەڵ جیهانی ئەندازیاریدا نەدەگونجان، تەنانەت تا ئێستاش زۆربەی ئەندازیاران ڕەخنە لە نەخش و دیزاینەكانی دەگرن، ئەو باڵەخانەیە ناوی (ڤێترا)یە و بە یەكێك لە ناشیرنترین و ناشایستەترین باڵەخانەكانی جیهان دادەنرێت، تەنیا لەلایەن خۆیەوە كارێكی پەسند و ناوازەیە، ئەوەی سەیرە ئەو كەسە بە یەكێك لە بەناوبانگترین ئەندازیارەكانی وڵاتی كەنەدا دادەنرێت، كەچی كارەكانیشی بە جۆرێكن كە كەس بە دڵی نییە.

## فیلم

## سەمای سەر شووشە - Dancing on Glass




باس لە ئەكتەرێكی شانۆ دەكات، لەو كاتەی ڕۆڵێكی تازە بەرجەستە دەكات لە وتنەوەی وانەی سەما، تاوەكو جیهانێكی تازە و داهێنان لە سەمادا بەدی بكات، كە وادەكات جیاوازییەكی تازە لە دونیای سەمادا بهێنێتە دی، فیلمەكە لە دەرهێنانی (جۆتا لاناریس)، لە مانگی سێی ئەم ساڵ (٢٠٢٢)كارەكانی تەواو كراوە و، لە ئێستادا لە سینەماكان نمایش دەكرێت، ماوەی فیلمەكە یەك كاتژمێر و (٤٦) خولەكە، لە نواندنی (ماریا پیدرزا، سلیڤیا كاڵ، مۆنا مارتێز، پاولا لاسادا، ئانا ویگنەر)ە.



## كاریكاتێر

لەم كاریكاتێرەدا، باس لە شەوەزەنگی مرۆڤەكان دەكات لە سەردەمی كۆرۆنادا، لە جیاتی جن و خەیاڵی شەوانە، ڤایرۆسەكان لە شوێنی تاریكیدا بەدی دەكرێن.



## میوزیك

**ئەی بی سی دی ئی ئێف یوو - ABCDEFU**

یەكێكە لە گۆرانییە سەركەوتوو و پڕ جەماوەرەكانی میوزیكی ئەمریكی، لەلایەن كچە گۆرانیبێژ (گایلا) گوتراوە، لە جۆری pop rock میوزیكە، تێكستی لەلایەن تایلۆر ڕۆزیلافۆرد نووسراوە و، لەلایەن كۆمپانیای پیتی ناپپی بەرهێم هێنراوە.

**كاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ڕووی پیشەییەوە لە كارەكەتدا چانسێكی باش دێتە بەردەمت، سەركەوتووش دەبیت و دەگەیتە ئامانج، پێویستە زیاتر لە هەمو كاتێك گرنگی بە خۆشەویستەكەت بدەیت و پشتگوێی نەخەیت، چونكە ئەو هەمو كارێك لە پێناو ڕازی بوونی تۆ دەكات.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

كارەكانت بە باشی جێبەجێ بكە و بە شێوازێكی گونجاو داواكاری و خزمەتەكانی خۆت پێشكەش بكە، چونكە توانایەكی زۆر باشت هەیە، لە ڕووی سۆزدارییەوە پەیوەستبە بە خۆشەویستەكەتەوە و لەگەڵیدا ڕاستگۆبە، پێش ئەوەی لەدەستی بدەیت.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەمڕۆ ڕەنگە یارمەتیت پێشكەش بكرێت لەلایەن یەكێك لە هاوكارانتەوە، توانایەكی باش هەیە بۆ ئەوەی كارەكانت بە شێوازێكی گونجاو جێبەجێ بكەیت، هەرچەندە بەهێزبیت، ناتوانیت بەتەنیا هەموو گرفتەكان تێپەڕێنیت، بۆیە پێویستە لەگەڵ خۆشەویستەكەشت ڕاوێژ بكەیت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئارەزوو دەكەیت كاریگەری لەسەر كەسانی دیكە دروست بكەیت و، هەست دەكەیت لە سەنتەری كارەكاندایت و دەتەوێت زیاتر گوێبیستی بۆچوونی كەسانی دیكە بیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە زۆر ڕاستگۆیانە باس لە هەستەكانی خۆت بكە و، ئێستا كاتێكی گونجاوە بۆ نزیكبوونەوە لە كەسی دڵخواز.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ڕۆژێكی نوێ دەبێت بۆت و ڕووداوی نوێ تیایدا روو دەدات، گۆڕانكاریی ئەرێنی لە كارەكاندا روو دەدات و، ڕەنگە سەركەوتنێكی زۆر گەورە بەدەست بهێنێت، لە ڕووی سۆزدارییەوە بە هەمان شێوە، گۆڕانكاریی ئەرێنی روو دەدات، بەڵام ئەگەر هەنگاوێكی هەڵەت ناوە، هەوڵبدە پاشگەز ببیتەوە.


**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەمڕۆ هەندێك ناكۆكیی هەستیار روو دەدات بەهۆی هەندێك بیروبۆچوون و قسەوە، هەوڵ بدە خۆت رزگار بكەیت لە هەمو ئەو كێشە و بەربەستانەی لەسەر ڕێگەت دروست بووە و روبەڕوویان ببەرەوە، ئیرەیی زۆر كاریگەریی نەرێنیی دەبێت لەسەر پەیوەندیی سۆزدارییت.



## پەند و وتە


دیل کارینگی، نووسەر و وانەبێژی ئەمریکی لە ساڵی ١٨٨٨ لە ویلایەتی مەیسووری لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٥٥ لە نیویۆرك کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئیرەیی بردن دەڵێت: دڵتەنگ مەبە بەوانەی کە ئیرەییت پێ دەبەن، بەڵکو بە شتێکی باشی بزانە، چونکە ئەو ئیرەیی و حەسوودییەی ئەوان بۆت، مانای ئەوەیە کە تۆ لەوان باشتریت.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا دوو دیمەن هەن، یەکێکیان چەند داروبارێکە، ئەوەی دیکە روخسارێکە، هەوڵ بدە هەردوو دیمەنەکە بدۆزیتەوە.

بۆ زانیاریت




## protactinium-دیاردەی

لە ساڵی ١٩١٨ زانای ئەڵمانی مایتنر توخمێکی نوێی بە ناوی protactinium، دیاردەی radiationless transition دەدۆزێتەوە، کە گۆڕانی ئاستەوزەی ئەلیکترۆنەکانی ناو ئەتۆمە، بە بێ تیشکدان (فۆتۆن)، بەڵام هیچ پاداشت و پێزانینێك بۆ ئەم کارەی نەکرا، چونکە هەر دوو ساڵ دوای ئەم فیزیازانی فەرەنسی Pierre Victor Auger دیاردەکەی دۆزیەوە و ناوی لێنا Auger effect. لە ساڵی ١٩٣٨ مایتنێر بەهۆی هەڕەشەی نازییەکانی ئەڵمانیاوە ڕوو لە سوید دەکات، دواتر لەگەڵ Hahn لە مانگی جانیوەری ساڵی ١٩٣٢دەست دەکەن بە تاقیکردنەوەکانیان، زنجیرەیەك لە تاقیکردنەوە کە بەڵگە بوون بۆ کردەی ناوکە کەرتبوون، مانگێك دواتر مایتنێر ئەنجامەکانی بڵاوکردەوە، و لەگەڵ ئامۆزا فیزیاییەکەیدا otto frisch ناوی ناوکە کەرتبوونیان nuclear fission لە پرۆسەکە نا، هەر ئەمەش وا لە زانایەکی وەکو ئەلبێرت ئەنیشتاین دەکات کە بە پەلە نامەیەکی ئاگەداری بۆ فرانکلن رۆسڤێلت سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا بنوسێ و، لە دواییدا پرۆژەی ئەتۆمی نهێنی مەنهاتن بێتە کایەوە. لە ساڵی ١٩٤٤ هاوەڵی مایتنێر Otto Hahn خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا، بەڵام مایتنێر پشتگوێ خرا، لە ڕاستیدا Hahn بە هیچ شێوەیەك ناوی مایتنێر ئاماژە پێنادات لە کارەکەیدا، بەشێکی لەبەر ئەوەی کە ئافرەت بوو (لەو کاتەدا زۆربەی زانکۆکان بۆ ئافرەتان قەدەغە بوون) و لە لایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی کە مایتنێر لە خێزانێکی جوولەکە بوو و، زۆر شانازیشی پێوە دەکرد. لە پاداشتی کارەکانیدا، لە خشتەی خولیدا جگە لەو توخمەی خۆی دۆزیویەتیەوە، توخمێکی دیکە هەیە ناوی Meitnerium ی لێنراوە.

## ئۆتۆمبێل - Cars

### جوولەی ئۆتۆمبێل چۆن جوولە دەکات

سەرەتا دەبێت (engine) بزوێنەری ئۆتۆمبێلەکە ئیش پێ بکرێت، ئەوەش بە بەنزین، یان گازوایل ئیش دەکات، ڕێڕەوێك هەیە کە بەنزین لە (fuel tank) دا دەڕوات بەرەو بزوێنەر، پاش ئەوەی هەوا و بەنزینەکە تێکەڵ دەبێت و دێتە ناو بزوێنەر، لەوێ سووتان دروست دەبێت، لە ئەنجامی ئەو سوتاندنە وزەی کیمیایی، یان (Heat energy)لەسەر پستۆن وا دەکات پاوەرێك دروست ببێت لە ژووری سووتان، کە پێی دەگوترێت (indicated power)، بەمەش جوڵە دروست دەکات، ئەو جوولەیە دەدات بە کرانك شەفت، لە کرانك شەفتەوە بۆ گێڕبۆکس، لە گێربۆکسەوە بۆ تایەکان، بەو شێوەیە ئۆتۆمبێلەکە دەڕوات، بەڵام لە سەرەتادا ئۆتۆمبێل بە کرداری سوتان زەبرێکی ئەوتۆی نابێت کە جووڵە دروست بکات، بۆیە پێویستی بە وزەیەکی کارەبایی دەبێت، ئەم کردارەش بە ناردنی تەزووی کارەبایی دەبێت لە پاتریەوە بۆ مۆتۆری ستارتەر، کە ئەمیش لە ڕێگەی دیشلییەوە بە فلای ویلەوە بەستراوە، کاتێ سلف لێ دەدرێت ئەوا ڕێگە دەدرێت تەزووی کارەبایی بە ماتۆرەکە دا بڕوات و، سەرەنجام فلای ویل کرانك شەفت دەخولێنێتەوە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

گفتوگۆی بێبایەخ و بێسوود زیانی هەیە و کاریگەری باشی نابێت لەسەر کارەکانت، ئەگەر دەتەوێت لایەنی سۆزدارییت بەهێز بکەیت، ئەوا دەبێت زیاتر بوونی خۆت بسەلمێنێت لە پێناو گەیشتن بە ئامانج، ئەگەر هەست بە ئازارێکی زۆر کرد، دەبێت سەردانی پزیشك بکەیت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەمڕۆ کاتێکی گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانت و خۆئامادەکردن بۆ ڕاوێژکردن و وردبونەوەی لە هەندێك کاری گرنگ، لە لایەنی سۆزدارییەوە ئەگەر هەستت کرد سەرکێشی دەکەیت، یان دەکەویتە هەڵەوە، دەبێت ئاگاداربیت و واز لە توندی و تووڕەبوون و بێتاقەتی بهێنیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پێویستە بە هێز و تواناوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکە بکەیت، چونکە ڕەنگە کەسانێك بەشێوەیەکی کتوپڕ بەرەنگارت بنەوە و تووشی شۆکت بکەن، هەوڵ بدە نەکەویتە ژێر کاریگەریی ئەو دەنگۆیانەی کە هەیە، چونکە هەندێکیان تەنیا دەیانەوێت پەیوەندیی سۆزداریت تێك بدەن.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەمڕۆ ڕەنگە ڕاوێژت پێ بکرێت تا بەشداری لە فرۆشتنی موڵکێك بکەیت، یان ڕەنگە کارێکی نوێ دەست پێ بکەیت و سەردانی شوێنێك بکەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە ژیرانە ڕەفتار بکە و خۆت بە گفتوگۆی بێ سوودەوە سەرقاڵ مەکە، لە ساتە سەختەکانتدا هەندێك لە کەسە دڵسۆزەکان پشتیوانیت دەکەن.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لە کارەکەتدا دەگەیت بە پێگەیەکی نوێ، یان قۆناغێکی نوێ، داهاتوویەکی باش چاوەڕێت دەکات و پێویستە پارێزگاری لە ئامانجەکانت بکەیت، هەوڵ بدە شێوازی قسەکردنت لەگەڵ خۆشەویستەکەت گونجاو و شیرین بێت، چونکە کەسێکی زۆر باش و میهرەبانە بۆت.




### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بەهۆی ئەو بیرۆکە باشانەی پێشکەشی دەکەیت، بەتایبەت لەم دواییانەدا، ڕەنگە گۆڕانکاری ڕوو بدات لە ژیانی پیشەییتدا، هەوڵ بدە پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت لەسەر بنەمای متمانە بێت، بۆ ئەوەی پەیوەندیتان بە بەهێزی بمێنێتەوە و بەردەوام بێت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan May 9, 2022 Issue,No.1315


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626